# فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە
# لە دێکارتەوە تا هایدگێر

بێرتران ڤێرژۆلی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە

## لە دێکارتەوە تا هایدگێر

نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی

وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی



ناوی کتێب: فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر
نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی
وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٥٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا و هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: حاجی دلاوەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (١١٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە

## لە دێکارتەوە تا هایدگێر

نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی[١]

فەلسەفەی مۆدێرن بریتییە لەو بزووتنەوە فیکرییە مەزنەی کە لە دێکارتەوە تا هایدگێر، مەبەستی نە دووپات کردنەوەی بیرمەندانی پێشوو، بەڵکو هەڵسەنگاندنی شتەکانی جیهانە بەشێوەیەکی ئازاد و شەخسی، بۆ ئەوەی مرۆڤ جیهان بناسێ و ژیانی خۆی بەڕێوەبەرێ.

لەبەر ئەو لایەنە ئازاد و خۆیەتیە (شەخسی)، بیری نوێ دژی هەر چەشنە نرخاندنی پێش وەخت و ئاوەدنگی گشتییە، چونکو هەمووی ئەوانە کۆسپ دەخەنە سەر ڕێی گەیشتن بەرێبازێکی عەقڵی و خوڵقێنەر. هەر بۆیە شوێن شوێنی ئەو ڕێبازە پڕە لە قەیران، تێکۆشان، و بگرە لە دابڕان. هەڵبەت، هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندییە، بیری نوێ ڕووی لە داهاتووە و هەمیشە ئاوەڵەیە بۆ هەر چەشنە وەدیهێنان و فکری نوێت و نوێ. بۆیە، پێوانی ئەو ڕێبازە پێویستی بەدۆزینەوە، تێکۆشان و ئازادییەکی بێ وێنە هەیە. هەرچەندە، مەبەستی ئەو پەرتووکە ئەوەیە کە تەنیا پێشەکییێک بێ بۆ مێژووی فەلسەفەی نوێخوازی، بەڵام خوێنەرێک کە حەز دەکات لەم بزووتنەوە دەوڵەمەند و دژوارە تێ بگات، دەتوانێ هێندێک خاڵ بۆ حاڵیبوون بدۆزێتەوە. لە ئاست وەدەرکەوتنی هزری نیسبی بوونی (ڕێژەیی) شتەکانی گێتی، بیری نوێ خۆی چۆن نیشان دا؟ بۆچی ئەم بیرە توانی ژیانی ڕامیاری وەئاڵوگۆڕ خات؟ مۆدێرنیتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و گێتیی چۆن گۆڕی؟ دونیای ئەمڕۆکەی ئێمە چۆن ئێستاش تێدەکۆشێ ئەم بارە و باربوونە ڕابوێرێ؟ ئەم چەند پرسیارە خاڵەکانی سەرەکی ئەو پەرتووکە پێک دێنن. ئەمڕۆکە جیهانی نوێ، بەئاڵوگۆڕێک کە بەسەری



دادێ، گەلێک پرسیاری هەمیشەیی دەخاتە ئاراوە وەک مرۆڤ چییە؟ چ مانایەک دەتوانین بەژیان بدەین؟ بۆیە بیرکردنەوە لەسەر مۆدێرنیتە کارێکی زۆر پێویستە، چونکو بەم کارە لە ڕاستیدا بیر لە داهاتووی خۆمان دەکەینەوە.

ئاگاداری: فەلسەفەی نوێخوازی دەوڵەمەند و لەهەمان کات دژوارە. بۆ یارمەتیدانی خوێنەر، ئەو کتێبە هەوڵی داوە بەشێوەیەک بچێتە پێش کە دەگەڵ پەرەپێدانی بابەتەکان سازگاربێ.

### نوێخوازبوون:

تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە[٢]، بەر لە هەموو شتێک یانی حاڵیبوون لەو ڕاستییەی کە مۆدێرنیتە شێواز[٣]نییە، بەڵکو بەشێوازبوونە (خاوەنی شێواز بوونە)

### کێشەی پێناسە:

پێناسەکردنی مۆدێرنیتە بەوردی کارێکی دژوارە چونکە ئەو چەمکە هەمیشە لە گۆڕاندایە. بەڵام دەتوانین بڵێین مۆدێرنیتە خاوەنی سێ خاڵی تایبەتییە: مۆدێرنیتە، بەر لە هەموو شتێک، هەستێکی ئازایانەیە لە بیرکردنەوە، پاشان چەشنێک جوانناسییە لە خوڵقاندن، وە ئاخرێکەی، مۆدێرنیتە بریتییە لە ئاواڵەبوون بۆ هەر چەشنە بزووتنەوەیەک. با ئەو سێ خاڵە شی بکەینەوە.

### هەستێکی ئازایانە لە بیرکردنەوە

فەلسەفەی نوێ لە چەرخی حەڤدەیەم و دەگەڵ دێکارت[٤] دەستی پێ کرد، کاتێک ئەو بەهەڵسەنگاندنی شتەکانی جیهان بەشێوەیەکی ئازاد و شەخسی توانی بناغەکانی ناسین نوێبکاتەوە. دێکارت بۆی دەرکەوت بوو ئەو بەبیری قوتابخانەیی[٥] بار هاتووە. بیری قوتابخانەیی لە ڕاستیدا زۆر کەم خوڵقێنەر بوو و تەنیا بریتی بوو لە دووپاتکردنەوەی زانستەکانی پێشوو.

ئەو کارەی دێکارت یانی بیرکردنەوەی سەربەخۆیی شەخسی کارێکی تەواو

نۆت و نوێ بوو، چونکو بەرازی نەبوون بەدووپات کردنەوەی کارە کۆنەکان و ئاودەنگی گشتی، دێکارت هەڵسوکەوتێکی نەترس و، تازە و ڕەسەنی ئەنجام دا بوو. بیرکردنەوەی سەربەخۆ و تاکی کارێکی سووک و ئاسان نییە و ویرانی دەوێ. مرۆڤ دەبێ خۆی لە قەرەی تەنیایی بدات و لە ئۆقرەی بڕواکانی کۆمەڵ پەسەند خۆی بپارێزێ. کەسانێک وەک دێکارت کە ئەو کارەیان کرد و، خۆیان خستۆتە مەترسییێکی ڕاستەقینە. هەر بۆیە هەروەک هیگڵ[٦] (١٧٧٠-١٨٣١) دەڵێ: دێکارت قارەمانی مۆدێرنیتەیە.

**مۆدێرن بوون: بیرمەندانی مۆدێرن ئەو کەسانەن کە بەدوای شتی تازەدا دەگەڕێن، گەڕان بەدوای شتی تازەش یانی خوڵقاندن و وەدیهێنان، جووڵانەوە و تێکۆشان بەرامبەر ئەو شتانەی ڕاوەستاو، نە بزووت و دووپاتە کارین.**

## جوانناسیێک[٧] بۆ خوڵقاندن

وشەی مۆدێرنیتە، وشەی مۆدی[٨] تێدایە. بەگشتی مۆد وەک دیاردەیەکی شکڵی چاوی لێدەکرێ. مۆدە (ئالا مۆد[٩]) کەسێکە تازەترین بابەتەکان پەسەند دەکا. بەڵام مۆد شتێکی زۆر قووڵترە. هەروەک بیریاری مەزنی هاوچەرخ ڤلادیمیر ژانکێلیێڤیچ (١٩٨٥ - ١٩٠٣) دەڵێ: لەنێو وشەی مۆد بیری شێوەیەک بەدی دەکرێ. مۆد کە بەمانای چۆنێتی شتێکە، هەروەها شێوەی بوونی ئەو شتەیە، یانی شێوازێک کە ئەو شتە دەتوانێ خۆی دەرخا. بوون بێ شێوازی بوون مانایەکی نییە. بۆیە، چەشنێک قووڵایی دەرکەوتن هەیە. شارڵ بۆدلێر[١٠] (١٨٢١ - ١٨٦٧) لەو شتە حاڵی ببوو. بۆیە لایەنەکانی حیسی و دەرکەوتووی جیهان سەرنجی وی بۆ خۆی ڕاکێشابوون.

**ئەی مەرگ، مەلەوانی پیر!**
**کاتی هەڵگرتنی لەنگەرە،**
**ئەو وڵاتە وەڕەزی کردوون، ئەی مەرگ! با خۆمان ئامادەی سەفەر کەین،**
**ئەگەر ئاسمان و دەریا ڕەشن وەکو جەوهەر،**



**دڵەکانمان دەناسی، دەدرەوشێنەوە وەکو گەوهەر.**
**ژاری خۆتمان بۆ بڕێژە تا دڵخۆشیمان داتەوە!**
**چەند خۆشە ئەو ئاورە مێشکمان بسووتێنێ،**
**چەند خۆشە بچینە ناو گۆم، جەهەندەم بێ یان ئاسمان گرینگ نییە!**
**بچینە ناخی نەناسراو بۆ دیتنەوەی شتی تازە.**
**«بۆدلێر - گوڵەکانی نەخۆشی[١١]»**

دوای بۆدلێر، تەواوی مۆدێرنیتە دەستی کرد بەتۆژینەوەی بەشی دیاریکراو و ڕوخساری شتەکانی گێتی، چونکو ڕازی جیهانی خوڵقاو لە سەرەوەی قووڵایی دایە. پۆل ڤالێری[١٢] (١٨٧١-١٩٤٥) لەمەڕ ئەو خاڵەی مۆدێرنیتە دەڵێ: «قووڵترین شت لە وجوودی مندا، پێستی منە». خوڵقاندن یانی ئاشکراکردن و هێنانە سەرەوەی ئەو شتەی نهێنییە. بەم جۆرە، دونیای مۆدێرن دەستی کرد بەهەڵگوتن بەسەر دیمەن، فەزا و ڕووناکایی.

## ئاواڵەی بزووتنەوە بوون

«بزووتن» خاڵێکی دیکەی مۆدێرنیتەیە کە گرینگییەکی تایبەتی هەیە. مۆدێرن بوون یانی لە بزووتدا بوون و کراوە بوون بەڕووی دونیا، نەک بەستراوە و ساکن، یان لە خۆ چەمینەوە. ئەم هەڵوێستە پەیوەندی دەگەڵ ئازادییەوە هەیە و نەمازە لە هزری خوڵقاندن و وەدیهێنان سەرچاوە دەگرێ، چونکە هەر چەند داهێنانێک پێویستی بەنۆکردنە و لە ئاکامدا بەبزووتنەوەیە. هەر بۆیە، بۆ ئەو کەسەی چاوی دیتنی هەیە، ئەم جووڵانەوەی شتان تێک دەدا، دەشتوانێ هێزی ڕێکخستنیان بداتێ! ژیان لە شێواوی شتەکانی عالەم دەست پێ دەکا، هەر وەک چۆن لە ڕواڵەتی شتەکانیش دایە یانی لەو شوێنەی هەموو شتێک ئاشکرا دەبێ.

کەڵکی مۆدێرنیتە ئەوەیە کە هەوڵ دەدا ئەم مەبەستەمان تێ بگەیەنێ! بەمجۆرە، نوێخوازبوون یانی هەستی تیژی ژیان لە سایەی نیگایەکی زیندوو

بەژیاندا. هەڵبەت ئەو کارە بەڕواڵەت زۆر ساکارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر دژوارە.

**تایبەتی مۆدێرنیتە، هەبوونی هەستێکی ئازایانە لەبیرکردنەوە، چەشنێک جوانناسی وەدیهێنان و ئاواڵەبوونە بۆ بزووتنەوە.**

## سێ تەوەرەی مۆدێرنیتە

بۆ تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە، دەبێ چەند خاڵی بنەڕەتی مێژووی ئەم ڕێبازە وەبەرچاو بگرین.

## سێ ڕووداوی مۆدێرنیتە

مرۆڤ، عەقڵ و ئازادی کە سێ بابەتی تایبەتی بیری مۆدێرنن، وردە وردە و بەدوای هێندێک گۆڕانکاری مەزن لە مێژوودا سەریان هەڵداوە.

## مرۆڤ

تایبەتمەندی بیری کۆن ئەوە بوو کە سروشتی وەک یەک گێتی[13] یانی وەک دەزگایەکی ڕێکوپێک وەبەرچاو دەگرت کە دروستکراوی خوداکانە. هەر بۆیە، ئەم بیرە لە ئاست دونیادا هەڵوێستێکی ڕوانینی (واتە تەماشاکەرانەی) دەگرت، چونکو گێتی وەک شاکارێکی هونەری بێ کەمایەسی دەزانی کە هیچ پێویستێکی بەتەکمیل نەبوو. دەگەڵ دەرکەوتنی دونیای مۆدێرن، ئەم هەڵوێستە ئاڵوگۆڕی بەسەر داهات. لە نیوەی دووەمی سەدەکانی ناوەڕاست (لە چەرخی دەیەم تا چەرخی پازدەمی زایینی) کە وەک سەردەمی پێکهاتنی نائاشکرای مۆدێرنیتە دەناسرێ، ئایینی مەسیحییەت بەدەرخستنی ئەو فکرە کە بێ خەوشی و ناکەمایەسی نەک لە سروشت بەڵکو لە زاتی خوڵقێنەری سروشت دایە، بیری خودایی بوونی سروشتی تێک شکاند. بەم جۆرە، جیهان واقیعییەتێکی کامل نییە، بەڵکو دەبێ تەواو بکرێ. کە وابوو گرینگ ئەوەیە دونیا بگۆڕین، نەک هەر سەیری بکەین. لە سەردەمی ڕێنسانس[14] (سەدەکانی پازدە و شازدەی زایینی) و بەهاتنە مەیدانی مەزهەبی



پرۆتێستانتیسم[15]، لۆتێر[16] (١٤٨٣ - ١٥٤٦)، دامەزرێنەری ئەم مەزهەبە بیرێکی نوێی خستە ئاراوە: ئیمان لە ڕێی خوڵقاندنی ئاسەوارەکان پێک دێت. مرۆڤ بەپەروەردەکردنی ئەو ئیستیعدادەی خودا پێی داوە، لە ڕاستیدا شوکری بارەگای یەزدانی دەکا. ئیش، کردەوە و هەروەها پێش دەستی لە خوڵقاندن دەبنە بایەخەکانی هەرە گرینگ. وەک ئەرکێکی سەرەکی، مرۆڤ دەبێ خۆی بخاتە مەیدانی تێکۆشان.

## عەقڵ

سەردەمی ڕێنسانس بەهاندانی مرۆڤ بۆ تێکۆشان، یارمەتی عەقڵی مۆدێرنی دا بێتە کایەوە. فیلسۆفەکانی یۆنانی کۆن و بەتایبەت ئەفلاتوون[17] (٣٤٨ - ٤٢٨ پێش زایین) ئەوەیان بەدونیا سەلماندبوو کە عەقڵ بریتییە لە چەشنێک پەیوەندی نێوان گێتی و مرۆڤ، پەیوەندێک کە هەڵبەت لە سایەی پێوان و ڕێژەی شتەکان پێک دێت. دەگەڵ هاتنی ڕۆنە دێکارت (١٥٩٦ - ١٦٥٠) لە چەرخی حەڤدەم، زاراوەی عەقڵ مانایەکی قووڵتر دەگرێ. ئەو فیلسۆفە هەوڵ دەدا بناغەیەکی قایم بۆ ناسین بدۆزێتەوە، ئەم بناغە قایمە دێکارت لە ناخی وشیاری خۆیدا دیتیەوە! دێکارت لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤ بۆ وجوودی خۆی ڕاستە و دەتوانێ دڵنیابێ کە شتان دەناسێ، چونکو مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێ بناسێ کە بۆ خۆی لە ڕاستی شتەکان دڵنیابێ.

## ئازادی

ڕێنسانس دوای هێنانە مەیدانی دوو مەفهوومی مرۆڤ و عەقڵ، ڕێگای بەئازادی دا بێتە کایەوە، ئازادییەک کە مۆدێرنیتە داوای دەکا، بەر لە هەموو شتێک بریتییە لەو هەستە بەرزەی کە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (١٧٨٩) بۆ ئازادکردنی مرۆڤایەتی لە سێ چەشنە چەوسانەوە (هەژاری، کۆیلەتی، نەزانی) دەری خست، چونکو ئەم سێ زنجیرە پێش ئەوە دەگرن کە ئازادی بتوانێ مافەکانی خۆی بەتەواوی دابین بکا. لەلایەکی دیکەش، ئازادی بریتییە لە کارێکی قووڵ لەسەر ئینسان بۆ ئەوەی بتوانێ هێزە نهێنییەکانی خۆی دەرخات

و بەم جۆرە، حەقیقەتی دەروونی خۆی بۆ ئاشکرابێ.

**دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، بیر و یاسای ماف لە پڕدا هاتنە مەیدان و خانووی کۆنی زوڵمیان لە کۆمەڵدا ڕووخاند. بەم جۆرە، دەستوورێکی بنەڕەتی لەسەر یاسای ماف دامەزرا و لەوە بەم لاوە، هەموو شتێک دەبێ لەسەر ئەو بناغەیە بێ. لەوەتی ڕۆژ لە ئاسمانە و سەیارات بەدەوریدا دەگەڕێن، هیچ کاتێک نەبیندرابوو کە ئینسان سەری بۆ لای خۆ خوارکاتەوە یانی لەمەڕ خۆی بیرکاتەوە و واقیعییەتی نوێ پێک بێنێ. ئاناکساگۆر[١٨] یەکەم فیلسۆف بوو کە گوتی (ئەندێشە) جیهان بەڕێوە دەبا. تەنیا لە سەردەمی ئێمەیە کە مرۆڤ بەوە گەیشتوە کە ئەندێشە دەبێ دەسەڵاتداری بکات. شۆڕشی فەرەنسا لە ڕاستیدا هەڵاتنی بەشکۆی ڕۆژ بوو و هەموو بیرمەندان ئەم ڕووداوەیان جێژن گرت. سۆزێکی بەرزی فکری لەو سەردەمەدا مرۆڤی وەتەکان خست، هەر دەتگوت لەو ساتەدا یەزدان دەگەڵ دونیا ئاشت بۆتەوە. (هیگڵ – فەلسەفەی مێژوو)**

کانت[١٩] (١٧٢٤ – ١٨٠٤) دەڵێ: ئازادی هێند گرینگە کە ئاشکرابوونی بایەخەکانی وەک مرۆڤ، عەقڵ و بگرە ئازادییش پێویستیان پێیەتی. ئەگەر لە کانتیان پرسیبایە چ مانایەک بۆ فەلسەفەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە قایلە، بێگومان وەڵامی ئەوە دەبوو: وێران. بوێری بیر بکەیەوە، بوێری بۆ خۆت بی، بوێری ئینسان بی!

## لە دونیای داخراو تا گێتی بێ سنوور

دۆزینەوەی بیری نیسبی بوونی[٢٠] شتەکان، زۆر کاریگەر بووە لە سەر وەدیهێنانی بیری مۆدێرنیتە.

## دۆزینەوەی وشکانی ئەمریکا

مۆدێرنیتە یانی چەشنێکی تایبەتی لە بوون، کە زیندوو و ئازایانە بێ. هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم ڕێبازە بە یەک شەو دروست نەبووە و ناوەڕۆکی پووچ نییە. بۆ تێگەیشتن لەو شتە، دەبێ بگەڕێینەوە سەر ڕەچەڵەکانی مۆدێرنیتە. نابێ ئەو شتە زۆر گرینگەمان لەبیر بچێ کە تەواوی مۆدێرنیتە بریتییە لە تێکۆشانێکی بێ وچان بۆ وەڵامدانەوە بۆ کێشەیەک کە دوای دۆزینەوەی نیسبی بوونی شتەکان ساز بوو. لە پێش هەموو شتێکدا، دەتوانین بڵێین کە بەسەرهاتی نوێخوازی کاتێک دەستی پێ کرد کە کریستۆف کۆلۆمب[٢١] (١٤٥١ – ١٥٠٦) لە ساڵی **١٤٩٢** وشکانی ئەمریکای دۆزییەوە! ئەو ساڵە ڕۆژاوا بەسەرسوڕمانەوە تێگەیشت کە ئەو لەو جیهانەدا تەنیا نییە! لە دەوروبەری ئەودا، فەرهەنگی دیکەش هەن کە قەوارەیان وەک هی خۆی ڕێکوپێک و تەکووزە، با بناغەشیان یەک نەبێت! بۆیە تەنیا مەسیحی بوون و ڕۆژاوایی بوون ناتوانێ کەسێک بخاتە جەرگەی شارستانییەت. کەوابوو لەمەودوا، ئینسان بوون چ مانایەک دەگرێتەوە؟ بیرێکی وا دەبێ لەسەر کام بناغە بنیات بنرێ؟ «وتەکانی[٢٢] مۆنتێن[٢٣] (**١٥٣٣ – ١٥٩٢**) ئاوێنەی ئەو دڵە خورپەیەن. لە ڕاستیدا، مۆنتێن وەک بلیمەتێک هەوڵ دەدا ئەم دڵە خورپەیە وەک هێزێک بسەلمێنێ. تۆ بڵێی چەند دونیامان هەبێ؟ یان چەند حەقیقەت؟ مانای ئەمە ئەوەیە کە هەموو شتێک لە جووڵانەوە دایە یانی زیندووە. کەوابوو فێربین لە بزووتنەوەی شتەکان تەکووزێکی دیکە ببینین، نەک شێواوی.

**ئیلاهیات[٢٤] (یان کەلام) بۆ خۆی زانستێکە، بەڵام بەڕاستی چەند زانستمان هەیە؟ ئینسان گشتێکە، بەڵام ئەگەر هەڵیوەشێنییەوە چی (ئاناتۆمی بکەی)؟ سەر، دڵ، گەدە، دەمارە، هەر پاژی ڕەگێک، خوێن، هەر حاڵەتێکی خوێن؟**

**هەر شارێک یا دێیەک لە دوورەوە شارێکە و دێیەکە. بەڵام کە لێیان نێزیک دەبییەوە، دەبینی پێکهاتوون لە خانوو، لە دار، خشت، گەڵای دار، گیا، لاقی مێروولە... تەواوی ئەوەیان نێو ناوە لادێ یان شارستان. (پاسکال[٢٥] – ڕامانەکان[٢٦])**

## کۆبوونی دونیاکان

بەهۆی گەڕانی پاپۆڕەکان بەدەوری عەرددا، ڕۆژاوا تازە لە نیسبی بوونی فەرهەنگەکان گەییبوو، کە ڕووداوێکی تر هەژاندی: لە وڵاتی ئیتاڵیا، گالیلە[٢٧] (١٥٦٤ – ١٦٤٢) یەکەمین دووربینی ئەستێرانی دروست کرد کە دەیتوانی ئاسمانی بێ سنووری پێ تەماشا بکا. لە ساڵی ١٦٠٤، لە وڵاتی هۆڵەند، یانسێن[٢٨] بۆ جاری یەکەم، زەڕەبینێکی دروست کرد کە شتی زۆر وردی پێ ببینێ. ئاکام: ئەو شتەی بەچاوی ئاسایی دەبیندرێ، تەنیا گۆشەیەکی زۆر چکۆلەیە لەو شتانەی دەتوانی ببیندرێ. لە پشت دەرگای دونیا، زۆر دونیای دیکە هەن. کەوابوو زۆر پرسیار دێنە ئاراوە: دونیا لەکوێوە دەست پێ دەکات؟ لە کوێ تەواو دەبێ؟ ئەگەر بێتوو دونیای ئێمە و دونیاکانی دیکە بێ سنوور بن چ دەبێ؟ ئەم پرسیارانە هێند گرینگ بوون کە سەرسام هێنەریان بەدواوە بوو. پاسکال لە کتێبی خۆی بەناوی (ڕامانەکان) نووسی: «بێدەنگی بێ برانەوەی ئەم شوێنە بێ سنوورانە دەمترسێنێ!» کەوابوو جێگایەکی قایم کە دەستی پێوە بگرین، لە کوێ پەیدا کەین؟

## پێرسپێکتیو[٢٩] لە نەققاشی دا

ڕووداوێکی سێیەمیش دەوری گێڕاوە لە پەیدابوونی بیری نوێخوازی. لە وێنەگەری (نەققاشی)، بەتایبەتی دوای ئاسەوارەکانی ئالبێرتی[٣٠] (١٤٠٤ – ١٤٧٢)، مرۆڤ دۆست و میعماری ئیتاڵیایی، وێنەگەران توانیان بەیارمەتی شێوازێک بەناوی پێرسپێکتیو دونیای ڕاستەقینە لە قالبی شێوازی (چاوخەڵەتێن)[٣١] نیشان بدەن. لەو شێوازەدا، وێنەکێش هەوڵ دەدا نیگای بینەر بەنێو تابلۆدا بەشکلی چەند خاڵی پێک گەیشتوو، بگونجێنێ. ئەم شێوازە چونکو ماوە بەوێنەکێش ئەدا دونیایەکی خەیاڵی نێزیک لە واقیعییەت دروست کا، سنوورەکانی جیهانی واقیعی تێک شکاند. شیوازی پێرسپێکتیو، هونەری ئانامۆرفۆز[٣٢]، کە بریتییە لە کێشانەوەی هێندێک وێنەی پێچاوپێچ کە تەنیا بەئاوێنە دەبیندرێ و هەروەها دروستکرانی یەکەمین ئۆتۆماتەکان (ماشینی



خۆیزوێن[٣٣]) بەتەواوی سنوورەکانی جیهانی بینەریان شکاند. بۆیە بینەری ئەو سەردەمە ئەم پرسیارانەی لەخۆی کرد: دونیای ڕاستەقینە لە کوێوە دەست پێ دەکا؟ گومان لە کوێ تەواو دەبێ؟ ئەگەر ژیان تەنیا خەونێک بێ چی؟ مۆدێرنیتە هەوڵ ئەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

**کاتێک زۆر لاوین یان زۆر پیرین ناتوانین شت بەدروستی هەڵسەنگێنین. ئەگەر بەجۆری پێویست بیر لە شتێک نەکەینەوە یان ئەگەر زۆری بیر لێکەینەوە، ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە لە تافی لاوێتیدا کەللەڕەقین و لە سەردەمی پیری هۆگری ئەو کارەین، ئەگەر دوای خولقاندنی ئاسەوارێک یەکسەرە چاوێکی لێ بخشێنین هەستێکی زۆر گەوجانەمان لە بارەیەوە دەبێ. ئەگەر دوای ماوەیەکی زۆر، سەرنجی بدەینێ، سەری لێ دەرناکەین. وەک ئەوە وایە تابلۆیەک لە زۆر دوورەوە یا زۆر نێزیکەوە تەماشاکەین. لە هەردوو باردا، ئەو شتەی نابیندرێ، حاڵەتی ڕاستەقینەی تابلۆکەیە. خاڵەکانی تر زۆر نێزیکن یا زۆر دوورن، زۆر لە سەرەوەن یا زۆر لە خوارەوە! لە هونەری وێنەکێشان (نەققاشی)دا شێوازی پێرسپێکتیو ئەو خاڵە ڕاستەقینەیە نیشان ئەدا. ئەی لە بواری حەقیقەت و ئەخلاقدا، ئەم خاڵە ڕاستەقینەیە چۆن نیشان دەدرێ؟ (پاسکال – ڕامانەکان)**

## دێکارت و کۆژیتۆ[٣٤] (من بیر دەکەمەوە، کەوابوو هەم)

لە بەرامبەر نیسبی بوونی شتەکانی جیهان، دێکارت دوو کۆڵەکەی دۆزیەوە: زەینی وشیار لە وجوودی خۆیدا و خودا لە دەرەوەی ئەودا.

## کێشەی گێرسانەوە

پاش خویابوونی نیسبییەتی فەرهەنگەکان و دەرکەوتنی وردترین و گەورەترین (دوای دروستکرانی دووربین و زەڕەبین) و، دۆزینەوەی شێوازەکانی جۆراوجۆری بەخەیاڵ دەرهێنانی سروشت، چەرخەکانی شازدە و حەڤدە بەتەواوی شڵەژان. هەر بۆیە پرسیارێک هەمیشە سەرنجی بیرمەندانی ئەو سەردەمەی بۆ خۆی

ڕاکێشاوە: بڵێی لە جیهاندا شوێنێک یان نوختەیەک هەبێ مرۆڤ بتوانێ خۆی پێوە بگیرسێنێ؟ لە دونیای لە حاڵی جووڵاندا، ئەم بیرمەندانە هەوڵیان ئەوەبوو لە بوونی شتێکی پتەو قایم دڵنیابن.

**بۆ دەرهێنانی تۆپی زەوی لەسەر جێی خۆی و بردنی بۆ جێیەکی دیکە، ئەرەشمیدۆس تەنیا داوای نوختەیەکی دەکرد کە گیرساو و سەقامگیربێ. بۆیە، منیش مافی خۆمە هێندێک هیوای بەرز لە دڵی خۆمدا بەخێوکەم، بەو مەرجەی هێندە بەختەوەر بم کە شتێکی قایم و گومان هەڵنەگر بدۆزمەوە. (دێکارت – ڕامانی میتافیزیکی[٣٥])**

## زەینی وشیار[٣٦]: کۆڵەکەی ژووری

ئەو بۆچوونە کە هەموو شتێکی دونیای بەنیسبی دەزانی دێکارتی نەترساند. شتێک کە ئەوی توورە کرد، قورسایی میراتی قوتابخانەیی بوو لەناو قوتابخانە و زانکۆکاندا.

بەجێی ئەوەی قوتابی هەوڵ بدا بۆ خۆی پرسیارەکان و وەڵامەکان بنرخێنێ، ڕێبازی مەدرەسەیی[٣٧] (قوتابخانەیی) وای قوتابی بار دێنا کە تەنیا وانەکانی ئەرەستوو[٣٨] دووپات کاتەوە یان هەموو دەمی خۆی بۆ یا دژی هەموو شتێک ڕابوێرێ. بۆیە، دڕدۆنگێک کە لە ئەنجامی نیسبی بوونی تەواوی شتەکان و دیاردەکانی دونیا خویا ببوو، بۆ دێکارت زۆر بەکەڵک بوو بۆ خاوێنکردنەوەی مێشکی و گەڕانەوەی بۆ هێندێک ڕاستی. هەڵبەت، دڕدۆنگی دێکارت زۆر لە هەڵوێستی شک باوەڕان دوور بوو چونکو ئەوان شکیان تا ئەوپەڕی خۆی پەرە پێدا. دێکارت دەڵێ: ئێمە دەبێ لە هەموو شتێک شک بکەین، جگە لە ڕاستی بیرکردنەوە چۆن شک کردنیش بیرکردنی پێویستە!

**بێگومان، من وجوودم هەیە ئەگەر بڕوایەکی وام بێ یان بیرم لە شتێک کردبێتەوە. بەڵام فێڵبازێکی بەهێز لە دەروونی من هەیە کە هۆشی بۆ فریودانی من دەخاتە کایەوە. فریو خواردنی من بەم هۆیەوە، بێ شک نیشانەی ئەوەیە کە من هەم. با هەر چەند جارێک پێی خۆش بێ شک هەڵم خەڵەتێنێ، بەڵام تا**



**ئەو کاتەی بیر دەکەمەوە کە شتێکم، ئەو هەڵخەڵەتاندنە بەهیچ جۆرێک ناتوانێ ببێتە لەمپەری بوونی من. بۆیە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر لەو بارەوە و نرخاندنی هەموو شتێک بەوردی، دەبێ لە ئاکامدا بەهەڵوێستێکی قایم بگەین. هەموو جارێک کە ڕستەی «من هەم، من وجوودم هەیە» بەسەر زارم یان بەفکرم دادێ، پێویستە بۆ من ببێتە شتێکی ڕاستەقینە و بێگومان. (دێکارت – ڕامانی میتافیزیکی)**

جگە لەوەش، ئەگەر واشی دابنێین فێڵبازێکی گەورە هەیە کە مەبەستی سەلماندنی ئەوەیە کە دونیا خەورۆژکەیە و بەم جۆرە، نیازی فریودانی مەیە، بەو ڕاستییە دەگەین کە ئێمە وجوودمان هەیە چونکە تەنیا کەسێک دەتوانێ بخاپێنرێ کە دووچاری هەڵەبێ! بەوتەیەکی تر، شکێکی داگر بەم جۆرە سەرەوژێر دەبێ و پێمان نیشان دەدا کە ئەستوونێکی قایم لە ناخی مرۆڤ هەیە.

## یەزدان، کۆڵەکەی دەری

دێکارت لەو باوەڕەدا بوو کە مرۆڤ لە دەروونیدا، خاوەنی زەینێکی وشیارە کە هیچ شتێک ناتوانێ دەوری کەم کاتەوە. لە جیاتی باوەڕکردن بەچەشنێک ڕێکوپێکی کە بەڕواڵەتی شت بچەسپێندرێ، دێکارت بڕوای بە تەکووزێکە کە لە زەینی وشیاری مرۆڤ سەرچاوە دەگرێ. هەڵبەت، دێکارت قەت زەینی وشیاری خۆی نەکردە بۆتێکی شیاوی پەرستن، یان وەک ڕواڵەتێکی بەستراو و داخراو. چون ئەگەر وابایە، گێتی بەڕادەی دونیای ئێمە چکۆلە دەکرایەوە و کاتی بیرکردنەوە لە بابەتێک یا ڕووداوێک، هیچ شتێک دابینی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم ڕووداوە یان ئەو بابەتە دەگەڵ بیری ئێمە لە پەیوەندی تەواو دابێ. هەموو کەسێک هەست بەجیهانی واقیعی دەکا. ئەو هەستە لە کوێوە دێ؟ وەڵامی دێکارت ئەوەیە: لەو فکرە ساکارە کە مرۆڤ نەیتوانیوە هەموو شتێک داهێنێ (دروستی بکا). بەتایبەتی، خودا دروستکراوی مێشکی ئینسان نییە، چون ئەگەر وابایە، ئەو شتە ماناکەی ئاوا دەبوو کە بەشتی سنووردار، دەتوانین شتی بێ سنوور دروست کەین. ئەوەش ناشێ! ئایا دەکرێ نوور لە تاریکی دروست

کەین؟ شتی وا نابێ! بۆیە دەبێ بەو ئاکامە بگەین کە تەنیا زاتێکی بێ سنوور و کامیل دەتوانێ بیری شتی بێ سنوور لە دەروونمان تاقەت بکا! بەم جۆرە، هەر جارێک بیر لە شتێکی بێ سنوور و بێ خەوش دەکەینەوە، دەتوانین دڵنیا بین کە لانی کەم لە جیهانی دەرێ (دەرەوەی مرۆڤ) شتێکی متمانە پێکەر وجوودی هەیە. بەهێنانە مەیدانی ئەو کە شتێکی بێگومان لە ناخ و لە دەرەوەی مرۆڤدا هەیە، دێکارت زانستی نوێی دامەزراند، چونکە بۆ کاری زانستی کردن، دەبێ باوەڕت بەوە بێ عەقڵ پێوانەیەکی قایمە و جیهانی دەرەوە شتێکی خەیاڵی و درۆ نییە.

**دێکارت بەدەرخستنی دوو بابەتی «دەروونی وشیار (ئاگایی)[٣٩]» و «یەزدان» زانستی نوێی دامەزراند. ئەم دوو چەمکە بەدێکارتیان سەلماند کە لە دەروونی مرۆڤ و لە جیهاندا نوختەیەکی گیرساو هەیە. بەکەڵک وەرگرتنی لەم دوو بابەتە، دێکارت تێکۆشا جیهان بناسێ.**

## سپینۆزا[٤٠] و ئێتیک[٤١]

هەرچەند سپینۆزا لە ڕەوشتی دێکارت ئیلهامی وەرگرتووە، بەڵام ئەو ڕایەی دێکارت کە مرۆڤ دەکاتە ناوەندی هەموو شتێک، پەسەند ناکا.

## نوختەی گیرسان

پێش سەدەی حەڤدەیەم، زانایان لەو بڕوایەدا بوون کە لە جیهاندا تەنیا نوختەیەکی گیرساوی نەبزووت هەیە، ئەویش زەوییە کە ناوەندی هەموو شتێکە! لە سەدەی حەڤدەیەم، زانایان توانیان شتی هەرە ورد و هەرە زل بدۆزنەوە (هێمایە بۆ داهێنانی میکرۆسکۆپ و تێلێسکۆپ بۆ دیتنی شتی هەرە ورد و هەرە درشت). کەوابوو، نە دونیایەک، بەڵکو چەندین دونیا هەیە. ئاکامی ئەم دۆزینەوە ئەم پرسیارەیە: ناوەندی گێتی کوێیە؟

## دژی دەستەڵاتی مرۆڤ

دێکارت لە دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەی کە لە جیهاندا نوختەیەکی گیرساو



بەنێوی زەینی وشیاری ئینسان هەیە، پرسیار و وەڵامی زۆری خستە ئاراوە. ئایا مرۆڤ بەهۆی زەینی وشیاری بەڕاستی بوونەوەرێکی نەگۆهێرە؟ سپینۆزا (١٦٣٢ – ١٦٧٧) خوێنەر و ڕەخنەگری نووسراوەکانی دێکارت بەرهەڵستی ئەم هەڵوێستەیە و دەڵێ: ئەگەر وابێ، لە بارەی هێندێک بابەتی گرینگی تری وەک لەش، مادە، ژیان چ دەتوانین بڵێین؟ سپینۆزا بەهیچ کلۆجێک ئەو فکرەی قەبووڵ نەبوو کە ئینسان تەنیا بەو بیانووە کە خاوەنی ئیرادە و ناخی وشیارە، بوونەوەرێکی جیاواز و تاقە لەنێو سروشت، یان «دەستەڵاتێک لەنێو دەستەڵاتی» سروشتە. بەگشتی، ئەو قەت بڕوای بەوە نەبوو کە کێشەیەک بەنێوی «نوختەی گیرساو»[٤٢] (گەڕان بەدوای شتێک یا شوێنێکی قایم لە جیهانێک کە دایمە لە ئاڵوگۆڕ دایە.) شتێکی گرینگ یا پرسیارێکی بەجێ بێ. سپینۆزا بەزمانێکی پەتی دەڵێ: ئێمە هەین و ئەوەشمان بەسە! ئێمە هێندە نیگەرانی خۆمانین و هێند کەم شیاوی بوونین کە زۆر جار پێمان وایە هەبوونمان بەخۆمانەوە یان بەهۆی هێزی بیرکردنمانە! دەبێ بڵێین پێچەوانەی ئەو شتە دروستە.

بیرکردنەوە و توانینی ئێمە بەهۆی بوونمانە. هەموو شتێک لە بوونەوە دێ و نەمازە، لەو مەوجوودەی کە بەتەواوی شیاوی بوونە و بوونی خۆی بەهەزار جۆر بێ بڕانەوە نیشان داوە کە پێی دەڵێن خودا. خودا وەک نوورێکی ئەبەدی لە درەوشان دایە. ئەو درەوشانە لە باری ڕوحی بەشکڵی فکر و لە باری مادی، بەشکڵی جیسم و مادە خۆی دەنوێنێ. کەوابوو، باشتر ئەوەیە لە هێنانە گۆڕی هێندێک پرسیاری هەڵەی وەک «ئێمە کێین؟»، یان «نوختەی گیرساو لە کوێیە؟» خۆ بپارێزین.

**ئەو کەسانەی لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ شتیان نووسیوە، ئینسان لەنێو سروشتدا وەک دەستەڵاتێک لەنێو دەستەڵاتێکیکە وەبەر چاو دەگرن. لە ڕاستیدا، ئەوان پێیان وایە مرۆڤ لە جیاتی پەیڕەویکردن لە نەزمی سروشت، ئەو نەزمە دەشێوێنێ، یان مرۆڤ دەستەڵاتێکی تەواوی بەسەر کردەوەکانی خۆی هەیە و ئیرادەی ئەو لە خۆیەوە نەبێ لە هیچ شتێکی کەوە نایە! بۆیە، بەبڕوای**

**وان، بێ دەستەڵاتی ئینسان لە دەستەڵاتی لە بڕان نەهاتووی سروشتەوە نییە، بەڵکو تاوانەکەی دەکەوێتە سەر سروشتی خودی ئینسان. هەر بۆیەش، ئەوان جار جار خەم بۆ چارەنووسی ئینسان دەخۆن، گاڵتەی پێ دەکەن یا زۆر جاریش ڕقی خۆیان لە سروشتی ئینسان دەنوێنن. (سپینۆزا – زانستی ئەخلاق)**

## لە بێ دەستەڵاتی تا توانایی

سپینۆزا پێی وایە کە یەزدان هێزێکی لە بڕان نەهاتووی خوڵقاندنە و نوختەی گیرسانی هەموو شتێک لە جووڵانەوەی ئەم هێزە دایە. یەزدان شتێکی سابیتە، نە بەهۆی سیفاتی، بەڵکو بەهۆی بوونی، یەزدان وجوودێکە کە بوونی خۆی بەتەواوی لکاندوە. ئەگەر هەر بۆ تاوێک وەکوو یەزدان ئەو هێزەمان بوایە کە هەبوونی خۆمان، هەر بەمەبەستی بوونمان سەلماندبایە، کێشەی نوختەی گیرسان چارەسەر دەبوو. بەڵام ئێمە بەدەگمەن ئەم توانایەمان هەیە. ئەم کارە ورە و ئازایەتی دەوێ. لە حاڵێکدا، مرۆڤ زۆر جار لاواز و بێ هێزە و گەرەکێتی خۆی بەشتێکەوە هەڵواسێ! زۆر جار خولیای وێنەی خۆیەتی و لەجیاتی بوون و ژین، هەوڵ دەدا بزانێ کێیە. بۆیە، پرسیاری ڕاستەقینە دیتنەوەی مانایەک بۆ ژیانە نەک گۆڕانی شێوازی ژین! لەبەر ئەوە، سپینۆزا بەرهەمی سەرەکی خۆی نێو نا. ئاکارناسی (یان زانستی ئەخلاق)

**ئینسانەکان خۆیان بەئازاد دەزانن چونکە ئاگایان لە خوازە و تاسەکانی خۆیان هەیە و لەخەونیش دا بیر لە هۆیەکانی خوازمەندی و تاسە باری خۆیان دەکەنەوە چۆن هیچ ئاگاییەکیان لەم بارەوە نییە. (سپینۆزا – زانستی ئەخلاق)**

## ئاکارناسی

لەو پەرتووکەدا، سپینۆزا هەوڵی داوە ڕێیەکی شیاوی پەیڕەویکردن نیشان بدا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ دەگەڵ خۆی (واتە دەگەڵ مرۆڤ) ڕێککەوێ. بۆ ئەو کارە، ئینسان دەبێ دەست لە بیرێکی هەڵە هەڵگرێ: ئەو پێی وایە ئازادە، بۆیە، بەهیچ بارێک کارتێکردنی جیهانی واقیعییەت لەسەر کردەوەکانی خۆی



پێ قبووڵ ناکرێ! ئاکامەکەی: هەر وەختە لەسەر هەوایەکە و ژیانی زۆر هەڵکەوتییە. کاتێک زەمانە بەکەیفێتی، نێوی دەنێ خۆشبەختی و کاتێکیش بەدڵی نێ دەڵێ چارەنووسە! بۆ دەربازبوون لەو تەنگەبەرە تاڵە، دەبێ هەڵوێستی خۆمان لەمەڕ ژیان بگۆڕین. پیاوی عاقڵ قەت نابێ لە ژیانی وازی وازی بێ، بەڵکو پەیوەندی خۆی دەگەڵ ژیان دەبێ بەکەڵک و بنەڕەتی بزانێ.

**بەبڕوای سپینۆزا، ئەو کەسەی بەجێی وازی وازی بوون، خۆی بەژیان دەسپێرێ، ژیانی خۆی دەگەشێنێتەوە و بەم جۆرە، نەزمی ون بوو دەدۆزێتەوە.**

## لایبنیتس[٤٣] و مەفهوومی بۆچوون[٤٤]

بۆ ڕێکخستنی ئینسان و سروشت، لایبنیتس، بەدانانی مەفهوومی (کەسایەتی) لە هەموو شوێنێک، جیهانێکی زۆر جۆراوجۆری فەرز کرد و کە لەودا هەر شتێک (کەسایەتی) خۆی هەیە.

## بیرمەندێکی ئاشتیخواز

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە لەسەر بوونی نوختەیەکی گیرساو لە گێتیدا، دێکارت ڕوو دەکاتە ئینسان و ناخی وشیاری. سپینۆزا ڕوو دەکاتە پێویستێک کە لە وجوودی سروشت و یەزدان دایە. بڵێی حەق بەکامیان بێ؟ بەدێکارت کە ڕووی لە ئینسانە یان بەسپینۆزا کە ڕووی لە یەزدانە؟ لایبنیتس (١٦٤٦ – ١٧١٦) فیلسۆفێکە کە لە لایەنگری خۆ دەپارێزێ و لە فەلسەفەی خۆیدا سەلماندوویەتی کە ئاشت کردنەوەی ئەو دوو بۆچوونە کارێکی شیاو و موومکینە.

## مۆناد[٤٥]

بۆ ئاشت کردنەوەی سروشت و ئینسان، لایبنیتس فکرێکی ئازایانە و کەشخە دەخاتە ئاراوە. لە هەموو شوێنێکی فەلسەفەی ئەودا، بیری (کەسایەتی) هەیە کە بەشکڵی (جیاوازی) یا مۆناد خۆی دەردەخا.

**«دەبێ هەر مـۆنادێک (یەکـان) لەوی دیکە جـیـاوازبێ، چونکو لەنێـو سروشتدا، ناتوانی دوو شت ببینی کە بەتەواوی لێک بچن، هەیا دوو شت کە جیاوازێکی بنەڕەتیان بێ. (لایبنیتس، مۆنادۆلۆژی)».**

بەوتەی لایبنیتس، هەر شتێک لە دونیادا، تاکە. دوو شتی لە یەکچوو لە هیچ کوێ نابینی. هەر شتەی کەسایەتی خۆی هەیە. هەروەها، هەموو شتێک لە جوولانەوە دایە چونکو هەر بەشەی جیهان بۆ خۆی جیاوازە و ئەم جیاوازییە بەڕاگرتنی خاڵە تایبەتییەکانی خۆی بەشێوەیەکی کاریگەر دەپارێزێ. بۆیە چەشنێک بزاوتی گشتی لەنێو هەموو (کەسایەتییەکان)دا بەرچاو دەکەوێ. هەر کەسایەتییەک بەتایبەتمەندیەکانی خۆی جۆراوجۆرێکی بێ وێنەی هەزار چەشنە پێک دێنێت. ئاکامەکەی ئەوەیە کە لە نێو سروشتدا، هەموو شتێکی بەرچاو نێوێکی دراوەتێ. لە سایەی ئەو تابلۆیە، بۆمان دەردەکەوێ بۆچی لایبنیتس هەر لە ئەوەڵەوە تا ئێستا وەک فیلسۆفی مەزنی هارمۆنی دەناسرێ. ئایا مۆناد ئەو تایبەتمەندییە نییە کە شتە جۆراوجۆرەکان ڕێک دەخا، بێ ئەوەی ئەم ڕێکخستنە پێش جیاوازی بگرێ یان ئەو جیاوازییە یەکپارچەیی هەڵوەشێنێتەوە؟ کاتێک شێوازی پێرسپێکتیو، کە هونەری گۆڕانی بۆچوونەکانە لەبەرچاو بگرین لێمان حاڵی دەبێ چۆن ئینسان وەک تاکێک و جیهان وەک گشتێک دەگەڵ یەک ناسازگار نین، چونکو لە بۆچوونی خۆی، مرۆڤ بەسەرجەمی هەموو شت دادەنێ و سەرجەمی شتەکانی جیهانیش وەک تاکێک.

**«دەکرێ هەر بەشێکی مادە وەک باغێکی پڕ گیا یان گۆمێکی پڕ ماسی چاولێکەین. بەڵام، لقی هەر گیایەک، ئەندامی هەر گیاندارێک یا دڵۆپێکی عارەقەی لەشی، دەتوانێ باغێک یان گۆمێک بێ. (لایبنیتس، مۆنادۆلۆژی)**

## لە شێوازی باڕۆک[٤٦] هەتا نوێخوازی

بەئاشت کردنەوەی تاک و کۆی جیهان لە سایەی گۆڕانی بۆچوونەکان، لایبنیتس کارێکی ئازایانەی ئەنجام دا، بەچەشنێک کە ئەمڕۆکە وەک پێشڕەوترین بیرمەندی سەردەمی باڕۆک و باڕۆکترین فیلسۆفی مۆدێرنیتە



دەناسرێ. ئەو کارەی ئەو بریتییە لە خستنی شتی موتڵەق لەنێو شتی نیسبی و شتی نیسبی لەنێو شتی موتڵەق. زۆر جار ئەو دوو شتە بەدژی یەک دادەندرێن چونکو لە نیسبی بووندا شتێکی دەروونی و کاتی و لە موتڵەق بووندا شتێکی عەینی و نەگۆڕ دەبیندرێ. لایبنیتس بەرهەڵستی ئەم هەڵوێستەیە چونکو بەبڕوای ئەو، ئەگەر کەمێک نیسبی بوون ئێمە لە موتڵەق دوور دەخاتەوە، نیسبی بوونی زۆر ئێمە بۆ لای موتڵەق دەنێرێتەوە. لە ڕاستیدا، وشەی (نیسبی)[٤٧] لە (نیسبەتە[٤٨])وە دێ کە بەمانای پەیوەندی نێوان زمان، خەیاڵ، عەقڵ و هێزی خولقاندنە. بەزیادکردنی نیسبی، دوای ماوەیەک تێدەگەین کە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و دەبێتە شتێکی موتڵەق! شێوازی باڕۆک، بۆ ستایشی بێ سنووری یەزدان لە کەوشەنی خێڵقەتدا، لەم ڕاستییە تێگەیشت بوو! بۆیە، بابەتەکانی ئەم شێوازە، نیسبی و سنووردارن. مۆدێرنیتە، بەبۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەو شتانە، زیاتر لەوەی کە ئاشکرایە لە شێوازی باڕۆک دەچێ.

**«وەک شارێک کە لە هەر گۆشەیەک سەیری بکەی، بەهۆی چاوەندازەکانی (لە سووچی پێرسپێکتیودا) بەجۆرێکی دیکە دیارە، مادە ساکارەکانیش هەر کامیان دونیایەکی جیاوازن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، بەپێی بۆچوونمان چاوەندازی تەنیا جیهانێکن. (لایبنیتس، مۆنادۆلۆژی)**

**بەدانانی سروشت وەک کۆمەڵێک یەکانی جیاواز، لایبنیتس ڕاگەیەنەری مۆدێرنیتەیە، چون لە ڕوانگەی مۆدێرنیتەدا هەموو شتێک لە گێتیدا زمان و گوزارەیە.**

## پاسکال و بارودۆخی[٤٩] مرۆڤ

بەبڕوای پاسکال، مرۆڤ بەجێی هەوڵدان بۆ دیتنەوەی نوختەیەکی گیرساو، دەبێ تێ بکۆشێ وەڵامێک بۆ بارودۆخی خۆی بدۆزێتەوە.

## کارەساتی ژیانی مرۆڤ

دێکارت (١٥٩٦ – ١٦٥٠)، سپینۆزا (١٦٣٢ – ١٦٧٧) و لایبنیتس

(١٦٤٦ – ١٧١٦)، هەر کامەی وەڵامێکیان هەبوو بۆ مەسەلەی بنەڕەتی جیهانی واقیعییەت: بۆ دێکارت زەینی وشیار، بۆ سپینۆزا ژیان و بۆ لایبنیتس جۆراوجۆری شتەکان بناغەی گێتین. بەڵام، ئەم وەڵامانە پاسکال (١٦٢٣ – ١٦٦٢) ڕازی ناکەن و ئەو پێی وایە زۆر نەزەرین. پاسکال دەڵێ: پێش هێنانە گۆڕی پرسیاری نەزەری، مرۆڤ دەبێ لە بارەی ژیان و وجوود لە خۆی پرسیار بکا. یەکەمین پرسیار پەیوەندی هەیە بەڕازی ڕەچەڵەکی ئینسان، دووەمین بەدڵەخورپەی چارەنووسی ئەو و سێیەمین بەپووچی بارودۆخی ژیانی. بەوتەی ئەو فیلسۆفە، ژیان زۆریش ڕوون و ئاشکرا نییە، چون ئەگەر وابایە دەمانزانی لە کوێوە هاتووین و بۆچی لەو قۆناغە داین. بەداخەوە وا نییە! وەختێک لە دایک دەبین، دەخرێینە نێو دونیایەک و بەسەر هاتێک کە زۆر لە فاممان دوورن. جگە لەوەش، ژیان مەودای هیچ هەڵبژاردنێکمان ناداتێ. هەر کارێک بکەین، ئاخرێکەی مەرگ چاوەڕوانمانە و هیچ ڕێی دەربازبوونیشمان نییە! دوای ئەوەش، لە نێوان ڕازی ڕەچەڵەکی ئینسان و تەقدیری چارەنووسی، دەبێ بڵێین مەنتیقی شتەکانی جیهان زۆر جار پووچ و ناڕەوایە. لە دونیادا، ئینسانی بێ گوناح دەکوژرێن و قەلاچۆ دەکرێن، لە حاڵێکدا پیاوکوژان و جەللادان لە ئاسایشی تەواودا دەژین. کێ باوەڕ دەکا ژیان مانایەکی عاقڵانەی بێ، مانایەک کە شیاوی دۆزینەوە بێ هەروەک چۆن زانایەک لە یاساکانی سروشت دەکۆڵێتەوە. ئایا ژیرانە زانینی ئەو شتانەی ژیرانەنین، لەناو پووچی گشتی جیهاندا، ئەوپەڕی پووچی نییە؟

**بڵێی ئینسان لەنێو سروشتدا چ بێ؟ هیچێک لە ئاست گێتی بێ سنوور؟ کۆیەک لە ئاست نیستی؟ شتێک نێوان هەموو شتێک و هیچ؟ بوونەوەرێک کە ناتوانێ لە دووسەری ئەو کێشەیە بگا؟ ئاکام و بنەڕەتی شتەکانی جیهان لەسەر ڕازێکی سەر بەمۆر شاردراونەتەوە. هەروەها ناتوانێ بزانێ لە چ هیچنایەک هاتۆتە دەرێ یان لە چ دەریایەکی بێ بن نوقم کراوە. (پاسکال، ڕامانەکان)**



## لە نیستی[٥٠] هەتا خودا

پاسکال بێ ئەوەی مانای ژیان بەتەواوی ڕەت کاتەوە، دژی چەشنێک خاتەرجەمی گیلوکانەیە لە ئاست ژیاندا، چونکو ئەگەر عاقڵانە زانینی هەموو شتێک کارێک دووڕوویانەیە، ئەوەش هەڵەیەکی تەوەزەلانەیە کە هەموو شتێکمان پێ پووچ بێ! بۆ ئەو کەسەی چاوی دیتنی هەیە، دونیا نەدیاردەیەکی ژیرانەیە نە بێ ناوەڕۆکە، بەڵکو مانایەکی دیکەی هەیە. بەڵێ ڕاستە کە ئێستاش نازانین لە کوێوە هاتووین و ئەم نەزانینەش پێشە و بڕکەمان دەداتەوە، بەڵام هەر ئەوەش بۆ خۆی نیشانەیەکە! نیشانەی ئەوە کە ئێمە ڕەچەڵەکی خۆمان لێ ون بووە، نیشانەی ئەوەیە کە ڕەچەڵەکی مرۆڤ قەوارەیەکی بێ پایانی هەیە و ئێمە تەنیا هەست بەجێ و شوێنی ئەو دەکەین.

**دەبێ مرۆڤ چ حەزیایەک بێ؟ چ نۆبەرێک، چ دێوێک، چ وجوودێکی دژهێن یان چ عەجایەبابتێک؟ مرۆڤ کێیە؟ قازی هەموو کێشەیەک یان کەرێکی نەفام؟ خاوەنی حەقیقەت یان مەکۆی دوودڵی و هەڵە، هۆی شانازی یان پەین و پاڵی عالەم؟ کێ دەتوانێ ئەم بەنە ئاڵۆزە بکاتەوە؟ بێگومان هیچ بیروباوەڕێکی پەندگەرایانە یان هیچ دڕدۆنگێک یان هیچ فەلسەفەیەکی ئینسانی توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی نییە. ئینسان لە ئاوەزی خۆی تێپەڕیوە. (پاسکال، ڕامانەکان)**

ئەوەش کە ژیانی ئێمە لەژێر باری قەزا و قەدەر دایە شتێکی ڕاستە، ئەمەش نیشانەیە کە چارەنووسی خۆمان لە دەست خۆماندا نییە چونکو ئەم چارەنووسە لە جێگەیەکی دیکە بۆمان دەنووسرێ و، ئاخرێکەی، چۆن دەتوانین نکووڵی لەوە بکەین کە جیهان پڕە لە زوڵم و بێداد. بەڵام، لەهەمان کاتدا چۆن دەتوانین حاشا لەوە بکەین کە ئەگەر مرۆڤ لە سایەی ئاگاداری لە بوونی چەشنێک کەمایەسی هەستی بەبێداد نەکردبایە، نەشی دەتوانی قەت هەست بەداد بکا!

ژیانی مرۆڤ تژی مەینەت باریە، بەڵام بەمەرجێک ئینسان هەست بەوە بکات، دەتوانێ هۆی گەورەیی خۆی تێیدا بدۆزێتەوە! چۆن ئەگەر پیاو هەست

بەگەورەیی نەکات چۆن دەتوانی هەست بەهەژاری بکا ؟ کەوابوو، نێوان مەینەت باری و مەزنی، ئاگایی هەڵکەوتو. بەڕای پاسکال تەواوی ڕێزی ئینسان لەو دایە. بەدەرخستنی ئەو ڕاستییە کە ئینسان لە ڕێی تێگەیشتن لە حاڵی زاری خۆی هەست بەگەورەیی دەکا، پاسکال بۆی دەرکەوت کە ئاگایی مرۆڤ جۆرێک لەخۆ تێپەڕ بوونە. ئاگابوون لە هەر شتێک بەمرۆڤ مەودا دەدا بتوانێ لە بارودۆخی مەینەت باری ژیانی تێپەڕبێ. بەدوای پاسکال، تەواوی بزووتنەوەی مۆدێرنیتە هەوڵی داوە بەردەوام بیر لە ئاگایی بکاتەوە.

**بەدەرخستنی ئەم ڕاستییە کە مرۆڤ بەئاگاداربوونی لە (نیستی) بەچەشنێک هەست بەگەورەیی خۆی دەکا و ئەم مەزنییەش (نیستی) پێ نیشان دەدا، پاسکال هێزی دژهۆنی[٥١] لە ناخی مرۆڤدا دۆزیەوە.**

## ماکیاڤێلی[٥٢] و ڕامیاریی نوێ

ماکیاڤێلی بەدامەزراندنی ڕامیاری لەسەر بناغەی کاریگەری، نەک ئەخلاق، ئەم بوارەی بەتەواوی تووشی ئاڵوگۆڕ کرد.

## پیاوێکی ناهومێد لە ئەخلاق

لە حاڵێکدا دونیای دەرهاتوو لە ڕێنسانس هەستی بەنیسبی بوونی شتەکانی جیهان کردبوو و بەداڕشتنی بناغەی زانستێکی نوێ تێدەکۆشا ئەم کێشەیە چارەسەر کا، ئاڵوگۆڕێکی دیکە ڕووی دا کە ئەمجارە لە بواری ڕامیاریدا بوو. ماکیاڤێلی (١٤٦٩ – ١٥٢٧) خەڵکی فلۆرانس[٥٣] لە وڵاتی ئیتالیا ڕێکخەری ئەو گۆڕانکارییە بوو. ماکیاڤێلی بۆی دەرکەوت بوو کە کلیسا بەهۆی مەشخەلە ئەخلاقییەکانی، سیاسەتێکی تەواو ئاڵۆز و دووسەرانەی دەگرتەبەر: کاتێک دەبوایە سیاسەتێکی بەکەڵک و کاریگەر بگرێتە پێش، بەپێچەوانە بەربەستی ئەو کارەی دەکرد و جاری واش، لەبەرچاوی هەموان، تەواوی بیروبڕوا بنەڕەتییەکانی خۆی دەخستە ژێر پێ بەچەشنێک کە دەبووە هۆی دوژمنایەتی هۆگرانی خۆی. بۆیە، ماکیاڤێلی لە خۆی دەپرسی چۆن دەکرێ



زانستێکی ڕامیاری نوێ دامەزرێندرێ کە چارەسەری ئەم هەموو دژهۆنێ بکا: بەداڕشتنی چەشنێک ڕامیاری کە ئاوێتەی ئەخلاق نەبێ و تەنیا پەیڕەوی لە معیارەکانی مەیدانی و بەهرەداری بکات و تەنیا مێژوو سەرچاوەی بێ.

**«دەبێ بزانین دوو ڕێگای خەبات کردن هەیە: ڕێگای یاسا، ڕێگای زۆر. ڕێگای یەکەم تایبەتە بەئینسان و ڕێی دووەم بەحەیوان. چونکو زۆر جار ڕێگای یەکەم کاریگەر نییە، دەبێ ڕێی دووەمیش تاقی کەینەوە. میر دەبێ هەردوو ڕەوشتی ئینسانی و حەیوانی بخاتە کایەوە. لەنێو حەیوانەکاندا دەبێ ڕێوی و شێر هەڵبژێرێ. شێر ناتوانێ خۆی لە تەڵە ڕزگار کا و ڕێویش ناتوانێ خۆ لە گورگ بپارێزێ. جا بۆیە، بۆ ڕزگاربوون لە تەڵە دەبێ ڕێوی بی و بۆ تۆقاندنی گۆرگ دەبێ شێر بی. (ماکیاڤێلی، میر[٥٤])**

## ڕامیاری جیا لە ئەخلاق

لە دونیای ڕۆژاوا، ئەم بیرە لەزۆر کۆنەوە زاڵ بوو کە ئەرکی ڕامیاری ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەو کەماڵ و پێشکەوتن بەرێ. بۆ نموونە (سەن ئۆگووستەن[٥٥]) (٣٥٤ – ٤٣٠) بڕوای ئەوەبوو کە (شاری ئەرد[٥٦]) پێشەکێکە بێ بۆ (شاری ئاسمان[٥٧]). ئاکامی ئەم بیرە لە بارەی ڕامیاری پێکهاتنی زنجیرەیەکی دەستەڵاتداری بەشکڵ هەرەم بوو: لە سەرەوەی هەرەم خودا بوو، دوای ئەو پادشا و پاشان ڕەعییەتەکانی کە بەپلەی لێوەشاوەیی دابەش کرابوون. بۆیە هەموو شتێک لە ڕووی ئەم نموونەیە و بنەڕەتی سەرەتاییەکانی هەڵدەسەنگێندرا و ئەرکی تەواوی کۆمەڵ ئەوەبوو کە بەپێی ئەم یاسانە بجووڵێتەوە. هەرچەندە ئەم بیرە هێندێک نیشانەی بۆ کۆمەڵ دابین دەکرد، بەڵام ئاکامی زۆر خراپیشی بوو. لە چەرخی پازدەم، کەشیشێک بەناوی ساونارۆل[٥٨] (١٤٥٢ – ١٤٩٨) بەبیانووی خاوێن کردنەوەی ئاکاری خەڵکی ترس و تۆقی خستە تەواوی ئیتاڵیا. لەهەمان کاتدا، تۆما دۆ تۆرکومادا[٥٩] (١٤٢٠ – ١٤٩٨) لە ئیسپانیا بەبیانووی پاکسازی وڵات لە زەندەقە و لە دین وەرگەڕاو، داری سووتاندنی ئەنگیزیسیوونی[٦٠] بەرپا کرد.

ماکیاڤێلی کە لەم هەموو دڕندەییە سەری سوڕمابوو لە خۆی دەپرسی: ئەگەر ڕامیاری چی دی نۆکەری ئەخلاق نەبێ چ دەبێ؟

**ڕامیاری: بریتییە لە هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک خەڵک لەنێو شار. ڕامیاری لەسەر ناسینی میکانیزمەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دامەزراوە.**

## لە کاریگەری[٦١] تا مێژوو

کەوابوو، ژیانی ڕامیاری دەبێ لەسەر چ بناغەیەک دامەزرێندرێ؟ وەڵامی ماکیاڤێلی ئەوەیە: لەسەر کردەوەی کاریگەر کە تەنیا سەرچاوەی سروشت و مێژوو بێ. بەبڕوای ئەو ئەگەر کارێکی ڕامیاری لە ڕووی ئاکامەکانییەوە هەڵسەنگێندرێ، دەتوانین هەمیشە خاترجەم بین کە دەرفەتی جووڵانەوەمان هەیە. سروشت ئەو شتەی پێ سەلماندوین. ئەو شتەی لە ڕامیاریدا هەمیشە بەردەوامە بریتییە لە سەرکەوتن بەڕاگرتنی بنەڕەتی کاریگەر بوون. مێژووش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ. ئیمپراتۆرە گەورەکان خولقێندراوی هێندێک کەسایەتی مەزن بوون کە هونەری گەورە یان درێژخایەنی بووە بەهۆی کاریگەر بوون. ئەم بیروڕایانەی ماکیاڤێلی بەتەواوی پەیوەندی مرۆڤی دەگەڵ ڕامیاری گۆڕی. بەجێی ئەوەی سروشت و مێژوو لە خزمەت ئەخلاق دابن، ماکیاڤێلی توانی ئەخلاق بخاتە ژێر دەستی مێژوو و سروشت. هەڵبەت ئەو ڕاستییە کە ئەم بیرە دەرگای هەموو بێ شەرمێکی لە دونیای ڕامیاری کردەوە لەبەرچاوی هیچ شارەزایەکی وریا ون نییە. بەڵام، ئەوەشمان نابێ لەبیرچێ کە بڕواکانی ماکیاڤێلی مەودایەکی سەربەخۆیان بۆ ڕامیاری کە خاوەنی گەلێک شێوازە دابین کرد. ئاکامی ئەوەش، وەدیهاتنی زانستی نوێی ڕامیاریەکە هەر ئێستا تێدەکۆشێ ڕامیاری وەک بوارێکی سەربەخۆ وەبەرچاو بگرێ.

**بە شیکردنەوەی ڕامیاری لەسەر بناغەی کاریگەر بوون، ماکیاڤێلی زانستی نوێی ڕامیاری دامەزراند.**

## هابێز[٦٢] و حکوومەت

هابێز یەکەمین کەسەکە ڕامیاری وەک میکانیزم وەبەرچاو گرت.



## پارێزەری نیزامی پادشایەتی موتلەق[٦٣]

ماکیاڤێلی (١٤٦٩ – ١٥٢٧) بەکتێبەکەی خۆی ڕێی بۆ نیسبیگەری ڕامیاری کردەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە لەو چوارچێوەدا، ئەو ڕاگەیەنەری هاتنی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و ڕووخانی پادشایەتییە. بەڵام هەڵەیە بیرکەینەوە کە بەرهەمی ماکیاڤێلی تەنیا ڕوویەکی هەیە. بەرهەمی ماکیاڤێلی بەدانی دەورێکی باڵا بەکەسایەتییە مەزنەکانی بەشداری کرد لە بەهێزبوونی نیزامی پادشایەتی و بەتایبەت پاشایەتی موتلەق چونکو ماکیاڤێلی لەم بڕوایەدا بوو کە تەنیا کەسایەتییە گەورەکان دەتوانن بەچەشنێکی کاریگەر لە کۆمەڵدا بجوڵێنەوە. بیرمەندێک زۆر زوو تێگەیی کە ماکیاڤێلیزم دەتوانێ خزمەتێکی باش بەسیستەمی پادشایەتی موتلەق بکا، ئەویش هابێز (١٥٨٨ – ١٦٧٩) بوو. وەک خوێنەری ئاسەوارەکانی ماکیاڤێلی و دێکارت، هابێز یەکەم کەس بوو کە بەبیری داهات زانستێکی کاروباری سیاسی دابڕێژێ بۆ ئەوەی نیزامی پادشایەتی موتلەق بکەوێتە سەر ڕێبازێکی عاقڵانە. هابێز لە ڕەوشتی ماکیاڤێلی کە بریتی بوو لە کردەوەی کاریگەر لە جەرگەی سروشت و مێژوودا هەرگیز ڕانەچەنی، بەپێچەوانە هەوڵی دا نیشانی بدا کە ئاکامی میکانیزمی شتەکان ڕووی لە بێ سنوورییە و ئەم میکانیزمە پاکانەی دەسەلاتی بێ سنوورە (موتلەق).

**پەیڕەوی کردن: بەوتەی هابێز، ژیان لەنێو کۆمەڵ لە شەڕ باشترە. مرۆڤ لە دەسەلاتدارێک پەیڕەوی بکا لە هیچ باشترە! ئەم بنەڕەت (پرەنسیپ)ە هەموو ساز و کاری ژیانی ڕامیاریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.**

## بارودۆخی سروشت

بۆ سەلماندنی ئەم بیروباوەڕە، هابێز لە پێشدا هەوڵی دا دیمەنێک لە سروشت بخاتە بەر چاومان. بەبڕوای ئەو، لە دۆخی سروشتدا، مەیلی ژین و خۆپاراستن دوو هاندەری سەرەکی مرۆڤن. بۆیە، چەشنێک خۆپەرستی لەنێو مرۆڤدا بەرچاو دەکەوێ. بەوێنەی سروشت کە بەهەموو فیتێک تێدەکۆشێ وجوودی خۆی

بسەلمێنێ، هەر ئینسانێکیش هەموو هەوڵی خۆی دەدا بژی و ژیانی بپارێزێ. هەر کەسە شەڕ بەئەویکە دەفرۆشێ. یاسای جەنگەڵ بەم جۆرە بەسەر مرۆڤدا زاڵە. هەرکەسە گورگێکە بۆ هاوتای خۆی. ئەگەرچی ئەو دۆخە دەتوانێ هەستی خۆپەرستی و مەیلی ئازادبوونی مرۆڤ ڕازی بکا، بەڵام سوودێکی بۆ ژیان نییە.

هەرچەندە بتەوێ بەئازادی بژی، دەبێ لە پێشدا بتوانی بژی دەنا بێ ژیان ئازادی مانایەکی نییە. مرۆڤ هێندە لەنێو ڕق و تووڕەییدا ژیاوە، ئاخرێکەی بۆی دەرکەوتووە کە باشتر وایە بژی و زیندووبێ و لە بەرامبەردا حەز لە ئازادی بێ سنوور نەکا کە هەموو مافێک وەک مافی تووڕەیی و دڕندەیی دەداتێ. بۆیە بڕیار ئەدا پەیمانێک دەگەڵ هاوتاکانی خۆی ببەستێ و مافی تووڕەبوونی خۆی بەدەستەڵاتدارێکی موتڵەق بسپێرێ بۆ ئەوەی ئاشتی نێو کۆمەڵ دابین بکا!

**تەنیا ڕێگەی بەرپاکردنی دەستەڵاتدارێکی هاوبەش کە لە بەرامبەر هێرشی بێگانەدا توانای پاراستنی خەڵکی بێ، کە بتوانێ هەموو ئەندامانی جەماوەر لە دەست درێژی بەسەر یەکتر بپارێزێ و، یا بیانخاتە ژێر باڵی خۆی بەچەشنێک کە لە ڕێی پیشەسازی و کشتوکاڵ بتوانن خواردەمەنی بۆ خۆیان دابین بکەن و بەدڵ خۆشییەوە بژین، ئەوەیە کە خەڵک بەگشتی هێز و دەستەڵاتی خۆیان بدەنە دەست تەنیا کەسێک یا تەنیا کۆڕێک هەتا بتوانێ لە ڕێی زۆرینەی دەنگەکان، ویستی هەموو کۆمەڵ بکاتە تەنیا ویستێک. بەو کارە دەڵێن هەڵبژاردنی کەسێک یان کۆڕێک بۆ بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتی خۆیان. کۆمەڵێک کە بەم جۆرە پێک دێت پێی دەڵێن کۆمار. تۆرەمەی لێویاتانی[٦٤] مەزن نموونەیەکی ئەم کۆمارەن و لە سایەی یەزدانی نەمر ئەورۆکە ئێمە هێمنایەتی و ئاشتی ناوخۆمان لەوانەوە دەزانین. (– هابێز، لێویاتان)**

## بیری نوێ و کاروباری ڕامیاری

بەو لێکدانەوەیە، هابێز ویستی پێویستی لەسەر کاربوونی دەستەڵاتدارێکی هێزان (موتڵەق) بسەلمێنێ. ئەگەر مرۆڤ دەیەوێ لە دەست مەترسی گەورە یانی



شەڕی بەکۆمەڵ ڕزگار بێ، پێویستە لە مەترسێکی بچووکتر یانی ڕابواردن لەژێر حکوومەتی دەستەڵاتدارێک قبووڵ بکا. هابێز بەم جۆرە بەبڕوای خۆی سروشتی ژیرانەی نیزامی پادشایەتی دەسەلمێنێ! بەڵام بیردۆزی هابێز زۆر لەوە دوورتر دەڕوا. بەدانی بنەڕتێکی عەقڵی و نەک یەزدانی بەدەستەڵاتداری، هابێز لە ڕاستیدا بوارێکی تەواو سەربەخۆی بەڕامیاری لە ئاست دین و ئەخلاق بەخشی. هەروەها بەئاگاداربوون لەو ڕاستییە کە هەموو شتێک بەستراوە بەپێویستی ژیانی خۆ، ژیان لە بەرامبەر مەرگدا دەبێتە بایەخێک کە جێی هەموو بایەخەکانی دیکە، بەتایبەت بایەخە ئەخلاقییەکان دەگرێتەوە. بۆیە، هێمنایەتی و ئاوەدانی ئابووری دوو شتی زۆر گرینگن کە لە ڕۆژگاری ئێمە بەڵگەن بۆ دەرکەوتنی ڕامیارێکی نوێ.

**دەگەڵ هابێز، هێمنایەتی و ئاوەدانی بەپاراستنی گیانی مرۆڤ، دەبنە هۆی سەرەکی کردەوەی ڕامیاری.**

## ڕووسۆ[٦٥] و پەیمانی کۆمەڵایەتی

ڕووسۆ لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە لە ڕێی پەیمانێک لەنێو کۆمەڵدا کە بتوانێ هەموو جەماوەر ڕێک بخا، دەکرێ حکوومەتێک دروست بکرێ کە لەودا ئازادی هەر کەس بپارێزرێ.

## بۆچوونێکی نوێ لە سروشت

هابێز (١٥٨٨ – ١٦٧٩) بەکەڵک وەرگرتن لە هزری نیسبییەت، فکری پادشایەتی موتڵەقی دارشت. بەڵام، هەموو فیلسۆفەکان نەگەیشتنە ئەو ئاکامەی هابێز. بەتایبەت ژان ژاک ڕووسۆ بەرهەڵستی ئەم فکرە ڕاوەستا کە دەیگوت لە حاڵەتی سروشتیدا، ڕەوتی شەڕ بەسەر مرۆڤدا زاڵە و ئاشتی بریتییە لە ژیان لەنێو کۆمەڵ و لەژێر دەستەڵاتداری حاکمێکی هێزان[٦٦] (موتڵەقە) کە پاسەوانی هێمنایەتی گشتی بێ. ڕووسۆ دەڵێ: لەنێو سروشتدا، ئینسان بەبردنە سەری ژیانێکی ئارام و شاد و، لە سایەی ئەو شتانەی سروشت

له دەوروبەری بۆی تەیارکردوە، له بێ خەبەرییەکی تەواو دایه. لەو حاڵەتە، هەستی ئینسان بریتییه له بەزەیی و ڕوحم له ئاست هاوتاکانی. چونکه بەبردنه سەری ژیانێکی زیندوو و هەستیارانه، مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی له بەرامبەر هەموو شتێکی ناو سروشت هەستێکی ناسکی هەیە. له بەرامبەردا، ئینسان لەنێو کۆمەڵدا زۆر جار نەناسراو و لاوەکییه! بەداگیرکردنی دونیا، بەشەر خۆی بەشتێک دەزانێ و تەواوی ژیانی خۆی لەسەر ئەوە دادەنێ کە هەمیشه لەبەرچاوی، بەهێز و دەوڵەمەند بێ تا ئەو جێیەی ئەم ڕواڵەت بازییە دەبێتە عادەتی سروشتی دووەمی مرۆڤ. کە وابوو، باشتر وایە بیردۆزی هابێز بەموتڵەق نەزانین و مانایەکی دیکە بخەینە پاڵ نیسبییەت. ئەوەی نیسبییە سروشتی مرۆڤ نییە بەڵکو کۆمەڵە بەتەواوی دەزگاکانی. جا ئەگەر وایە، لەمەولاوە کێشەی سەرەکی ئەوەیە بزانین لەنێو کۆمەڵێکی پڕ له خەون و خەیاڵی درۆ کە مرۆڤ بەهۆی تینوویی دەستەڵات، پووڵ و ڕواڵەت ناچارە ستایشی زۆرداری بکات، ئایا دەتوانین کۆمەڵێکی بەڕاست ئینسانی دروست کەین. بەبڕوای ڕووسۆ دەتوانین کۆمەڵێکی ئەوتۆ ساز کەین. دەکرێ شێوەیەکی کۆبوونەوە ساز کەین کە لەودا مرۆڤ لەهەمان کاتدا کە کەسایەتی خۆی دەپارێزێ بتوانێ دەگەڵ هاوتاکانی خۆی ژیانی کۆمەڵایەتی بەرێتە سەر. ئەم شێوازە بریتییه له پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە بەکورتی بەم جۆرەیە: هەرکەس بڕیار دەدا له گشت پەیڕەوی بکا. هەموو له هەموو پەیڕەوی دەکەن، بەڵام له ئاکامدا، کەس فەرمانبەری کەس نییه. ئەگەر کۆمەڵ بڕیاری ڕێککەوتن بدا، دەتوانین بەسەر کۆیلەتی کۆمەڵایەتی پێرۆز بین.

**دیتنەوەی شێوەیەکی بەشداری کە بتوانێ بەهێزێکی هاوبەش ئینسان (وەک فەرد) و دارایی ئەو بپارێزێ. بەم جۆرە، هەر کەس دەگەڵ هەموو کەس ڕێککەوێ، بەڵام له خۆی نەبێ له کەس فەرمانبەری نەکا و وەک ڕابردوو ئازاد بمێنێ. (ڕووسۆ – پەیمانی کۆمەڵایەتی[٦٧])**

## له دەستەڵاتداری میر تا دەستەڵاتداری گەل

ڕووسۆ باوەڕی بەهێزی گشتی مرۆڤایەتی له ژیانی کۆمەڵایەتییه. بەوتەی ژان ستارۆبەنسکی[٦٨]، ڕەخنەگری مەزنی هاوچەرخ، ئەم بیرەی ڕووسۆ له



باوەڕی قووڵی ئەم فیلسۆفە بەهێزی بەختەوەری مرۆڤ سەرچاوە دەگرێ (وەک هەموو فیلسۆفانی ڕێبازی ڕۆشنگەری[٦٩] چەرخی هەژدە). بۆیە زۆر ڕەوایە کە ڕووسۆ وەک فیلسۆفی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا دەناسرێ. له پێش هەموو شتێکدا، بەبڕوای بەهێزی جەماوەر، ڕووسۆ بنیاتنەری ئۆستوورەی مەزنی چەرخەکانی نۆزدە و بیست، یان ئۆستوورەی ئینسانە.

**مرۆڤ ئازاد لەدایک دەبێ بەڵام له هەموو جێیەک پێی بەزنجیرە. کامەی خۆی بەئاغای ئەوانی تر دەزانێ، زۆر لەوان کۆیلەترە! ئەم کارەساتە چۆن ڕوویدا؟ نازانم! چەشنێک باری شەرعی داوەتە ئەم کارە! وابزانم بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. ئەگەر تەنیا زوڵم و ئاکامەکەیم لەبەرچاوبێ دەڵێم: تا ئەو کاتەی گەلێک ناچارە پەیڕەوی بکا کاری چا دەکات! بەڵام ئەگەر دەتوانێ بەندی کۆیلەتی بپچڕێنێ و ئەم کارە دەکا، کاری چاکتر دەکا! چونکو بەهەستاندنەوەی سەربەستی خۆی، هەر بەو جۆرەی لێیان ڕفاندبوو، یان کارێکی چاکی کرد مافی ئازادی وەرگرتەوە یان زۆر بێ جێیان کرد ئەم مافەیان لێ هستاندبوو. (ڕووسۆ – پەیمانی کۆمەڵایەتی)**

لەلایەکی تر، ڕووسۆ داهێنەری بیرێکی نوێیە لەمەڕ دیمۆکراسی. له سایەی ڕامانی ئەو لەسەر هێزی جەماوەر کە بەیەکێتی گشتی پێک دێ، ڕووسۆ ئەم هزرە یەکجار نوێیەی داڕشت: مرۆڤ دەتوانێ حکوومەتێک دامەزرێنێ کە بناغەکەی لەسەر توندیی و دڕندەیی نەبێ. ئاخرێکەی، ئەوەشمان لەبیر نەچێ، ڕووسۆ مانایەکی تازەی دا بەمەفهوومی (دەستەڵات): هەر کۆمەڵێک پێویستی بەدەستەڵاتدارێکە کە بتوانێ شەڕ و کێشەکان چارەسەر کات و بڕیار بدا، له ڕاستی ئەو بزوێنەری کۆمەڵە. بەڵام لەهەمان کاتدا، هەر کۆمەڵێک نیازی بەدادوەرێکە کە بتوانێ بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغی ڕووداوەکان حوکم بدات، نەک بەپەیڕەوی کردن له ویستەکانی شەخسی خۆی چۆن ئەگەر وابکا کۆمەڵ دەخاتە ژێر باری زوڵم و زۆرداری. کەوابوو چۆن دەتوانین پێویستییەکانی بڕیاردان و قۆناغی ڕووداوەکان پێکەوە ڕێک خەین، بێ ئەوەی بکەوینە نێو داوی بێ بڕیاری یا زۆرداری. وەڵامی ڕووسۆ ئەوەیە: دەبێ گەل هەموو بەشداری

حکوومەت کردن بێ. ئەم وەڵامەی ڕووسۆ ڕوخسارێکی تازەی بەخشی بەڕامیاری نوێ چونکو بیرەکانی ڕووسۆ نەک هەر فکری بڵندی کردەوە دەخاتە پاڵ ئەم زانستە بەڵکو شێوازێکی لێکۆڵینەوەی نوێ و عەقڵانییەتێکی ئاشکرا دەدا بەم زانستە.

**بەسپاردنی مافی دەسەڵاتداری بەگەل بەئامانجی دوورکەوتنەوە لە زۆرداری، ڕووسۆ بەردی بناغەی دیمۆکراسی دانا.**

## کانت و شۆڕش

بەئیلهام وەرگرتن لە وانەکانی ڕووسۆ، کانت دوو بابەتی شۆڕش و ئازادی کردە ناوکی فەلسەفەی خۆی

## ئینسان خودا نییە

کانت (١٧٢٤ - ١٨٠٤) وتەیەکی جوانی لە بارەی ڕووسۆوە هەیە دەڵێ: «ڕووسۆ نیوتۆنی[٧٠] ژیانی ئەخلاقییە». نیوتۆن زانستی فیزیکی بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی برد و تێکۆشا بەجێی ناساندنی سۆنگەکانی سروشت تەنیا یاساکانی وەسف کا. بەدەست هەڵگرتن لەهەر چەشنە لێکدانەوەی میتافیزیکی شتەکان و بەهەڵبژاردنی وەسفی فیزیکی یان وەسفێکی تەواو عەقڵی وئینسانی، نیوتۆن بەجێی پرسیارکردن لە (هۆی) سروشت هەوڵی دا لە (چۆنێتی) سروشت بکۆڵێتەوە. ڕووسۆش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە بواری ژیانی ئەخلاقی و ڕامیاری خوڵقاند. بەدەست پێکردن لە ئینسان و بەگەیشتن بەو، ڕووسۆ خۆی بەبۆچوونێکی ئینسانی لەمەڕ شتەکانی گێتی ڕازی کرد. بە وتەی کانت، ئەم کارەی ڕووسۆ زۆر ژیرانە و ماقووڵ بوو.

کانت دەڵێ: ئینسانەکان و بەتایبەت فیلسۆفەکان هەمیشە ویستوویانە بەتێگەیشتن لە هەموو شتێک خۆیان لە جێی خودا دابنێن. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە لە سنوورەکانی عەقڵی خۆیان تێپەڕیون و تۆژینەوەی زۆر ڕواڵەتیان ئەنجام داوە کە بناغەی لەسەر بیرکردنەوەی تەواو چوت و چێڵ بووە. بۆیە بەنیشاندانی



سنووردارbوونی تێگەیشتنی مرۆڤ، باشتر وایە جارێکی تر چاوێکی ڕەخنەگرانە بخشێنینە سەر میتافیزیک. چ دەزانین؟ بێگومان لە بارەی خودا، نەمری، ڕوح و خوڵقانی جیهان هیچ شتێک، چون بۆ تێگەیشتن لەو بابەتانە دەبێ لە جێی خودا بین و هەموو لایەکی جیهانمان لەبەرچاوبێ. هەڵبەت مرۆڤ دەتوانێ بەئاگاداربوون لە کەمایەسیێکانی خۆی هەوڵ بدا تۆوی چاکە بچێنێ و بەلێکدانەوەی دونیا لە چوارچێوەی ئەزموونی (تەجرەبەی) خۆی دیمەنێکی ئینسانی بداتێ. بەو کارە مرۆڤ ئیدی چیدی سەرسامەکانی فکری خۆی لە جێی واقیعییەتی شتەکان دانانێ و چیدی بەدانی لایەنێکی عەقڵی بەمەسەلەی شەڕ[٧١] (خراپە)، جوانی نهێنی سروشت بەفیڕۆ نادا، چونکو هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە کە عەقڵ زۆر زیادڕەوی دەکا! ئینسان خۆپەرست لەدایک دەبێ. ئەم خۆپەرستییە هۆی دڕندەبوونێتی و دڕندەیی سەرچاوەی هەموو نامرۆڤایەتێکە! ئەگەر مرۆڤ توانیویێتی (بارێکی ئینسانی بەخۆی بدا) تەنیا هۆی ئەوەبوو کە لە سنووری سروشت تێپەڕیوە و ئەم خۆپەرستییەی خۆی بە(سروشتی) نەزانیوە. کەوابوو، کاتێک عەقڵ باوەڕی هەموو شتێک لە دەربیجەی عەقڵەوە تەماشا دەکات، تا ئەو جێگایەی خۆپەرستی ئینسانیش بەشتێکی سروشتی دادەنێ، بۆچوونێکی چەوت دەخاتە ئاراوە. زانستی ڕادەبەدەر ئینسان بۆ لای بێ ڕوحمی دەبا! بۆیە، ئەخلاق دەبێ زانست بەڕێوەبەرێ و نەک زانست ئەخلاق.

**«یەکەم کەس کە «سێگۆشەی دوو پەڵ»ی[٧٢] نیشان دا نێوی تالێس[٧٣] بێ یان هەر کەسێکی دیکە لەو کارەی خۆی واقی وڕ ما چۆن بۆی دەرکەوت نابێ تەنیا بەدیتنی ئەو شتەی لەو شکڵە دایە بەمەفهوومی خەیاڵی ئەو خۆی ڕازی کا، بەڵکو دەبێ بەیارمەتی ئەو هزرەی لەمەڕ ئەو بابەتە هەیەتی، ئەو شکڵە دروست کا. شکڵێک کە لە پێشدا تەنیا مەفهوومێکە و بۆ ناسینی شت لە حاڵەتی مەفهوومیدا، ئەو دەبێ تەنیا سیفەتێک بخاتە پاڵی کە بۆخۆی لە مێشکی بۆی داناوە.» کانت، هەڵسەنگاندنی عەقڵی پەتی[٧٤]**

## فەلسەفەیەکی کرداری[٧٥]

کانت بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیاریەتی وەک کلیلی عەقڵ، دیمەنی فەلسەفەی بەتەواوی گۆڕی. ئەو سەلماندی کە عەقڵی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەسەر کردەوە دامەزرابێ. هەر فەلسەفەیەک دەبێ لەو ڕاستییە دەست پێ بکا کە مرۆڤ لە ئاست مرۆڤدا ئەرکێکی هەیە. ئەو ئەرکە دەبێ ڕێنموونی بکا بۆ دروست کردنی جیهانێکی ئینسانی نەک بەربەر.

**«تەنیا لە ڕووی ئامۆژگارێک بجووڵێوە کە لە ئاکامدا بەویستی تۆ ببێتە یاسایەکی گشتی.» کانت – بناغەکانی میتافیزیکی ڕەفتاری گشتی[٧٦]**

ئەرکی ئێمە ئەوەیە بڕیار بدەین ئینسان بین! ئەو بیرەی کانت تەواو شۆڕشگێڕانەیە. لە زانستی ئەستێرەناسیدا، کاتێک ئەستێرەیەکی گەڕۆک دوای گەڕان بەدەوری ڕۆژ دەگەڕێتەوە سەر جێی خۆی، دەڵێن «شۆڕشی» خۆی ئەنجام داوە. شۆڕشی فیلسۆف بریتییە لە گەڕانەوەی بەمەبەستی ئەوەی بڕیار بدا خۆی بێ. ئەگەر مرۆڤ دەیەوێ لەناو سروشت بژی، دەبێ وەک ئەستێرەگەڕۆک بێ، یانی بە بەخۆداهاتنەوە شۆڕشی خۆی ئەنجام بدا. کانت دەڵێ: بەو کارە ئینسان دەبێتە بەرپرسی خۆی و ژیانێکی بەڕاست ئینسانی دەست پێ دەکا. گشت ئەو بلیمەتانەی خزمەتیان بەمرۆڤایەتی کرد وە، مەزنییان لەوەدا بووە کە ئەم شۆڕشەیان لەسەرخۆ بەرێوە بردوە.

**شۆڕشگێڕ بوون بەوتەی کانت یانی تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە ئینسان بڕیار بدا خۆی بێ چونکو ئەرکێکی گرینگی لە ئاست خۆیدا بەئەستۆوەیە.**

## هیگڵ و هێزی شتەکان

هیگڵ بە لەبەرچاوگرتنی فەلسەفەی کانت وەک بزووتنەوەیەکی بەرینی مرۆڤایەتی کە ئامانجی وەدیهێنانی کۆمەڵێکی ئینسانییە، هەوڵی دا ئەم فەلسەفەیە بەتەواوی مێژوودا بلکێنێ.

## وانەی کانت

کانت (١٧٢٤–١٨٠٤) بەدامەزراندنی فەلسەفەی خۆی لەسەر بەرپرسایەتی



مرۆڤ لە ئاست خۆی (ئینسان بەرپرسی ژیانی خۆیەتی) ڕێبازێکی دانا کە ئاکامەکانی هێندە گرینگن کە لە پێشدا بەخەیاڵیشیدا نەدەهات. بەوتەیەکی تر، کانت دەورێکی بنەڕەتی دا بە(من)ی ئینسان. فیشتە(٧٧) (١٧٦٢ – ١٨١٤) زۆر زوو لەم ڕاستییە تێگەیی تا ئەو جێیەی کە گوزارەی (من = من) وەک ئەسڵی بنەڕەتی هەر زانستێک خستە بەرچاو. بەوتەی فیشتە کاتێک ئینسان هەست بەبوونی (من)ی خۆی، یانی (من=من) دەکا، ئەسڵی (a=a) کە بناغەی هەموو مەنتیقێکە دەدۆزێتەوە. کەوابوو، چیدی پێویست ناکا کە مرۆڤ سەرچاوەی ئەم ئەسڵە بنەڕەتی نییە لە دونیای (هێماکان)یان لە ئاسماندا بدۆزێتەوە.

ئەو بیرە ئاکامی زۆر شۆڕشگێڕانەی بوو چونکو بانگەوازی لە مرۆڤ دەکرد کە موتڵەق لەناخی خۆیدا بدۆزێتەوە و دەیسەلماند ئەو شتە دەکرێ بەو مەرجەی ئینسان تێ بکۆشێ کارێک بۆ بارودۆخی ئینسانی بکات. بەڵام، لە بیرمان نەچێ کە لەلایەکی دیکەوە، بیرمەندان و شاعیرانی ڕۆمانتیکیش لەم بوارە زۆریان زیادەڕۆیی کرد. ڕۆمانتیسم کە شێت و شەیدای ئەم فکرە نوێیەی کانت و فیشتە بوو، بەبیانووی خزمەت بەمافی ئینسان بۆ دابین کردنی چارەنووسی خۆی، وەک بناغەی هەموو مرۆڤایەتی، دەستی کرد بەپێ هەڵگوتن بەباڵای ئینسان (لە باری فەردی) و نەتەوە (لە باری کۆمەڵایەتی). ئاکامی یەکەم، ڕۆمانتیسم بوو بەمەیدانی ڕمبازێنی (من)ی ئینسان کە بۆ سەپاندنی خۆی حازر بوو لە هەموو سنوورێک تێپەڕێ. ئاکامی دووەم، ڕۆمانتیسم دنەی دا بەسەرهەڵدانی تاوی نەتەوە خوازی توندڕەوانە کە بەدرێژایی چەرخەکانی نۆزدە و بیست ئاگری شەڕی لە زۆر شوێنی دونیا هەڵایساند.

**فەلسەفە بناغەی هەر شتێکی عەقڵییە، فەلسەفە یانی تێگەیشتن لە حاڵ و لە واقیعییەت و نەک سازکردنی (سەرانسۆ)یەک کە خودا دەزانێ لە کوێ هەڵدەکەوێ یا باشترە بڵێین سەرانسۆیەک لەمەکۆی بیردۆزی لایەنگرانە و بێ ناوەرۆک... هەر شتێکی ڕاستەقینە عەقڵییە و هەر شتێکی عەقڵی ڕاستەقینەیە. ئەوە باوەڕی هەر ویژدانێکە کە گیرۆدەی لایەنگری نەبێ و**

**کاتێک فەلسەفە هەردوو جیهانی سروشتی و ڕوحی دەخاتە ژێر لێکدانەوەی خۆی، لەم ڕاستییە دەست پێ دەکا. کاتێک ڕامان، هەست و بەگشتی ئاگایی دەروونی، بەهەر چەشنێک زەمانی ئێستا (حاڵ) وەک شتێکی بێهوودە لەبەرچاو دەگرن یان بەسەریدا تێدەپەڕن و خۆیان بەزۆرزانتر دەزانن، ئەو کاتەیە کە دەکەونە بۆشاییەکی تەواو و، چون ئەو شتانە تەنیا لە زەمانی حاڵدا بوونیان هەیە، لە ئاکامدا، خۆیان دەبنە شتێکی بەتاڵ و بێ کاکڵە. بەڵام لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەی کە نموود (ئیدە) تەنیا وەک ڕایەک لەبەرچاو دەگرێ، فەلسەفە ئەم بیرە دەخاتە مەیدان کە تەنیا نموود واقیعییەتی هەیە، چونکو لە سایەی نموودەوە دەتوانین لە نێوان شتێکی ڕواڵەتی و کاتی، واقیعییەتێکی هەمیشەیی یان زەمانی حاڵ بدۆزینەوە. هیگڵ - بناغەکانی فەلسەفەی حوقووق[78].**

## دێوی (ڕاستەوخۆیی)[79]

هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) یەکەمین کەس بوو کە زۆر زوو ئاگاداری ئەم مەترسییە بوو و هەوڵی دا لە دوو سەرەوە بەرپەرچی داتەوە. لە بارێکەوە وەک خوێنەری نووسراوەکانی کانت دانی بەوە دانا کە ئەسڵی مافی ئینسان بۆ دابینکردنی چارەنووسی خۆی ئەسڵێکی بنەڕەتی و شۆڕشگێڕانەیە. هیگڵ پێداگری ئەوەیە کە هەموو شتێک لەو بیرە بنەڕەتییەوە دەست پێ دەکا کە دەڵێ ئەرکی مرۆڤ دۆزینەوەی "من"ی (کەسایەتی) خۆیەتی. هەرچەند هەموو شتێک لەو "بەخۆداچوونەوە" دەست پێ دەکا، بەڵام ناتوانین ئەم هەستە دەگەڵ "دەروونگەرێکی کتوپڕ" وەک یەک بزانین. ئەم (دەروونگەرییە) تەنیا وێنەیەکی چەوتی ئەو هەستە قووڵەیە. بەوتەیەکی کە، ئینسان بوون، زەمانی دەوێ و شتێک نییە بەتەنیا و دەستبەجێ بەدەست بێ. بۆ ئینسان بوون، مرۆڤ دەبێ خەباتێکی بێ وچان بگرێتە بەر کە بریتییە لە هاتنە دەر لەخۆ، بێگانەبوون لەخۆ بۆ ئەوەی پاشان بتوانێ دەگەڵ ئینسانەکانی تر بگەڕێتەوە نێو زەمان و کۆمەڵ بۆ وەی مەفهوومی ئینسان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ئیجاد بکرێ. بۆیە، فەلسەفە



ئەگەر دەیەوێ دەگەڵ خۆی تەبا بێ، دەبێ بەدرێژایی پەرەسەندنی و لە کاتی خۆیدا، هەموو جارێ کێشەی مرۆڤ و هەلومەرجەکانی وەدیهاتنی بێنێتە گۆڕێ. لە پەرتووکی "دیاردەناسی ڕوح"[80]، هیگڵ بەنیشاندانی دیمەنێکی مێژوویی بەرین سەلماندوویەتی چۆن فەلسەفە بەدرێژایی تەمەنی، هەوڵیداوە مافی "بەخۆداچوونەوەی" مرۆڤ وەک ڕاستییەک هەست پێ بکرێ. لە نووسراوەیەکی دیکە بەناوی "بناغەکانی فەلسەفەی حوقووق"، هیگڵ بەرامان لەمەڕ "عەقلانییەتی حکوومەت"، تێکۆشاوە چاوەندازێکی ڕاستەقینە بداتە پاڵ ئەو شتەی بەبڕوای ئەو بریتییە لە "ویستی بەئازادی ژیان". دەتوانین بڵێین کە هیگڵ دوای خوێندنەوەی نووسراوەکانی کانت و فیشتە و فیلسۆفەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیسم هەوڵی داوە فەلسەفە دەگەڵ جیهانی واقیعییەت ئاشت کاتەوە، چونکو هیگڵ داکۆکی لەسەر ئەو شتە دەکا کە ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ بەڕابواردنی ژیانێکی ئینسانی لە کات و لە شوێنی خۆی، ئینسان بێ، مرۆڤایەتی دەبێتە وشەیەکی بێ ناوەرۆک. لە ڕاستیدا، فەلسەفەی هیگڵ بێ وچان ڕەخنە لە دوو ڕەوشتی فەلسەفی یانی "تەجرید" و "ڕاستەوخۆیی" دەگرێ.

**فەلسەفەی هیگڵ یەکەمین ڕێبازی فکرییە هەوڵی دا فکر دەگەڵ واقیعییەت ئاشت کاتەوە.**

## لە وجوود هەتا دڕدۆنگی:

پێویستی گەڕانەوە بۆ وجوود[81] (هەستی) بۆتە هۆی وەدیهاتنی هێندێک ڕێبازی فکری کە پێیان دەڵێن فەلسەفەی "دڕدۆنگی"[82].

## بیرکردنەوە دوای هیگڵ

مەنتیقی تازەی بیروباوەڕی ڕامیاری کە ماکیاڤێلی خستبوویە ئاراوە، بەدەست هیگڵ بەئاکام گەیشت. ماکیاڤێلی ئەم پرسیارەی هێنابۆ گۆڕێ: "ئایا دەکرێ ڕێکخراوێکی ئینسانی پێک بێت، بێ ئەوەی دەربەندی ئیمانێکی دینی یان مەبەستێکی ئەخلاقی بێ و تەنیا لەسەر واقیعییەتی مەیدانی دامەزرێ".

وەلامی هیگڵ: بەڵێ دەکرێ. لە دونیادا مەنتیقێک هەیە، ئەویش "بەخۆداچوونەوە"یە و لەو شتەی هەیە دەست پێ دەکا بۆ ئەوەی بۆ هەمان شت بگەڕێتەوە. هەروەک فیلسۆفەکانی دیکە وەک هابێز، ڕووسۆ و کانت، هیگڵ باوەڕی بەعەقڵ و واقیعییەت بوو. بەبڕوای ئەو مرۆڤ دەبێ بەپشت بەستن بەخۆی، خۆی بەڕێوە بەرێ چونکو هیگڵ پێی وابوو کە بێ عەقڵی گشتی شتێکی نەشیاوە! جیهان شێت نییە. ئەو لە کتێبەکەی بەناوی بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی حوقووق دەڵێ: "هەر شتێکی ڕاستەقینە، عەقڵییە و هەر شتێکی عەقڵی ڕاستە". بەمانایەکی دیکە، مرۆڤ هەموودەم دەتوانێ دژهۆنێکانی جیهان یا فکری خۆی ڕاست کاتەوە. لە هەمان کاتدا، ئینسان ناتوانێ هەر جۆرێک پێی خۆش بێ بژی یا بیر کاتەوە. مرۆڤ لە ناخی ژیاندا دەژی و لە فکریدا بیر دەکاتەوە، دەنا ژیانی چی و فکری چی! ئینسان خولیای گەمەباز و غافڵە. جاری واشە بەهۆی خولیابوونی، لە بەرامبەر چارەنووسی خۆی ڕادەوەستێ. بەڵام لە ئاست مەترسی مەرگدا هەمیشە نیگەرانە.

ئینسان ویستیاری ژیانە بۆ خۆی و هاوتاکانی نەک مەرگ! لە نێو ئینسانەکان، دەنگی عەقڵ و ژیانەکە دەبیسترێ. بۆیە، شتەکانی جیهان هێزێکیان هەیە! هیگڵ ئەم هێزەی نێوناوە "ڕوح" کە بریتییە لە "بزووتنەوەی خۆگەری" ژیان و مەفهوومی ژیان.

## هەموو شتێک مانایەکی هەیە

ئەو بڕوایەی هیگڵ بەهێزی شتەکان، ئەگەر بەچەشنێکی ناماقووڵانە لێک درێتەوە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی خۆش باوەڕییەکی گەوجانە، بگرە شێتانە کە هەوڵ دەدا بەهەر جۆرێک بێ مانایەک بخاتە پاڵ هەموو شتێک و چارەی هەڵە و نیوەتەواو بدۆزێتەوە بۆ کێشەکانی نێو شتەکان یا بیرەکان. ئەو ڕەخنەیەی کە زۆر فیلسۆف لە هیگڵیان گرتووە چۆن پێیان وایە هیگڵ دێوەزمەیەکی فیلسۆفە کە تێدەکۆشێ هەموو شتێک بەیارمەتی مێشکی چارەسەر بکا و بەتەنیایی لە ناو مێژوو بیر دەکاتەوە! بەڵام، ئەگەر ئەم بیروباوەڕەی هیگڵ چاک



هەڵسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەهیچ چەشنێک شێتانە نییە. بەپێچەوانە، هاندەرێکی زۆر کاریگەرە بۆ بیرکردنەوە. لە ڕاستیدا، کاتێک هەمیشە ئەوەمان لە بیر بێ کە شتەکانی جیهان هێزێکیان هەیە، وەک سپینۆزا ئەوەشمان لە یاد دەبێ کە هیچ شتێکی دونیا هەڵکەوتی نییە. هەموو شتێک مانایەکی هەیە چونکو ژیان بۆ خۆی شتێکی بەکەڵک و پێویستە. بۆیە، ئەو شتانەی کە بەڕواڵەت بێ سوودن، کاتێک لەو بێ کەڵکییە دێنە دەرێ تەواو ژینێکی نهێنی و بەرچاونەکەوتوو دەردەخەن.

**بەسەرنج دان بەبارودۆخی ئێستا، بەخۆم دەڵێم ئەم بارودۆخە تەواو ئەم قسەیەی ستاندال دەسەلمێنێ کە دەڵێ: "بلیمەتی دڕدۆنگ لە دایک بوو". مرۆڤ پێی ناوەتە سەردەمی دڕدۆنگی. با بزانین بالزاک لە ڕۆمانی "ئۆژنی گراندە"(٨٣) بە چ شێوەیەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆک یانی "باوە گراندە" وەسف دەکا. شتێکی نائاسایی لە پشت هێندێک شتی ناسراو شاردراوەتەوە. هەموو جووڵەکانی کەسایەتی چیرۆک هێندێک لایەنی ئەم شتە دەردەخەن. بێ ماناترین شت ڕوویەکی ئەم نهێنییە دەخاتە بەرچاومان. لە ڕاستیدا، مەبەستیش هەر ئەو شتەیە کە دەبێ ئاشکرا کرێ و هەموو جەمسەر و قووژبنەکانی بکۆڵدرێ: ئەم شتە بریتییە لە مادەیەکی پڕ و تازە کە خۆبەدەستەوە نادا و کەڵکەڵەی تۆژینەوەمان تیژتر دەکا. (ناتالی ساروت–(٨٤) سەردەمی دڕدۆنگی(٨٥)).**

فرۆید (١٨٥٦ – ١٩٣٩) بەسەرنج دان بەو شتانەی بەڕواڵەت گرینگییەکی وایان نییە وەک وشە پەڕاندن، کردەی سەرنەکەوتوو یان خەون، ناخی ناوشیاری مرۆڤی دۆزییەوە. هەروەها مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) بەوردبوونەوە لە پووڵ و سەرمایە، بێ ئەوەی بەکەم بایەخی بزانێ یان عەودالی بێ، ساز و کارەکانی کۆیلەتی کۆمەلایەتی دۆزیەوە. و ئاخرێکەی، کیەرکێگار (١٨١٣–١٨٥٥) هێندێک هەستی دەرخست کە فیلسۆفەکانی پێشوو سەرنجی ئەوتۆیان نەدابوویە، وەک دڵەخورپە، گاڵتەجاڕی یان "فریودان" لە ئەوین، چونکو لە جێیەک لەو شتانە گەڕابوو کە کەس فکریشی بۆی نەدەچوو.

ژیان مەڵبەندێکی دەوڵەمەندە. مرۆڤی زیندوو هەمیشە کەڵکەڵەی ژیانە و بۆی زیندووترین شتە! بیری ڕاستەقینە هەمیشە زیندووە و ژیانیش تژی مانایە. فەلسەفەی دوای هیگڵ لەم شتە گەیشت. بۆیە هەمیشە چەشنێک ڕەخنەی چالاکانەی بەکار هێناوە بۆ دۆزینەوەی ژیانی ڕاستەقینە.

**ئامانجی فەلسەفەکانی دڕدۆنگی بەکارهێنانی شێوازێکی ڕەخنەییە کە یارمەتی مرۆڤ بدا ئەو ژیانە نهێنییە کە هەمیشە بێ سەرنج دان لە کەناری تێدەپەڕێ بدۆزێتەوە.**

## شۆپێنهاوێر[٨٦] و ویستی ژیان

شۆپێنهاوێر یەکەمین کەسە کە پێش فرۆید[٨٧] بیری لە ناخی ناوشیار کردۆتەوە.

## بیرکردنەوە دوای کانت

بەڕەخنەگرتن لە هێندێک فیلسۆف کە پێیان وابوو بەیارمەتی میتافیزیک یا بەوتەی وان "زانستەکان" دەتوانن چۆنێتی خوڵقاندنی جیهان شی کەنەوە، کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) سەلماندی کە تەواوی ئەو شتانەی ئێمە لە بارەی جیهانەوە دەیزانین، تەنیا لە ڕێی شاندانی ئەو وێنایانە تێدەپەڕێ کە ئێمە لەسەر جیهان لە مێشکماندا تاقەتمان کردوون، چونکو ئێمە قەت ڕاستەوخۆ دەستمان بەخودی جیهان ڕاناگا! ئەو جیهانەی ئێمە سەر و کارمان دەگەڵێتی هەمیشە جیهانێکە بۆ ئێمە! لەبەر ئەوە دەبێ دیاردەکان یانی ئەو شتانەی دیارن ("فێنۆمێن"[٨٨] لە وشەی یۆنانی "فێنێستای"[٨٩] دێ کە بەمانای دەرکەوتن و ئاشکرابوونە) لە نومێنەکان[٩٠] یانی ئەو سۆنگانەی دەبنە هۆی ئاشکرابوونی شتێک لەبەرچاومان، جیا کەینەوە. نومێنەکان بەوتەی کانت بریتین لە جەوهەری شتەکان و لە ڕاستیدا لە ئیدەی پەتی. ئەگەر ئێمە دەتوانین شتەکانی گێتی بەخۆمان نیشان بدەین تەنیا بەیارمەتی ئیدەی ئەو شتانەیە. هەڵبەت ئەوەش دەبێ بزانین کە دەستی مرۆڤ قەت بەو ئیدانە ڕاناگا!



## شۆپێنهاوێر، ڕەخنەگری کانت

ئەو چەمکە واتە جەوهەری شتەکان لە سەردەمی خۆی کەوتە ژێر ڕەخنەی زۆر کەس. شۆپێنهاوێر (١٧٨٨-١٨٦٠) لەم بارەیەوە دەڵێ: "بۆ ئەوەی بزانین بیری شتێک بەڕاستی بیری ئەو شتەیە ئایا نابێ بزانین کە بیری ئەو شتە بەڕاست بیری ئەو شتەیە؟" کەوابوو باشتر وایە دان بەو ڕاستیە دانێین: زانست و بیری مرۆڤ لەمەڕ شتەکانی جیهان لە لەشی ئەو دەست پێ دەکا، نەک لە ناو وێنای پەتی و خەیاڵی وان، لەشێک کە مەبەستی یەکەمی ڕابواردنی ژیانە! ناسین لە ئینساندا هێدی هێدی و لە ڕووی ویستی ژیانەوە دەست پێ دەکا. بەم جۆرە، مرۆڤ هەوڵ دەدا بێتە ناو جیهان و شتەکانی جیهان بەخۆی بناسێنێ. لەم ڕوانگەوە، دونیای بەرینی ئیدەکان دەبێتە شتێکی ڕاستەقینە. ئەم دونیایە لەودیوی هەستدا هەڵنەکەوتوە، بەڵکو خودی هەستە.

**تەنیا شتێک کە دەتوانێ ببێتە کلیلی زانستێکی ڕاستەقینە بۆ ئینسان، لە ویستی (ئیرادە) ئەو سەرچاوە دەگرێ.. پێناسەی هەر کەس لەسەر ویستی (وێکچووی) ئەو دامەزراوە کە قەت ناگۆڕدرێ. ئەو ویستە پێداگرێکی پتەو دەدا بەنیگای ئینسان. ئینسان دڵە نەک سەر. ناو بەناوبوونی بیردانی ئینسان نیشانەی گرینگی کەمی ئەو هێزە لەودایە. کاتێک خەوێکی قورس ئینسان دادەگرێ، هێزی ناسین و شاندانی ڕادەگیرێن، بەڵام جەوهەری وجوودی ئەو وەستانی نییە. (شۆپێنهاوێر - جیهان بەوێنەی ویست و شاندان[٩١]).**

## هزرڤانی ناخی نا وشیار

بەناساندنی لەشی مرۆڤ وەک کلیلی جیهانی ئیدەکان و بەنیشاندانی ئەوە کە هەموو زانستی مرۆڤ لە ویستی ژیان سەرچاوە دەگرێ، شۆپێنهاوێر یەکەمین کەس بوو کە ناخی نا وشیاری کردە کلیلی ناسینی مرۆڤ. هەڵبەت ڕەسەنایەتی شۆپێنهاوێر تەنیا لە سەلماندنی ئەو شتەدا نییە: بەتێگەیشتن لەو ڕاستییە کە مەیلی ژین لە ئینسانەکان ئەوان بەرەو ژیان، خۆ ڕاهێنان و، خۆ سەپاندن و لە هەمان کاتدا بەرەو سەوداسەری و دڕندەیی دەبات، شۆپێنهاوێر بەو ئاکامە

گەیشت کە ئەو مەیلە دژهۆنێکی هەمیشەییبیە لە ناخی مرۆڤدا. ڕاستە ئەگەر مەیلی ژین نەبا، ئینسانەکان شتێکی وا نەدەبوون، بەڵام مرۆڤ هەمیشە قوربانی و چەوساوەی ئەو مەیلەیە! بەم چەشنە، دووەمین نهێنی کە لە پەیوەندی دەگەڵ بارودۆخی مرۆڤدایە خۆی ئاشکرا دەکا. چارەنووس هەیە، بەڵام نەک لەو جێیەی بیری لێ دەکەینەوە. چارەنووس لە وجوودی خۆماندایە. حیکمەتی ڕۆژهەڵات و عیرفانی مەسیحی دوو ڕێبازی قووڵن چونکو هەردووکیان لەو ڕاستییە ئاگاداربوون کە ئەگەر مرۆڤ دەیەوێ چیدی قوربانی مەیل و تاسەکانی خۆی نەبێ، تەنیا ڕێگایەکی زیاتر نییە: وازهێنان لە ژیان بەدەست هەڵگرتن لە ویستی ژیان. چۆن؟ بۆ ئەو کارە ئەوانەی هۆگری دینن دەتوانن هەستی خۆپارێزی و پیرۆزێتی لە خۆیان پەروەردە کەن. ئەوانەی هۆگری هونەرن دەتوانن ئەم هەستە لە ئاسەوارەکانیاندا بگونجێنن و فیلسۆفەکانیش بەبەخێوکردنی ڕەشبینی چالاکانە دەتوانن بەو ئامانجە بگەن. ژیان ئەو وێنایە نییە کە مرۆڤ بەخەیاڵی دادێ. مرۆڤ گیرۆدەی ئەم وێنایانەیە کە لەسەر شتەکانی جیهان لە مێشکیدا تاقەتی کردوون و لە ڕاستیدا بۆ ئەو وێنانە دەژی. هەر بۆیە، مرۆڤ دەبێ دەست لە ژین هەڵگرێ!! ئەفلاتوون زۆر لەمەوبەر گوتبووی: "هەوڵ بدە وێنایەکت نەبێ!". جیهانی ئەمڕۆ گیرۆدەی وێنایە و زۆر لەو ئامۆژگارییەی ئەفلاتوون دوورە.

**ئینسان گیرۆدەی هێندێک خەیاڵ و وێنایە کە بۆ خۆی لەسەر خۆی سازی دەکا. بەوتەی شۆپێنهاوێر، بۆ ئەوەی چیدی دەربەندی ئەم وێنایانە نەبێ، مرۆڤ دەبێ دەست لەوە هەڵگرێ کە بۆ ئەو وێنا و خەیاڵانە بژی.**

## کیەر کێگار[٩٢] و هەستی (وجوود)

کیەر کێگار فیلسۆفی مەزنی سەوداسەرییە[٩٣]. بەبڕوای ئەو سەوداسەری (ئەوین) قووڵترین نیشانەی بوونی مرۆڤە.

## ڕێزگرتنی دووبارە لە وجوود

هەرچەند شۆپێنهاوێر (١٧٨٨–١٨٦٠) سەودای "ژیانخوازی" و ئارەزووە نەگونجاوەکانی ئینسان مەحکووم دەکا، بەڵام ناکرێ تەواوی هەستی (وجوود)



تەنیا بەقەبارەی ئارەزووە نەشیاوەکان لێکدەینەوە. ئەگەرچی ویستی ژیان و خولیا دەگەڵ یەک لە پەیوەندی دان، بەڵام هەر تەنیا دیمەنی بێ فەڕی نییە (لایەنی زیانبەخش). دوای گوێدان بەوانەکانی هیگڵ لە شاری بێرلین و هاتوچۆکردنی کۆڕی ئەشراف، پاش هەوڵێک بۆ دەسگیران گرتن و دوای هاموشۆکردنی قەشەکانی مەسیحی کە لەو سەردەمە زۆر لەبەرچاو بوون، کیەر کێگار هەروەک پاسکال بۆی دەرکەوت کە ئینسانی ڕەسەن و ڕاستەقینە زۆر بەدەگمەن پەیدا دەبێ! زۆر جار مرۆڤ خۆی لە پشت زمانی یا گەمەی نێو مەجلیسان یان کاری ڕۆژانەی دەشارێتەوە و بەم چەشنە حاشا لە بوونی خۆی دەکا یا لە هاتنی کاتێکی مێژوویی خۆی دەپارێزێ: ئەو کاتەی هەمیشە پڕە لە دڵەخورپەیەک کە بریتییە لە سەلماندنی ئازادی خۆ بەئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بنەڕەتی کە بۆ تەواوی ژیان پابەندی کا. بەداخەوە زۆرینەی خەڵک مەیلیان لە ڕواڵەت بازییە و پێیان خۆشە هەمیشە لە "دەڵێی"دا بژین. دەڵێی دونیا هەموو کات بەرەو باشی دەڕوا و دەڵێی هەموو شتێک زۆر ئاساییە. لە حاڵێکدا، وجوود هەمووی کارەساتە. هیچ شتێک نە ئاساییە و نە بەرەو چاکبوون دەچێ. زۆر تەکووزی هەن کە جگە لە شێواوی نین کە پشت هێندێک شێوازی ڕواڵەتی شاردراونەتەوە. بۆچوونێکی ئاوا گەشبینانە تەنیا ئاکامەکەی ئەوەیە کە تەنیا ڕەوتی ژیان دەشێوێنێ، چۆن کاتێک خۆت بەژیانێک ڕازی دەکەی کە هیچی بەلای ژیانەوە نییە، ژیانی ڕاستەقینە یا ئەو ژیانەی دەتوانی بت بێ لە کیس خۆت دەدەی. لەبەر ئەوە، کیەر کێگار، وەک پارێزەرێکی بەتینی ژیان و هەستی دێتە بەرچاومان.

**"ئەگەر قەرار بێ ڕۆژێک لەسەر گۆڕم شتێک بنووسرێ، پێم خۆشە تەنیا ئەوە بنووسن: "فەرد"ێک بوو. ڕەنگبێ جاری یەکەم زۆر لەم وشەیە نەگەن، بەڵام ئاخریەکەی ڕۆژێک تێدەگەن. فەرد (یان تاکە ئینسان) بریتییە لە چەشنێک هێزی بیرکردنەوە یان هەستانی ئەو هێزە. هەڵبەت ئەو هێزە دەگەڵ ڕامیاری زۆر سازگار نییە. ئەم چەشنە، بۆ جاری یەکەم لە لایەن سوقرات و بەمەبەستی بەربەرەکانێ دەگەڵ ئایینی چەند خودای یۆنانی کۆن هاتە کایەوە. لە دینی**

**مەسیحییەتدا، بۆ جاری دووەم و بۆ مەبەستێکی پێچەوانە خراپە کار: مەسیحی کردنی مەسیحییەکان! (کیەر کێگار – تاکە ئینسان[٩٤]).**

## لە دۆن ژوان[٩٥] هەتا مەسیح

وجوود بەمانای دەقاودەق یانی هاتنەدەر لە خۆ، لە خۆ تێپەڕین و ڕۆیشتن بۆ ئەوپەڕی توانایییەکانی سروشتی خۆ. کەوابوو وجوود بەمانای بوون یانی واقیعییەت یا ژیانی بیولۆژیک نییە. وجوود یانی تێپەڕین لە واقیعییەتی ساکار و ژیانی تەواو بیولۆژیک. لەم ڕوانگەوە مرۆڤ دەتوانێ بژی بێ ئەوەی وجوودی بێ! ئەوە شتێکە لە ژیانی تەوەزەلانەی هەمووومان بەرچاو دەکەوێ: هەر کەس بەڕواڵەت خۆیەتی بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. پیاو بەپەنابردن بەمەشخەڵەکانی مادی، هێندێک گەمەی خۆخافڵاندن و سەرگەرمی نێو کۆڕ و مەجلیسان و بەخۆ ڕازیکردن بەبەختەوەرێکی نیوەچڵ هەوڵ دەدا لە پرسیارە بنەڕەتییەکان هەڵێ. لە ژیانێکی شیانی وجوود، "مرۆڤێکی بەوجوود" ڕازی نابێ لەم کێشە سەرەکییانە هەڵێ و قەناعەت بەژیانێکی نیوەچڵ بکا، بەڵکو ئازایانە لە دونیایەکی یەخسیری ڕواڵەت بازی، جاڕزبوونی خۆی لەم بارودۆخە ڕادەگەیەنێ. بەم جۆرە بەڕاوەستان لە ئاست تەنیایی خۆی، ئەو ژیانێکی دیکە یا باشترە بڵێین وجوود دەدۆزێتەوە.

بۆ کیەر کێگار، وجوود نێوێکی دیکەی خودایە. وجوود ناوەرۆکێکی دینی هەیە. بەوتەی کیەر کێگار، کاتێک مرۆڤ هەست بەنیازی وجوود دەکا، لە ڕاستیدا بەرینایی دەدۆزێتەوە. ئەو ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ کە لە ژیاندا، لایەنێکی بەرین هەیە کە لە هەموو شتێک بەرزترە و شیاوی ئەوەیە مرۆڤ هەموو شتێکی بۆ بەجێ بێڵێ، چونکو هەر ئەم لایەنەیە کە مەزنێکی ڕاستەقینە دەدا بەمرۆڤ. هەستی بەرینایی زۆر جار بەخولیابوون دەست پێ دەکا. ئەوینداری وەک دۆن ژوان[٩٦] کە تەواوی ژیانی خۆیان فیدای ئەوینی (سەودا) خۆیان دەکەن، لەسەر ڕێی بەرینایی دان، هەرچەندە فیشاڵی پێچەوانە لێ بدەن. ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ بەرینایی لە بواری ئەخلاقیش بەرچاو



دەکەوێ: مرۆڤی تینووی عەدالەت وەک سوقرات ئامادەن خۆیان قوربانی کەن هەتا کۆمەڵێک مرۆڤی شایەنی نێوی ئینسان دروست بن. بەڵام هەستی بەرینایی بەتایبەت لە دین بەرچاو دەکەوێ چونکو لە دیندا گەورەیی بۆ گەورەیی دەچێ و نەک تەنیا بۆ ئەوین یا مرۆڤایەتی. گەورەیی لە دیندا بەڕاست پێکدێت و مرۆڤ بەڕاست دەبێتە ئینسانێکی مەزن و زیندوو، وەک مەسیح کە بەڕابواردنی وجوود هەتا مەرگ، هەتا ئاخری هێڵی وجوود ڕۆیشت.

**بەبەرگری بەتین لە وجوود، کیەر کێگار سەرچاوەی هاتنی ڕێبازێکی فەلسەفییە کە لەسەر ویژدانی ئەخلاقی دامەزراوە.**

## مارکس[٩٧] و ڕەخنەی سەرمایە

مارکس لەو بڕوایەدا بوو کە گەیشتن بەوجوودی ڕاستەقینە تەنیا و تەنیا لە ڕێی نەمانی چەوسانەوەی ئابووری دەکرێ چونکو چەوسانەوەی ئابووری دەبێتە هۆی کۆیلەتی ئینسان لە ژیاندا.

## لە بارەی گرینگی وریابوون

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە تینووبوونە بۆ مانا: هیگڵ، شۆپێنهاوێر و کیەر کێگار هەوڵیان دا ئەم تنیوونێتییە دامرکێنن. بەڵام مۆدێرنیتە تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە، ئەویش دڕدۆنگییە. دڕدۆنگ بوون لە کەسێک یانی تاوانبارکردنی ئەو کەسە بەبۆچوونێک، بەڵام دڕدۆنگ بوون بەمانای گومان بردن و پێشبینی کردنیش دێ. لێرەدا، دڕدۆنگ بوون مانایەکی فەلسەفی دەگرێ چون فیلسۆف هەست بەشتێک دەکا کە شاردراوەیە. بەهەرحاڵ هەردوو مانا لێک نێزیکن. مارکس (١٨١٨–١٨٨٣)، نیچە[٩٨] (١٨٤٤–١٩٠٠) و فرۆید (١٨٥٦–١٩٣٩) سێ مامۆستای مەزنی دڕدۆنگی نوێخوازانەن چونکو هەرسێکیان (وەک کیەر کێگار) هەستیان بەوە کردبوو کە زۆریش ژیرانە نییە مرۆڤ زۆر زوو دەگەڵ دونیا ئاشت بێتەوە. مرۆڤ نابێ خۆی بەڕوانینی سروشت ڕازی بکا بەڵکو دەبێ هەوڵ بدا بنەڕەتیەکی خەبات بخاتە کایەوە.

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بەچاولێکردنی خۆشبینانە بەدونیا خۆی دەگەڵ ڕێک خا لەو مەترسییەدایە کە ببێتە قوربانی ڕواڵەت و دیمەن و، خراپە بەچاکە دانێ یا چاکە بەخراپە. بۆیە بۆ ئینسان گرینگە وریا بێ و چاوی بکاتەوە. تەنیا ڕێگاش بەکارهێنانی شێوازی دڕدۆنگییە.

## ئەزموونی بارودۆخی چینی کرێکار

مارکس بەلێکۆڵینەوە لە بارودۆخی چینی کرێکار لە سەدەی نۆزدەم، ڕێبازێکی ڕەخنەیی چالاکانەی گرتە پێش. ئادام سمیت[٩٩] (١٧٢٣ - ١٧٩٠) دامەزرێنەری ئابووری ڕامیاری[١٠٠] بڕوای ئەوە بوو کە دەستێکی غەیبی ئابووری بەڕێوە دەبا، ئەویش بەگۆڕانی داوای قازانجی شەخسی بەقازانجی هەمووان (سامان بۆ هەموو کەس)، ئەویش لە ڕێی هێندێک ڕێکخراوی ئابووری کە دەتوانن ئەو قازانجە گشتییە جێبەجێ بکەن. مارکس دەڵێ: تەجرەبە نیشانی داوە کە ئەم گۆڕانە سیحراوییە شتێکی درۆیە. کرێکار دەربەندی ماشێنە و بەئەنجامدانی ئیشێکی سەرسامهێنەر کە ئاخرییەکەی دەیکاتە ماشێن، لە باری ئینسانی دێتە دەرێ.

لە حاڵێکدا کرێکار خەریکی ئیشێکی قورسە و بەهۆی مووچەیەکی زۆر خوارتر لە مافی خۆی قەت ناتوانێ پێداویستییەکانی ژیانی دابین کا، سەرمایەداری سەوداگەر و سوودخۆر بێ کارکردن، تەنیا لە سایەی هەڵسووڕانی بازاڕ پووڵێکی زۆر دەخەنە گیرفان چونکو شێوەی هەڵسووڕانی بازاڕ ئیجازەیان پێ دەدا سەرمایە بخەنە کایە و تەنیا لە ڕێی لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕ و نەوەسانەکانی بازاڕ سەودا بکەن. ئاکامەکەی ئەوەیە کە لە دونیایەکی ئاوەژوودا دەژین. سەیر ئەوەیە کە ئەو دونیایە زۆریش بەدونیایەکی ئاسایی لە لقاو دەدرێ.

**کەسایەتی کرێکار بەشێوەیەکی دەروونی ئەو ڕاستییە دەردەخا کە سەرمایە ئینسانێکە کە بەتەواوی خۆی لێ ون بووە. کرێکار سەرمایە بەرهەم دێنێ و سەرمایە کرێکار! کەوا بوو کرێکار خۆی بەرهەم دێنێ و ئینسان وەک کرێکار و وەک کالا، بەرهەمی ئەم سووڕانەیە. بۆیە، لەو کاتەی سەرمایە لە دەست کرێکار دێتە دەرێ، کرێکار ئیدی وجوودی خۆی هی خۆی نییە، نە کار هەیە نە مووچە و، چونکو تەنیا وەک کرێکار وجوودی هەی نەک وەک ئینسان، هیچ چارەیەکی نییە دەبێ لە برسان بمرێ! لە دەرەوەی بواری ئابووری، کرێکاران تەنیا مێردەزمەی ئابووری ڕامیارین. (مارکس - دەستنووسەکانی ساڵی ١٨٤٤[١٠١]).**

بەبڕوای مارکس، ئادام سمیت فریوی لیبێرالیسمی[١٠٢] (یا سیستەمی ئابووری ئازاد) خوارد، چونکە لە کاتی گۆڕینەوەی کالا بەپووڵ، زۆر کالا بەیەک نرخ دادەندرێ لە حاڵێکدا یەک بایەخ نین. بۆ نموونە جووتێک کەوش کە دە سەعات کاری لەسەر کراوە و کەوایەکیش کە هەشت سەعاتی گرتووە، هەردووکیان بەپێنج هەزار تمەن دادەنرێن و هێندێک لەسەر ئەم کارە بەقەولی خۆیان "معامەلە" دەکەن و لە معامەلەی خۆیان قازانجیش دەکەن. بۆیە هێندێک باوەڕیان بەلایەنی سیحراوی پووڵ و هێزی ناوەکی بازاڕە!

ئەگەر کۆمەڵ بەگشتی پڕ لە دژهۆنی و ناڕێکی بەرچاوە، بەهۆی سیستەمی ئابووری نێو کۆمەڵەکە بەدانی مافێکی تایبەتی بەسەرمایە و سەوداگەری لە بەرامبەر کاردا، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی هێندێک کەس لە ڕێی معامەلەی سیحراوی! ئەو ڕاستییە کە ئینسانەکان لە ئاست ئەو کێشەیە ئاگاییەکی بەرەو ئاوەژوویان هەیە (مارکس نێوی دەنێ "ئاگایی خەپێندراو") کە دەبێتە هۆی ئەوە کە هۆگری شتی ناماقووڵ، هەڵکەوتی و ڕواڵەتی بن و لە هەمان کاتدا لە ئاست زوڵم و زۆری دەوروبەری خۆیان کەمتەرخەم بن و بگرە لەگەڵ ئەوانەی دژی ئەو سیستەمەن دوژمنایەتی بکەن، ئاکامی ئەو بارودۆخەیە. بۆیە، فەلسەفە دەبێ تێبگا کە خەبات دژی کردەوەی ناماقووڵ و چەوت نابێ تەنیا خەباتێکی نەزەری (تێئۆریک)ی نێو پەرتووکان بێ بەڵکو خەباتێکی بەکردەوە بێ کە مەبەستی ناساندنی بایەخی کار بێ. تێکۆشانێکی وا دەبێ یارمەتی مرۆڤ بدا بگەڕێتەوە نێو جیهانێکی ئینسانی ڕاستەقینە کە ئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی (تەولید) ڕاستەقینە بێ.

**بەخەباتکردن بۆ گەڕانەوە بۆ وجوودێکی ڕاستەقینە، مارکس بەرگری لە بایەخی کار لە بەرامبەر بایەخی سەرمایە کرد.**

## نیچە و ئەخلاق

بەبڕوای نیچە، بۆ گەیشتن بە وجوودی ڕاستەقینە، مرۆڤ دەبێ لە مانای ئەخلاق بکۆڵێتەوە.

## پارادۆکسی[١٠٣] ئەخلاق

مارکس هەوڵی دا نیشان بدا لە نێو کۆمەڵ جۆرێک خاپاندن لەمەڕ سروشتی پووڵ و سەرمایە لە گۆڕدایە. لە لایەکی دیکە، نیچە (١٨٤٤ - ١٩٠٠) سەلماندی کە چەشنێکی دیکەی خاپاندن هەیە کە دین و ئەخلاق دەگرێتەوە. بەبڕوای ئەو، شتێک ئەوە دەسەلمێنێ: ئەو ڕاستییەی کە بەنێوی ئەخلاق و دین، زۆر حکوومەتی دیکتاتۆری بەرپا کراون و زۆر پیاوکوژی و جینایەت ڕوویداوە. ئەم ڕووداوە شتێکی ساکار و هەڵکەوتی نییە. بۆچی، لە حاڵەتێکدا دین دەبێ لە مرۆڤ مەوجوودێکی نوورانی دروست کا و هەستی جوانی و ئەوین لەودا پەروەردە کا، ئینسانهایەک هەن کە بەنێوی دین تۆوی ڕق و ڕەشەکوژی دەچێنن؟ هەروەها بۆچی ئەخلاق کە بریتییە لە مەشقی ڕاستی و دروستی ئینسانی لە ڕێی چاکەکردن، بۆتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی کە بەجێی ڕاهێنانی چاکە مەبەستی ئازاردانی ئەو کەسانەیە کە بەڕواڵەت ئەخلاقی نین؟ ئایا دەکرێ ئەو هەموو ڕووداوە بەهەڵکەوت بێنە پێش؟ نیچە دەڵێ هیچ شتێکی هەڵکەوتی لەو مەسەلەیەدا نییە. ئەگەر ئەخلاق و دین بەم جۆرە جووڵاونەتەوە، هۆیەکەی بوونی شێوەیەکی تایبەتی دینداربوون و ئەخلاقی بوونە، شێوەیەک کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە.

**ویستی شادمانی ئەبەدی بوونی هەموو شتێکە، قووڵاییە، قووڵاییەکی هەمیشەیی. (نیچە - زەردەشت وای دەگوت[١٠٤]).**

## دوو جۆر ئەخلاق

نیچە دەڵێ دوو جۆر ئەخلاق هەیە: ئەخلاقی بەرزەفڕان و ئەخلاقی ژێر دەستان. ئەخلاقی بەرزەفڕان بریتییە لە ڕابواردنی ژیان بێ سکاڵاکردن و ڕوو



ترشکردن و بێ کینە و بەڕووی خۆش نیشاندان بەژیان. ئەخلاقی ژێر دەستان یانی ڕابواردنی ژیانێکی پڕ سکاڵا و ڕق و تووڕەیی. بەهۆی ئەم ڕق و کینەیە سەبارەت بەژیان، ئەخلاقی ژێر دەستان تەنیا ئارەزووی تۆڵە هەستاندن و ڕق ئەستوورییە. بۆیە هەمیشە لەعنەت کردنی ژیان و بەتاوانبار زانینی ئەو یا ئەم بەشەی مرۆڤایەتی بۆ پێش نەچوونی ئێشی مرۆڤ، ئەم ئەخلاقە هەمیشە دژی وجوود جووڵاوەتەوە. لە باری مێژوویی، ئەم چەشنە ڕەفتارە بۆتە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵگای بەستراو و بەندکراو کە تەنیا کاری بەتاوانبار زانینی کەسانی تر و پەرەپێدانی هەستی ڕق و تووڕەییە دەرحەق بەئازادی و خوڵقاندن.

**دەمەوێ پێتان بڵێم کام بیر دەبێ بیێتە، هۆ، سۆنگە و خۆشی هەموو ژیانم: ڕاهاتن بەدیتنی جوانی لە پێویستی شتەکانی جیهان: بەم جۆرە دێمە ڕیزی ئەو کەسانەی جوانکاری دێەنن! لەوە بەولاوە دروشمی من ئەوەیە: "ئەوینی چارەنووس[١٠٥]" تەنیا تاسەت بێ. نامەوێ دژی ناحەزی بەشەڕ بێم، نامەوێ کەس تاوانبار کەم، بگرە تاوانبارکەران! لە ئەوڕۆوە، دەمەوێ تەنیا هۆگری ژیان بم. (نیچە - هەڵبەستی شاعیرانی گەڕۆک[١٠٦]).**

بۆیە، نیچە ئەو دوو دەستەیە یانی ژێردەست و باڵادەست لە بەرامبەر یەک دادەنێ. لاوازی مرۆڤ هەمیشە بەهۆی ئەوە بوو کە "دژی..." ژیاوە لە حاڵێکدا بەهێزبوونی بەوەیە کە "بۆ" شتێک ژیاوە. بەبڕوای نیچە، ئەو ژێردەستییە هێندە بەهێزە کە ژێرانە خۆی خستۆتە پاڵ دین و ئەخلاق، حکوومەت و هەموو پلەکانی کۆمەڵ بەجۆرێک کە ئەوڕۆ بۆتە سروشتی دووەمی مرۆڤ. هەر بۆیە، لە زەمانی ئێمەدا، بەمردنی تەجرەبەیەکی ڕاستەقینەی یەزدان، دین نشستی کردوە و تەنیا ڕێبازێکی ئەخلاقی لێ دەرهاتووە. هەروەها بەهۆی نەبوونی ئەزموونێکی واقیعی ئینسان، ئەخلاق بۆتە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و، ئەم ڕاستییە بەنۆبەی خۆی بۆتە هۆی لە دەست چوونی مانای ژیان لەبەر چوونە سەری هەستی پووچ باوەڕانە (نیهیلیسم):

کابرای پووچ باوەڕ دەڵێ: "بەکاری چی دێ؟" ئەوڕۆکە، فەرهەنگ بەجێی

ئەوەی مەکۆی خولقاندن و هەستی بەرزی ئەخلاقی و ڕوحی بێ بۆ بەهێزکردنی مەیلی ژیان، خۆشەویستی و بیرکردنەوە، بۆتە مەیدانی ڕق و تووڕەیی هێندێک کورتبین کە هەوڵ دەدەن هەستی بێزاری لە ژیان لە نێو مرۆڤدا پەروەردە کەن بێ ئەوەی کەس بوێرێ لە بەرامبەریان ڕاوەستێ.

نیچە دەڵێ: بۆ خەبات دژی ئەو چەوتییە، دەبێ ئینسان مانای ڕاستەقینەی بیرکردن یانی لە پێش هەموو شتێک ژیانی بێ کینە بدۆزێتەوە. ژیانی بێ ڕق و تووڕەیی بەمانای خۆشویستنی هەموو شتێک یان هەموو کەس نییە، بەڵکو بەمانای دەست هەڵگرتنە لەو چەشنە بیرە کە دایە خەریکی عەیب گرتن، بەگژداچوون و ڕەخنەگرتن لە هەموو خەڵکە. ئەو دەست کێشانەوەی مرۆڤ هەروەها دەبێ یارمەتی بدا بەگوتنی "بەڵێ" بەئازادی بژی.

**بەبڕوای نیچە، وجوودی ڕاستەقینە نەک لە ڕێی بێزاری پووچ باوەڕانە لە ژیان و لە هەستی، بەڵکو تەنیا لە ڕێی دەربڕینی هەستی بەختەوەرانەی ژیان دێتە دی.**

## فرۆید و "من"(١٠٧):

بەبڕوای فرۆید، عاشق بوونی ئینسان بە"من"ی خۆی کۆسپێکی گەورەیە بۆ گەیشتنی بە وجوودی ڕاستەقینە.

## حەکیمێک لەسەر باڵینی فەرهەنگ

مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) و نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) لە ڕاستیدا وەک دوو پزیشک بوون کە بچنە سەردانی نەخۆشێکی سەرەمەرگ. ئەوان هەوڵیان دا لە هێندێک نیشانە بکۆڵنەوە کە شارستانییەتی کاتی پەرەی پێدابوون و هاتبوونە سەر ئەم بڕوایە کە ئەم شارستانییەتە نەخۆشە، هەم بەهۆی بونیاتێکی ئابووری نالەبار و هەم بەهۆی ئەخلاق یا دینی زۆر کۆمەڵ پەسەند. فرۆیدیش (١٨٥٦-١٩٣٩) هەر بەو چەشنە جووڵاوە. کاتێک لە شاری "ڤیەنا(١٠٨)" پێتەختی ئۆتریش (نەمسا) دەستی بەکاری پزیشکی کرد، چاوی بەهێندێک ژنی



دەوڵەمەند کەوت کە تووشی هیستێریا بوون. بەمعاینەکردنی ئەو ژنانە، فرۆید بۆی دەرکەوت کە ئەو نەخۆشییە لە بێبەشی جینسی (مەحرووم بوونی) ئەو ژنانە سەرچاوە دەگرێ. ئەو ژنانە کە لە لایەن مێردەکانیان بەرەڵڵا کرابوون، بەهۆی زاڵبوونی ئەخلاقێکی "پەتی(١٠٩)" بەسەریاندا، نەیاندەوێرا باسی نیازی جینسی خۆیان بکەن. بۆیە، ئەم بارەی خۆیان بەشکڵی قەیرانی هیستێریایەک دەردەبڕی. کەوا بوو، لەشی ئەو ژنانە زمانی حاڵی وان بوو! هەروەها نەخۆشی هیستێریا بۆ خۆی زمانێکە. بەدرێژەدان بەو لێکۆڵینەوەیە، فرۆید بەو ئاکامە گەیشت کە ئینسان پێش ئەوەی بوونەوەرێکی ئاگا بێ، گیانلەبەرێکی پڕ نیاز و تاسەیە و ئاشکراترین نیشانەی لە ڕێی نیازی جینسی دەردەخا! بەڵام مرۆڤ مەجبووره ئەو مەیلانە سەرکوت کا ئەگینا مەترسی ئەوەی هەیە کە وەک ئینسانێکی دژ بەکۆمەڵ و ناسازگار دەگەڵ ژیان لە لقاو درێ! بۆیە، ئینسان تەنیا کاتێک دەتوانێ بەو جۆرەی ئارەزوویەتی بژی کە قەوارەیەکی بەرز بداتە مەیلەکانی و بیانگۆڕێتە ئاسەواری هونەری، زانستی و فەرهەنگ بەگشتی. لە ڕاستیدا، مەیلی ئینسان بەقیمەتی دیالێکتیکی زۆر ورد و حاستەم ئەو ڕێگەیە بۆ خۆی خۆش دەکا و مرازەکانی دادەمرکێنی. ئەم ئاڵوگۆڕە دەبێتە هۆی خولقاندنی بەرزترین ئاسەوارەکانی فەرهەنگی، زانستی و هونەری. کاتێک ئەم گۆڕانکارییە لە ئارادا نەبێ، ئاڵۆزی ژیانی ڕۆژانە، پەرێشانی ڕەوانی (نێڤرۆز) و وڕینە دەبنە تەنیا ڕێی دەربڕینی مەیلێک کە دەرتانی ژیانی لێ براوە!

## نەخۆشی "من"

لە کاتی پەرە گرتنی ژیانی ڕەوانی، ساتێکی زۆر ناسک هەیە کە دەگەڵ "خۆ خۆش ویستن" (نارسیسیسم)(١١٠) پەیوەندی هەیە. نارسیسیسم یانی عاشقی خۆ بوون. ئەوینێکی وا پێویستە. لە نێوان ئەودەمەی کە خۆشەویستی دایک و بابێتی و ئەودەمەی دەست دەکا بەخۆش ویستن لە دەرەوەی خێزانی خۆی، منداڵ مەودایەکی نێونجی تێپەڕ دەکا. لەو مەودایە، منداڵ شەیدای خۆی دەبێ و ئەو خۆشەویستییەی بۆ دایک و بابی بوو، دەخاتە سەر خۆی. ئەگەر ئەو مەودایە

درێژەی بێ، منداڵ ئیدی کەسی جگە لە خۆی خۆش ناوێ! ئەو کاتە، مەیلی خۆش ویستن دەبێتە دەربایستی خۆی و هەر جارێک کە منداڵ لە خۆش ویستنی کەسانی دیکە سەرناکەوێ، بەخۆش ویستنی نەفسی خۆی قەرەبووی دەکاتەوە.

**ئینسان لە جێیەک لە نێو "من"ی خۆی ئامێرێکی کۆنترۆڵی تاقەت کردووە کە چاودێری ئەو دەکا بۆ ئەوەی تەواوی هەست و خوست و کردەوەکانی دەگەڵ داواکانی یەک بگرنەوە. بەڵام بەداخەوە ئەم مەیلانە بێ بەزەییانە سەرکوت دەکرێن و پێشیان لێ دەگیرێ. ژیانی ڕەوانی لە تۆدا دەگەڵ ژیانی وشیارت یەک ناگرنەوە. کێ دەتوانێ تەواوی هەست و خوست دەروونی تۆ هەڵسەنگێنێ لە حاڵەتێکدا بۆ خۆت هیچی لە بارەوە نازانی یان ئەوەی دەشیزانی ناڕاستە؟ تۆ وەک پادشایەکی فەرزین (هێزان یا موتڵەقە) دەجووڵێیەوە کە تەنیا گوێ دەداتە ئەو هەواڵانەی کاربەدەستانی دەربار دەیدەنێ و هیچ وەخت نایەتە نێو خەڵک بۆ گوێدان بەویستەکانی! بەقووڵی بڕوانە (بگەڕێوە) دەروونی خۆت و لە پێش هەموو شتێک فێری ئەوەبە خۆت بناسی. ئەو کاتە، بۆت دەردەکەوێ بەو زووانە ڕەنگە نەخۆش کەوی یا لەوانەیە خۆت لە نەخۆشی بپارێزی! (فروێد – چەند وتار لەسەر دەروون توێژی عەمەلی[١١١]).**

نارسیسیسم دەتوانێ کۆسپ بخاتە سەر ڕێی ژیانی هەستیارانەی (ئیحساسی) مرۆڤ و ببێتە چەشنێک فیز و دەعیە لە ئینساندا کە بەقووڵ نەکردنی هەر شتێک کە لایەنگری نەفسی ئەو نەبێ، تەواوی ژیانی بخاتە تەنگانە. لەم حاڵەدا، بەنیشاندانی خۆپەرستێکی لە ڕادە بەدەر، ئینسانی گیرۆدەی ئەو نەخۆشییە، هەر کەسێک جگە لە خۆی ڕەت دەکاتەوە! هەروەها دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی فکر کە نیشانەی ژیان و جووڵانەوەیەکی خولقێنەرە لە ناخی ئینساندا. کاتێک سوقرات (٣٣٩ – ٤٧٠ی پێش زایین) بڕیاری دا بیر کاتەوە و خەڵکی زەمانی خۆشی بۆ ئەو کارە هان دا، تووشی کۆسپی لەچەرانەی نارسیسیسمی خەڵک بوو. بۆیە، هەستی بەوە کرد کە دەبێ ببێتە مامای ئینسانەکانی سەردەمی خۆی بۆ بیرکردنەوە. کاتێک فروێد لە سەدەی نۆزدەم،



ناخی نا وشیاری دۆزییەوە، دەگەڵ کۆسپێکی ئەوتۆ بەرەوڕوو بوو و کەوتە بەر هێرش و ڕەخنەی ئەو کەسانەی دیلی نارسیسیسم بوون و نەک تەنیا خەڵکی تر، بەڵکو هەموو ژیانێکی خولقێنەری فکریان ڕەت دەکردەوە (وەک مەیلێک کە لێیان قوتار ببێ). دەبێ بڵێین کە بەهاتنی ڕێبازی ئومانیسم[١١٢] (ئینسان باوەڕی)، فەرهەنگی ڕۆژاوا بەپێ هەڵگوتن بەباڵای ئینسان و زەینی وشیاری، نارسیسیسمی پەرە پێدا. بۆیە لە باری بیردۆزییەوە هاتنی فروێد گەلێک گرینگە. بیردۆزی ڕاستەقینە، تەواو وەک "دەروون توێژێکی سەرکەوتوو" (پسیکانالیز یا ڕەوانکاری) وایە.

**لەشی ئینسان هەڵگری ژیانە، بەڵام شاڵاوی "من" دەبێتە هۆی ئینکاری ئەم شتە لە لایەن ئینسان. فروێد بەدۆزینەوەی ناخی نا وشیار هەوڵی دا پەیوەندی نێوان ئینسان و ژیان دووبارە زیندوو کاتەوە.**

## ڕۆشنگەری لەژێر پرسیار

هێندێک بیرمەندی سەدەی بیستەم پێیان وایە کە عەقڵ پەرستی وەک بەرهەمی فیلسۆفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری (سەدەی هەژدەم) هۆی سەرەکی ئەم توندوتیژییەیە کە لە دونیای ئەمڕۆکە بەرچاو دەکەوێ.

## ئامانجی بەرزی ڕۆشنگەری

بیری نوێخوازانەی سەردەمی ڕێنسانس (سەدەکانی پازدە و شازدە) لەو کەڵکەڵەی مرۆڤ دروست بوو کە مەبەستی دانی دەورێک بەئینسان بوو بۆ ئەوەی بتوانێ بەچەشنێکی چالاکانە، ماقووڵ و بەرپرسانە بجووڵێتەوە و ژیانی خۆی بەڕێوە بەرێ. بەدرێژەدانی ئەو ئامانجە، ڕێنسانس هێندێک بایەخی خستە ئاراوە.

لە پێش هەموو شتێکدا، ڕێنسانس پێی وابوو کە مرۆڤ بەجێی ئەوەی پەنا بۆ شتێکی موتڵەقی لە بیر نەگونجاو بەرێ، بەنیشتەجێ بوون لە دونیادا و بەئاگاداری لە سنوورداربوونی خۆی، دەتوانێ جیهانێکی ئینسانی بۆ خۆی

دروست کا. هەر بۆیە، بۆچوونێکی نوێ لەسەر عەقڵ دەرکەوت کە بەوتەی دێکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) لە پەیوەندی ئاشکرای ئینسان دەگەڵ خۆی سەرچاوە دەگرێ کە پاشان بۆ دونیای دەرەوەی دەگوێزێتەوە. بەهۆی دەرکەوتنی ئەم هزرە بوو کە بیری نوێخوازانە باوەڕی بەپێشکەوتن کرد. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە مرۆڤ بەفەرمان بردن لە خۆی چیدیکە نابێتە ئامرازی کایەی ئەو شتانەی کە دەتوانن یەخسیری کەن (بەکەڵک وەرگرتن لە بێ هەوڵی ئەو و داسەپاندنی نەزانی، ترس و خورافات) بیری نوێخوازانە باوەڕی بەوە بوو کە مرۆڤ و دونیای هاویدۆری دەتوانن ڕێی کەماڵ بپێون. بۆیە پێی وابوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕووناکایی بەدابینکردنی ژیانێکی بێ ترس و بێ گریان بۆ مرۆڤ دەتوانێ تاریکایی بۆ هەمیشە لەناوبەرێ.

## ڕۆشنگەری لە ئاست مێژوودا

هەر لە سەرەتای هاتنە مەیدانی، ئامانجی فەلسەفەی ڕۆشنگەری یانی ئازادی ئینسان لە ڕێی عەقڵەوە کەوتە بەر ڕەخنەی کەسانێک کە نەک کۆنە پارێز بەڵکو مرۆڤ دۆست بوون. بەردەوامبوونی ئەم هەڵوێستە لە سەدەی بیستەم چەند هۆی هەیە کە نابێ بخرێتە پاش گوێ! لە پێش هەموو شتێک، ئەگەرچی مرۆڤ پلەیەکی بەرزی هەیە کە نابێ بخرێتە ژێر پێ و دەبێ بەتەواوی هێزمان بەرگری لێ بکەین، بەڵام خەبات دژی دڕندەیی و بێ بەزەیی و خزمەتکردن بەمرۆڤ ئەوە نییە کە لە مرۆڤ و مافەکانی دینێک بۆ خۆمان دروست کەین. بەپێچەوانە، هەروەک خاتو هانا ئارێنت[١١٣] (١٩٠٦-١٩٧٥) یەکێک لە فیلسۆفە مەزنەکانی بیری ڕامیاری ئەو چەرخە دەڵێ مرۆڤ پەرستی بەدوژمن زانینی هەر شتێکە کە لای بەئینسانەوە نەبێ، ئۆمانیسمی کردۆتە چەشنێک سیستەمی تۆتالیتێر. بەم جۆرە، دین، سروشت و هەموو شتێکی نائاسایی (دەڵێین نائاسایی چونکە مۆری ئینسانی نموونەی وانی پێوە نییە) دەخرێنە دەر هەتاوەکو مرۆڤایەتییەکی موتڵەقی بێ خودا ببێتە خاوەنی تەواوی سروشت.



**ئەگەر ژیان ئەمڕۆکە بۆ ئێمە بێ سۆزە یان دوورە لە سیحرێکی هەمیشەیی، بەهۆی ئەوەیە کە ئێمە زیاتر پێمان خۆشە چاومان لە کردەوەکانمان بێ و خۆمان لە نێو ڕوانینی خەیاڵی کردەوەکانمان ون کەین لە حاڵێکدا، کردەوەکانمان دەبێ بزوێنەری ڕاستەقینەی ئێمە بن! ئەم هێزە شتێکی تەواو ئینسانییە... تەواوی بیرەکانمان لەمەڕ ژیان دەبێ سەرلەنوێ لێک دەینەوە، ئەویش لە سەردەمێک کە هیچ شتێک یان هیچ کەس هۆگری ژیان نییە. لەبەر ئەم ناتەبایییە، تەواوی شتەکان و ڕووداوەکان خەریکی تۆڵە هەستاندنن! شیعر و هەستی جوانی کە لە وجوودی ئێمە چوونەتە دەرێ و بگرە ناتوانین لە نێو شتەکانیشدا بیاندۆزینەوە، لە لایەنی ناحەز و خراپی شتەکان و ڕووداوەکان خۆیان وەدەردەخەن. (ئانتۆنەن ئارتۆ[١١٤] - شانۆ و جووتەکەی[١١٥]).**

لە لایەکی دیکەوە، بۆچوونی هۆگری پێشکەوت هێندێک جار وەک هێزێکی وێرانکەر دەجوولێتەوە. بەبیانووی پێشکەوت، فەلسەفەی پێشکەوت هیچ مانایەکی ئەوتۆی نەبووە جگە لە پێشکەوتی پێشکەوت. لە ئاکامدا، هەر چەشنە بیرەوەرێک، بگرە مانایەک، بایەخێک، سنوورێک یان ئەخلاقێک ڕووخاوە و ئاسەواری نەماوە.

هەروەها بەبیانووی خەبات دژی کینە و تاریکایی، مۆدێرنیتە دەستی کردۆتە پەرستنی خۆشبەختی و بەم جۆرە، زۆر مەسەلەی بنەڕەتی وەک ڕەنج و کوێرەوەری، مەرگ و مانای ژیانی لە خۆی دوور خستۆتەوە. ئەم مەسەلانە شتێکن کە مرۆڤ لە ئاستیاندا بێ دەستەڵاتە. بۆیە، شتێکی هەڵکەوتی نییە ئەگەر بیری مۆدێرنی سەدەی بیستەم گەڕاوەتە سەر میراتی ئۆمانیسم بۆ ئەوەی لە خۆی بپرسێ بەڕاستی دەبێ چ ئینسانێک، بەکام عەقڵ، بۆ کام پێشکەوت و بۆ کام بەختەوەری دروست کرێ. ئەو پرسیارانە کە لە سەرەتای ئەم چەرخە هاتنە گۆڕێ، ئێستاش بۆ ئێمە پرسیاری بنەڕەتین.

**دوای دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە هەستی ئینسانی خۆی بەهۆی هێندێک ڕێبازی فکری تۆتالیتێر لەمەڕ بەختەوەری لەسەر زەویدا، بۆ مرۆڤ گرینگە لە خۆی بپرسێ بۆ کام پێشکەوتن و بۆ چ جۆرە بەختەوەرییەک دەبێ هەوڵ بدا.**

## هووسێرل[١١٦] و قەیرانی زانستە ئەورووپاییەکان

هووسێرل هەوڵی دا دووبارە لە مەسەلەی "ناسین"[١١٧] بکۆڵێتەوە چونکو بەبڕوای ئەو ئەو کێشەیە وەک شتێکی یان زۆر دەروونی و ڕەوانناسانە یان زۆر دەرەکی و زانستی لێهاتبوو.

## هۆیەکانی قەیران

لە نێوان ساڵەکانی **١٩٣٥** تا **١٩٣٧**، هووسێرل کتێبێکی زۆر گرینگی بەنێوی "قەیرانی زانستە ئەرووپاییەکان و دیاردەناسی بەرز"[١١٨] بڵاو کردەوە. لەم کتێبە، هووسێرل سەرنجمان بۆ ئەو شتە ڕادەکێشێ کە زانست لە سەردەمی ئێمەدا سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانی، لە بارودۆخێکی سەرنەکەوتوودایە چونکو زانست نەیتوانیوە فەلسەفە و حیکمەتێکی ژێرانە پێشکەشی دونیا بکا، یانی ئەو دوو شتەی بۆ دونیا زۆر پێویستن. لەوەش خراپتر، بەنێوی عەقڵ هێندێک بیری زانستی بێ وچان لافی ئەوە لێ دەدەن کە فەلسەفە و حیکمەت بێ هوودەن چون زۆر زانستی نین!

لە ئاست ئەم جۆرە بێ فەرهەنگییە کە دەیەوێ بەنێوی بەکەڵک بوونی زانست هەموو جۆرە فەلسەفەیەک وەدەرنێ، هووسێرل هەوڵی دا لە هۆیەکانی ئەم ڕەفتارە بکۆڵێتەوە. بەوتەی ئەو، ئەم ڕەفتارە دوو سۆنگەی هەیە.

یەکەمین: بەهۆی دەوری لە ڕادەبەدەری "مەنتیق" لە زانستدایە. کەس دژی ئەوە نییە کە یەک ڕستە دەبێ بەشێوەیەکی مەنتیقی ساز بکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ پەرە بستێنێ و شیاوی دەربڕین بێ. فکرێک بۆ ئەوەی بتوانێ داڕێژرێ و ڕابگەیەندرێ دەبێ ناچار لە هێندێک دەستوور پەیڕەوی بکات. بەڵام ئەم کارە مانای ئەم فکرە دابین ناکا، چونکو بۆ ئەوەی وەدی بێ فکر دەبێ ماناشی بێ یانی مەبەستێک لە ڕواڵەتی وتارێکدا بگونجێنێ، ئەگینا ئەم فکرە، با دیمەنی زۆریش قورس و قایم بێ، جگە لە ڕواڵەتخوازێکی پەتی شتێکی تر نابێ.

لەمپەری دووەم: لە کەڵک وەرگرتنی لە ڕادەبەدەری "دەروونناسی" (یان



ڕەوانناسی) و چەسپاندنی هەمیشەیی بەبیرمەند (سووژە یا فاعیلی ناسین) سەرچاوە دەگرێ. هەڵبەت، کەس ڕەخنە لەوە ناگرێ کە بیردۆزیی دەبێ لە لایەن ئینسانێک دابین کرێ کە خاوەنی هێندێک دەروونناسی لە بارودۆخێکی دیاریکراو بێ، بەڵام بیرکردنەوە ناتوانین تەنیا لەم چوارچێوەدا کورت کەینەوە. بیرکردنەوە یانی دەرخستنی مانا لە دۆخێکی دیاریکراو بەئاشکراکردنی ئەو شتەی لە پەیوەندی دەگەڵ ئینسان و ژیانی ئەو لەو ڕۆخەدا بنەڕەتی و گشتییە.

**قەیرانی وجوود لە ئەورووپا تەنیا دوو چارەی هەیە: یان پێسواربوونی لە نێو هەستی "لەخۆ نامۆ بوون"، هەستێک کە ئەورووپا لە مانای ژێرانەی ژیان غەوارە کا یانی بیخاتە نێو ڕق و کینەی هەر جۆرە بیرکردنەوەیەک.**

**چارەی دووەم، بووژانەوەی ئەورووپایە بەیارمەتی ڕامانی فەلسەفی، بەکاری قارەمانانەی عەقڵ بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر "سرووشت باوەڕی" زاڵ بێ. گەورەترین مەترسی بۆ ئەورووپا ماندووبوونە. کەوایە بەئازایەتییێکی شیاوی تێکۆشانێکی لە بڕان نەهاتوو دژی ئەو مەترسییە سامناکە سەرکەوین. ئەو کاتەیە کە لە نێو خۆڵەمێشی ئەم ماندووبوونە، قەقنووسی ژیانێکی دیکە دێتە بووژان! ئەو ژیانە دەستەبەری داهاتوویەکی دوور و مەزنە بۆ مرۆڤایەتی چونکو تەنیا بیرەکە نەمرە. (هووسێرل – قەیرانی زانستە ئەورووپاییەکان و دیاردەناسی بەرز).**

## مانای ئامادەیی[١١٩] (حوزوور)

لە زانستی ڕواڵەتیدا، ئینسان هەمیشە لە نێو دوو سەری کێشەدا سەرگەردانە. کاتێک زانست زۆر ئاوێتەی مەنتیق نەبێ، زانای هزرڤان خۆی دەخاتە نێو گێژاوی دەروونناسێکی لە ڕادەبەدەر. لەو وەختەدا، قەیران دێتە پێش، قەیرانی فەرهەنگ کە ناتوانێ ئینسان و تەجرەبەکانی دەگەڵ زانست و دیمەنی قورس و قایمی ئاشت کاتەوە و وردە وردە دەبێتە هۆی بێزاری لە هەر جۆرە ناسین و زانستێک!

بۆ پێش گرتن لەو مەرگەمەندەی زانست، هووسێرل پێی وایە تەنیا ڕێ هاتنە

دەرە لەم کێشە دوو سەرە و گەڕانەوەیە بۆ "ئامادەیی (حوزوور)" چونکو تەنیا ئەم مەفهوومە دەتوانێ ئێمە لە مانای ڕاستەقینەی ناسین تێ بگەیەنێ. "ئامادەیی" یانی خاوەنی ڕوح بوون، سەلماندنی زیندووبوون و هەبوونی وزەی ژیان! هەروەها بەمانای حازربوونیش دێ یانی ئاگابوون لەو شتەی وجوودی هەیە بەشاندانی جیهان بەخۆ و حازربوون لە ئێستای (زەمانی حاڵی) دونیا! کاتێک مرۆڤ توانی هەموو شێوەکانی ئامادەیی لە خۆیدا کۆکاتەوە، بەزانستی ڕاستەقینە دەگا یانی بەو دۆخەی کە عەقڵ وشیاریمان داتێ و ئاگایی زاناترمان کا. ئەم جۆرە ناسینە لە ڕابردوودا هەبووە. لە ڕۆژگاری ئێمەشدا، کاتێک فکر بەڕاستی لە ڕاماندایە، ئەم چەشنە ناسینە خۆی نیشان دەدا. بۆیە، مرۆڤ بەڕابوون بەژیان لە بارودۆخی "ئامادەیی" پێویستە بگەڕێتەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە.

**بۆ هاتنە دەر لە قەیرانی "ناسین" هووسێرل بەئینسان پێشنیاز دەکا بگەڕێتەوە دۆخی "ئامادەیی" کە بریتییە لە شێوەیەکی بیرکردنەوە کە لەودا ناخی وشیاری ئینسان زانایی دەداتێ و زانستی ئاگایی دەبەخشێ!**

## ویتگنشتاین[١٢٠] و " چەند بێژی" [١٢١] وشەکان

بە بڕوای ویتگنشتاین، قەیرانی "ناسین" بەهۆی ئەوەیە کە ئینسان لە بەکارهێنانی زمانی خۆی زۆر ورد و تەکووز نییە.

## وشەکان و شتەکان

هووسێرل (١٨٥٩-١٩٣٨) سەرنجی سەدەی بیستەمی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشا کە فەرهەنگ تووشی قەیران بووە چونکو ئینسان ناتوانێ "ئامادە"ی ئەو شتەی بێ بیری لێ دەکاتەوە (بەوتەیەکی تر، لە دەروونی ئەو شتە حازر بێ). نیشانەیەکی دیکەی ئەو قەیرانە لە ڕەفتاری ئینسان لە ئاست زمان سەرچاوە دەگرێ. ویتگنشتاین (١٨٨٩-١٩٥١) دەڵێ مرۆڤ زۆر وەختی قسەکردن نازانێ دەڵێ چی! زمان و واقیعییەت دوو شتی لێک جیاوازن. هەرچەندە زمان ڕێ بەئینسان دەدا واقعییەت بدرکێنێ، بەڵام زمان هەمیشە تەنیا خوازەی



(ئیستیعارە) واقیعییەتە. هەر بۆیەش، زمان شتێکی سنووردارە و دەستی ئێمە قەت بەواقعییەت ڕاناگا. بەکورتی، واقیعییەت شتێکە بەزمان دانایە! لە گۆڕەپانی دیندا، عیرفان (یانی ئەزموونی دەروونی دین لە ڕێی دوعا، نوێژ و ڕوانینی سروشت) ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە یەزدان بالاترە لە زمان چونکو یەزدان لە هەموو شتێک مەزنترە. کەوابوو تەنیا زمانێک کە بۆ عارف مانای هەیە ئەوەیە کە ژیانی خۆی بکاتە نیشانەیەک و، ببێتە شایەتێک بۆ وجوودی یەزدان. لە ڕاستیدا عارف نابێژێ بەڵکە خۆی نیشان دەدا. عارف وتاربێژی ئیمان نییە بەڵکو نموونەی زیندووی ئیمانە. ڕامانی ویتگنشتاین لەمەڕ واقیعییەت زۆر لە ڕوانینی عارفانە نێزیکە. جگە لە هێندێک شت لە بارەی لایەنی یەزدانی وجوود کە دەتوانین لە ڕێی زمان دەریبڕین، ئەو لایەنە تەنیا دەتوانێ نیشان درێ. بۆیە، بۆ فیلسۆف پێویستە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بگەڕێتەوە سەر ئەو شتەی فەلسەفە پێی دەڵێ "بوون". فەلسەفە لە ڕێی میتافیزیک کە بەوتەی ئەرەستوو (٣٢٢-٣٨٤ی پێش زایین) بریتییە لە "زانستی بوون وەکو بوون (لە چوارچێوەی خۆیدا)" خۆی وەک پێشڕەوی ئەم بوارە دەزانێ.

**بەڵێ! شتی وا هەیە بەیان ناکرێ (گوتەنی نییە)، بەڵکو خۆی دەنوێنێ، چون شتێکی عیرفانی، هێندێک ڕازی تێدا. ڕەوشتی دروستی فەلسەفە دەبێ بەم جۆرەی خوارەوە بێ:**

**تەنیا باسی ئەو شتە دەبێ بکا کە بۆ باسکردن دەبێ، ئەو گوزارانەی زانستەکانی سروشت سەلماندوویانە - یانی لە ڕاستیدا ئەو شتانەی کە هیچی بەسەر فەلسەفەوە نییە. ئەگەر هاتوو کەسێک بابەتێکی میتافیزیکی هێنا گۆڕێ، لە ڕێی چەند نموونە لێی حاڵی بکەن کە هێشتا لە مانای ئاشکرای شتەکان نەکۆڵدراوەتەوە. کاتێک ناتوانی لەسەر شتێک بدوێی، باشترە بێ دەنگ بی! (ویتگنشتاین - وتاری مەنتیقی - فەلسەفی[١٢٢]).**

## چەند بێژی وشەی " بوون"

وشەی "بوون" مانایەکی دوو پەلی هەیە. لە لایەک بوون نیشاندەری ئەو شتەیە کە هەیە. لە لایەکی تر، بریتییە لە ئامێرێکی فکری کە دەتوانێ

بکەرێک (بۆ نموونە ئەرەستوو) دەگەڵ تایبەتمەندێک (ئینسان بوون) ڕێک خا بەجۆرێک بتوانین بکەر (فاعل) بناسین (بۆ نموونە: ئەرەستوو ئینسانە). هەر بۆیەش وشەی بوون دوو مانا دەگرێتەوە: یەکیان ژیانی دەرەکی (واقیعی) و ئەوی دیکە ژیانی دەروونی دەردەخا. کەوابوو دەبێ لە سێ هەڵە خۆمان بپارێزین: تەجرەبەکردنی قووڵی شتێک بەمانای ئەوە نییە کە ئێمە لە باری زانستییەوە بەسەر ئەو شتەدا زاڵین. هەروەها، زانینی زۆر شت بەمانای ئەوە نییە کە تەجرەبەیەکی قووڵمان لە ژیان هەیە و، ئاخرییەکەی دەبێ بڵێین کە بەگشتی، ئەو ڕاستییەی کە ئینسان دەتوانێ بژی و بیر کاتەوە، نابێتە بەڵگەی ئەوە کە دەتوانێ هەموو شتێک تەجرەبە کا و بیری لێ کاتەوە.

دەستی ئێمە بەجیهانی دەرەکی (واقیعییەت) ڕاناگا! لەم جیهانەدا، ناگونجێ بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە. هەروەها، ئینسان ناتوانێ چاودێرییەکی تەواوی بەسەر فکری خۆیدا بێ. ئێمە ناتوانین لە مێشکی خۆماندا هەموو شتێک بخولقێنین. بەگشتی، چەشنێک خۆڕاگری بوون (لە ئاست فکر)دا هەیە کە پێوانە ناکرێ، بەڵام، تەنازوولیشی نییە. ئەگەر بێتو ئەو ڕاستییە بخەینە پشتگوێ، دەکەوینە نێو وەهم و تاریکی و بگرە درندەیی. بەڵام، ئەگەر مرۆڤ دان بەو ڕاستییە دانێ، ئەم هەستە یارمەتی دەدا لە ڕەنگی تایبەتی هەر شتێک تێ بگا، هەستێکی ناسکی بێ و لەو ڕاستییەش حاڵی بێ کە هەموو شتێک گووتەنی نییە! ئەم بارە وای لێ دەکا لە خۆپەرستی لادا و خۆی لە ئاست وجوود چکۆلە کاتەوە تا جیهانی هەستی دەرفەتی خۆ دەربڕین پەیدا کا!

کارەساتی زانست ئەوەیە کە زۆر لەمێژە ئەو ڕاستییە لە بیر چۆتەوە. زانست ویستی هەموو شتێک، بگرە "بوون"[۱۲۳]یش بخاتە چوارچێوەی ناسین، بەڵام ئەو کارە بووە هۆی پەڕاندنی سنووری ئەو شتانەی ناسینیان مومکین نییە. هەر بۆیە فەرهەنگ تووشی قەیرانە.

**بەبڕوای ویتگنشتاین، فەرهەنگ تووشی قەیرانە چونکو مرۆڤ بەلاف لێدان لەسەر ڕێکخستنی زانستێک کە بتوانێ لە هەموو شتێک بدوێ، لە بیری چۆتەوە کە زمان شتێکی سنووردارە!.**



## بێرگسۆن[۱۲٤] و ماوە[۱۲٥] (درێژایی کات)

بەبڕوای بێرگسۆن، زەمان کاتێک هاومانای ژیان و ماوە بێ، خولقێنەرە. فەرهەنگی مۆدێرن کە زانست چوار لای لێ گرتووە، ئەم هەستە خولقێنەرەی لە بیر چۆتەوە. بۆیە، مرۆڤ دەبێ هەوڵ بدا بیدۆزێتەوە.

## فەن و فەزا

ئەگەر فەرهەنگی سەدەی بیستەم بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ وجوود و کەمتەرخەمی لە بەکارهێنانی زمان و زانست لە قەیراندایە، بۆچوونی تەواو سوودخوازانە لە ئاست شتەکان (کە پێی دەڵێن تێکنیک یان فەن) وەک هۆیەکی گرینگی ئەو قەیرانە دەمێنێتەوە. بێرگسۆن (۱۸٥۹–۱۹٤۱) ئەم ڕاستییەمان وەبیر دێنێتەوە. لە ڕوانگەی ئەو فیلسۆفەدا، مرۆڤ دوو چەشنە پەیوەندی لەگەڵ دونیادا هەیە.

چەشنی یەکەم، پەیوەندی فەنی یا تێکنیکی. چەشنی دووهەم پەیوەندی خولقاندنە. تایبەتی سەرەکی فەن ئەوەیە کە دەیەوێ کار بکاتە سەر دونیا بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێ. بۆ ئەم مەبەستە، ڕەوشتێک دەخاتە کایە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی شتەکان بۆ ئەوەی هێندێک ئامێر دروست کا کە فەنی بن وەک ماشێن و هێندێک ئامراز کە دەتوانن سروشت بەرەو گۆڕین بەرن. لە لایەکی تریش، فەن هەوڵ دەدا ئەو شتانە لە سروشت هەڵاوێرێ بۆ ئەوەی تەنیا ئەو ئامێرانە بهێڵێتەوە کە بۆی هەڵدەسووڕێن، بەوتەیەکی دیکە، تەنیا ئەو ئامێرانەی یەک تایبەتمەندی گشتییان هەیە. دوای ئەوەش، تێدەکۆشێ هەموو شتێک تا ئەندازەی نموونەیەکی بەرچاو بێنێتە خوارێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە باری هەندەسی هەڵیانوەشێنێتەوە.

بەواتەیەکی تر، لە ڕوانگەی تێکنیکەوە، تەنیا شتێک گرینگە کە گشتی، شیاوی کۆکردنەوە و دەست لێدان و شاندان بێ! بەم جۆرە، بۆچوونی فەنی تەواو لە ژێر کارتێکەری فەزا (بۆشایی)دایە کە بۆ خۆی نیشانەی شتی ڕاوەستاو و

جمە لێ براوە! بێرگسۆن دەڵێ بۆچوونێکی ئاوا زۆر "کەم ڕاوێژە". ئایا ژیان شتی دیکەمان پێشان نادا؟ ئایا ژیان بەتەرزێکی سروشتی هەمیشە لە جووڵانەوەدا نییە؟ جووڵانەوەیەکی هەمەڕەنگ کە چۆنێتی ئاشکرابوونی بەزمان دانایە (گوتەنی نییە).

**مرۆڤایەتی کە خەریکە لە ژێر باری قورسی ئەو پێشکەوتنەی خۆیدا پان بێتەوە، کەوتۆتە ناڵە ناڵ! هێشتا چاک بۆی دەرنەکەوتووە کە داهاتوو بەو بەستراوەتەوە. ئەو دەبێ لە پێشدا لە خۆی مەعلووم کا ژیانی دەوێ یان نا! پاشان دەبێ دەریخا کە ئایا تەنیا هەر ژیانی مەبەستە یان دەیەوێ تێ بکۆشێ بۆ ئەوەی جیهانی ناسازگار کە ماشێنێکی زەلامی خودا سازکردنە، ئەرکی بنەڕەتی خۆی بەڕێوە بەرێ. (بێرگسۆن - دوو سەرچاوەی ئەخلاق و دین(١٢٦)).**

## خوڵقاندن و زەمان (کات)

جگە لە دەستکاری فەنی سروشت، مرۆڤ دەتوانێ بەجۆرێکی دیکە دەگەڵ وجوود بجووڵێتەوە. ئەم شێوەیە لە هەستی جوانناسی ئێمەدا خۆی ئاشکرا دەکا. کاتێک ئینسان شتێکی جوان دەبینێ یا هەست پێ دەکا (دیتنی تابلۆیەکی نەققاشی یان کاتی گوێدان بەمۆسیقا یا تەماشاکردنی ئاوابوونی ڕۆژ)، وردە وردە شتەکان دەچنە دەروونی و ئەویش دەچێتە ناخی شتەکان، لە ڕێی کارتێکردنێکی دوو لایەنە کە زۆر لە دڵداری نێزیکە! ئەو کارتێکەرەی دەبێتە هۆی ئەوە مرۆڤ لە گەوهەر و چۆنێتی شتەکان نێزیک بێتەوە. یانی لە ڕاستیدا، لەو بۆچوونە خاسیەتی هەر شتێک بەهەزار چەشنە خۆی نیشان دەدا.

تەواوی ئەو کەسانەی وەک مارسێل پروست(١٢٧) (١٨٧١-١٩٢٢) ئەم شتەیان تەجرەبە کردووە، بۆیان دەرکەوتووە کە چۆنێتی (کەیفییەت) تەجرەبەکردنی شتێک بۆ خۆی ژیانێکی تایبەت بەخۆی دەوێ. ئەو چۆنێتییە دەچێتە نێو بیردانی ئێمە و بەهەزاران شێوەی چاوەڕوان نەکراو بەخەیاڵدا دێن، بەچەشنێک کە بەبۆنەی جۆراوجۆر و بەهەڵکەوتەکانی ژیان لەم لا و ئەم لا



خۆیان دەنوێنن. ئەو بۆچوونە خۆڕسک و دەروونییە زۆر زیاتر لە زانستی فەنی دەتوانێ سروشت و هەستی بەئێمە بناسێنێ. فەرهەنگ نابێ چیدی لە نێو زانستی فەنیدا بەدوای حیکمەت و ژیرێتی بگەڕێ، حیکمەت لە "شهوود"(١٢٨) دایە نەک لە تێکنیک چون هەر شهوود دەزانێ چۆن بەشێوەی جۆراوجۆر ماوە بدا بەژیانی خۆی. تەنیا لەم ڕێیەوە مرۆڤ دەتوانێ دەستی بەگەوهەری شتەکان ڕابگا، چۆن هەر لەو ڕێیەوەیە کە هێزی نهێنی خوڵقاندن لە ئێمەدا خۆی دەردەخا.

**تەجرەبەی مادلێن: مارسێل (پروست) بەچێشتنی شیرنی مادلێن، ڕووداوێکی منداڵی خۆی وەبیر هاتەوە. ئەو بۆی دەرکەوت کە "یاد"(١٢٩) دەتوانێ بەسەر کات (زەمان)دا سەرکەوێ. مارسێل پروست ئەو تەجرەبەیەی خۆی لە ڕۆمانی "بەدوای کاتی لە دەست چوو"دا(١٣٠) دەگێڕێتەوە.**

شارستانییەت ویستوویەتی لە هەموو جێیەک زانستی فەنی لەسەر شتەکان و گیانلەبەران بەکار بێنێ هەتا کەڵکیان لێ وەرگرێ و بەم جۆرە، ئەم هێزە خوڵقێنەرەی بەربەست کردووە. بۆیە مرۆڤ دەبێ بەپێچەوانەی ئەو ڕەوشتە بجووڵێتەوە و ئەویش بەبەکارهێنانی هونەری "ماوە"(١٣١).

هونەرێکی ئەوتۆ بەمانای وەبیر هێنانەوەی ڕابردوو نییە بەڵکو بەمانای درێژە پێدانی ئێستایە هەروەک چۆن چێژەری شەراب لە خواردنەوەدا مەزمەزە دەکا بۆ ئەوەی ماوەی خۆشییەکەی درێژە پێ بدا، یان لە ڕاستیدا، ماوە بدا بەزەمان.

**بەبڕوای بێرگسۆن فەرهەنگی زانستی بەدانی مافێکی تایبەتی بەفەزا بەزیانی کات (بەمەبەستی سوود وەرگرتنی فەنی لە جیهان) هونەری ماوە دان (درێژە پێدان) بەژیانی لێ ون بوو لە حاڵەتێکدا تەواوی کەیفییەتی ژیان لەو هونەرەدایە.**

## باشلار(١٣٢) و بیری زانستی نوێ

بەبڕوای باشلار، شتێک بەنێوی فرەیی زانست لە ئارادا نییە. بەپێچەوانە، زانستمان بەڕادەی پێویست نییە چونکو بیری زانستی بەهۆی ڕەسەنایەتی بۆچوونی دەتوانێ زۆر ئامۆژگاری ڕاستەقینە و ژیرانەمان داتێ.

## وینا[١٣٣] کۆسپێک لەسەر ڕێی زانست

ئەگەرچی زۆر فیلسۆف و بیرمەند بە بەرپرس زانینی زانست بۆ قەیرانی فەرهەنگ، دەستیان کرد بەرەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی زانست، بەڵام هەموویان پەیڕەوی ئەم بۆچوونەیان کرد. هێندێکیان وەک باشلار (١٨٨٤ – ١٩٦٢) داکۆکی دەکەن کە بوونی قەیران بەهۆی نەبوونی زانستە، چونکو کێشە لەسەر ئەوە نییە کە زانست دەبێ جێی فەلسەفە بگرێ یا هێندێک ڕێبازی فەلسەفی بێتە جێی زانست.

**ئاکاری شۆڕشگێڕانەی زانستی هاوچەرخ کارێکی قووڵی کردۆتە سەر ساختومانی بیری ئینسان. کاتێک ناسین دەبێتە ڕووداوێک، ئەم ساختومانە تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ. مێژووی ئینسان بەئارەزووەکانی، بەبۆچوونە هەڵنەسەنگاو و بەو شتانەی تەنیا لە تاسەی کتوپڕەوە دێن، لە ڕاستیدا دایە دووپات دەبێتەوە. بەڵام، بیری وایە هەر جارێک دێتە پێش. ئەم چەشنە بیرانە هەمیشە لە حاڵی پەرەپێدان، ڕاستکرانەوە و تەکمیل کرانن! ئەم هزرانە قەت ناگەڕێنەوە مەودای تەنگ و نالەباری هەوەڵ جاریان. بیری زانستی لە بنەڕەتدا بریتییە لە ڕاستکردنەوەی زانست، پەرەپێدانی چوارچێوەکانی زانست. هەموو ژیانی دەروونی زانست بەشێوەیەکی دیالێکتیک لەسەر متوربەی ناسین بەسنووری شتی نەناسراو دامەزراوە. گەوهەری بیرکردنەوە ئەوەیە کە بزانێ چاک تێنەگەیشتبووی! (باشلار – بیری نوێی زانستی[١٣٤]).**

بەوتەی باشلار مەیلی سروشتی ئینسانەکان هانیان دەدا کە خۆیان لەسەر ئەو شتەی دەیبینن یا هەستی پێ دەکەن دابەستننەوە یانی تەجرەبەی دەروونی شتەکان یارمەتییان دەدا هێندێک زانیاری وەدەست بێنن. لە ئاکامدا، وێنەی شتەکان لە جێی خودی شتەکان دادەنێن و پاشان هەوڵ دەدەن ئەو زانیارییە لە دەروونی خۆیان سەقامگیر کەن. بۆ نموونە وێنەی زگماکی و دەروونی سروشت هۆی هێندێک بۆچوونی هەستیارانەیە لە ئاست سروشت کە لە ڕاستیدا کۆسپ دەخەنە سەر ناسینی ڕاستەقینەی سروشت. ئەو وێنانەی ئێمە بەشێوەیەکی



شهوودی لەسەر شتان لە خەیاڵی خۆمان سازی دەکەین، لە ڕاستیدا تەگەرە دەخەنە سەر ڕێی ناسین و پێشکەوتی زانستی. مەیدان دان بەئارەزوو و خەیاڵ لەجیاتی عەقڵ، ئینسان دەخاتە نێو دۆخێکی پڕ لە هەڵە و درۆ. کەوابوو بۆ بەربەرەکانێ دژی ئەو دۆخە هەڵخەڵەتێنە، مرۆڤ دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕێی ڕاستەقینەی زانست بەهەڵبڕان لەو ڕەوشتە خەیاڵی و ناڕاستە. هەموو جارێ کە بۆمان دەردەکەوێ کە شتەکانی جیهان ئەوە نین بیری لێ دەکەینەوە، ئەم ڕەوشتە لە نێو خۆمان دەگۆڕین و بەم جۆرە هەڵبڕان لە شێوەی کۆن دێتە پێش.

لەو بارەوە، فیلسۆفەکان دەبێ لە ئێپیستێمۆلۆژی[١٣٥] یان مێژووی زانستەکان بکۆڵنەوە. ئەو کارە دەرفەتی زۆر باش دەخولقێنێ بۆ گۆڕینی عادەتی کۆن و زیادکردنی زانیاری فەلسەفی.

ئەرەستوو (٣٢٢–٣٨٤ی پێش زایین) فەلسەفەی هاندا جیهان ئەو جۆرەی هەیە ببینێ و بەم چەشنە فەرهەنگی سەردەمی خۆی کە لە ئوستوورە و ئەفسانەدا نوقم ببوو گۆڕی.

نیوتۆن (١٦٤٢– ١٧٢٧) دەستی لە شیکردنەوەی هۆیەکانی جیهان هەڵگرت بۆ ئەوەی تەنیا لە یاساکانی تێبگا و بەم جۆرە، فەرهەنگی سەردەمی خۆی تووشی ئاڵوگۆڕێکی تەواو کرد. زانستی هاوچەرخی ئێمەش دەتوانێ ئەو ئاکارە بگۆڕێ چونکو دەڵێ هەر تەنیا هۆیەکی بنەڕەتی سروشت بەڕێوە نابا، بۆ نموونە دەکرێ دیاردەی "نوور"[١٣٦] بەدوو شێوە شی بکرێتەوە: جارێک بەیارمەتی تیوری زەڕە، جارێک بەیارمەتی تیوری مەوج.

**مەودا گۆڕان[١٣٧]: ئەو زاراوەیە دەگەڕێتەوە سەر ئاڵوگۆڕکردنی فەرهەنگی لە ڕێی بۆچوونێکی نەزەری (تیوریک) بەمەبەستی خولقاندنی بیرێکی تازە. بۆ نموونە، ئەنشتاین[١٣٨] مەودای فەرهەنگی زانستی تووشی ئاڵوگۆڕ کرد چونکە بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر ئینسان بەخێرایی (سورعەت) نوور سەفەر بکا و بەم حاڵەی سەیری جیهان بکا، چ پێش دێ.**

## بیری نوێی زانستی

ئەورۆکە، بیرێکی زانستی نوێ لە ئارادایە بەڵام فیلسۆفەکان بەهۆی ئەوەی خۆیان بەرەخنە گرتن لە لایەنە خراپەکانی پێشکەوتی تێکنیکەوە خەریک کردووە، ئەو ڕاستییەیان لە بیر بردۆتەوە. زانای ئەورۆ، قەت لەو بڕوایەدا نییە کە سەروکاری دەگەڵ واقیعییەتێکی هەمیشەییە. ئەو دەزانێ کە هەموو شتێک لە جیهاندا متوربە کراون. هەر دیاردەیەک بۆ خۆی مێژوویەکی هەیە. دیاردە مەودای خۆی دەگۆڕێ و مەوداش ئەو دەگۆڕێ. لە کاتی ڕوانین لە دیاردەیەک دەبێ بزانین چاولێکەر دیاردەی چاولێکراو دەگۆڕێ بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین زانست بابەتی تایبەتی خۆی پێک دێنێ. هەروەها، بارودۆخی تێگەیشتن لە دیاردە پەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتی فەنی هەیە چونکو ئەو پێشکەوتە بۆچوونی ئێمە لە دیاردەکان قووڵتر دەکا. هەموو شتێک لە دونیادا لە حالی جووڵانەوە و بزوتدایە یانی لە ڕاستیدا جۆراوجۆر و چەند لایەنەیە. بۆیە بۆ ناسین، فێلسۆف دەبێ بتوانێ بێوچان ئاوڕ لەو هزرانەی پێشوو بداتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ خاڵە چەوتەکانیان ڕاست کاتەوە. بەم جۆرە، بیری زانستی دایم لە ئاڵوگۆڕدایە و بیری ئەورۆکە، فکری بەستراوی دوێنێ نییە. کەوابوو، چۆن دەتوانین زانست بەرپرسیاری تەواوی خراپەکان و نالەبارییەکان بزانین؟ ئەوانەی ئەو بەزمە بۆ زانست ساز دەکەن، باسی زانستێک دەکەن کە ئیدی باوی نەماوە! ئەوانیش بەقەدەر زانستێک وەدواکەوتوون!

**بەبڕوای باشلار، زانست بەرپرسی قەیران نییە چونکو زانست هەمیشە لە حالی ئاڵوگۆڕدایە و بەم جۆرە، تەنیا بوارێکە کە دەتوانێ بەسەر قەیراندا سەرکەوێ.**

## ستروکتورالیسم[١٣٩]

بەلەبەرچاو گرتنی جیهانی واقیعییەت وەک سەرچاوەی هەموو پەیوەندێک، بزووتنەوەیەکی مەزن دوای شەڕی دووەمی جیهانی پێک هات. ئەو بزووتنەوەیە کە پێی دەڵێن "ستروکتورالیسم" یان "ڕێختمان باوەڕی". ئەم بیرەی پەرە پێدا کە هەموو شتێک لە دونیا بریتییە لە پەیوەندی، نیشان و زمان.



## زمان، سەرچاوەی هەموو شتێک

لە چەرخی نۆزدەم، ویلهێلم ڤۆن هۆمبۆڵت(١٤٠) (١٧٦٧-١٨٣٥) فیلسۆف و زماناسی ئەڵمانی هەوڵی دا دەنگەکانی زمانی سانسکریت و زمانەکانی ئەورووپایی دەگەڵ یەک بەراورد بکا. بەئاشکراکردنی نێزیکی زۆر لە ڕێختمانی[١٤١] ئەو دەنگانە، هۆمبۆڵت بەو ئاکامە گەیشت کە چەشنێک خزمایەتی نێوان زمانەکانی هیندی و زمانەکانی ئەورووپایی هەیە. لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین وێدەچێ هێندێک جەماوەری دانیشتووی هیند هێرشیان هێنابێتە سەر ئەورووپا و لەم وشکانییەدا نیشتەجێ بووبن!

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، فێردینان سۆسوور[١٤٢] (١٨٥٧-١٩١٣) دامەزرێنەری زمانناسی نوێ، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاری زمان، هەوڵی دا ڕەوشتی هۆمبۆڵت بخاتە کایەوە. بەلێکدانەوەی دەنگەکانی زمان، سۆسوور بۆی دەرکەوت کە زمان ڕێختمانێکە کە لە "نیشانە"[١٤٣] دروست کراوە. لەو ڕێختمانە، هەر نیشانەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە و مانا بریتییە لە ڕێکخستنی نیشانەکان (هەر جارێ بەشێوەیەکی جیاواز). لە سەردەمی ئێمەدا، کلۆد لێڤی - ستروس[١٤٤] (ڕەگەزناس)[١٤٥]، ژاک لاکان[١٤٦] (پسیکانالیست یان دەروون توێژ ١٩٠١-١٩٨١) و میشێل فووکۆ[١٤٧] (فیلسۆف ١٩٢٦-١٩٨٤) هەوڵیان دا بەدەستپێکردن لە پەیوەندی ڕواڵەتەکان و کۆبوونەوەی نیشانەکان لە هەر کامە لەو ڕشتە زانستییانە بزانن، ئایا بەلەبەرچاو گرتنی ئوستوورە، ناخی نا وشیار یان زانست وەک زمان دەتوانن هێندێک کێشە چارەسەر کەن. ئەو ڕەوشتە ئاکامی زۆر بەکەڵک و چاوەڕوان نەکراوی بەدواوە بووە.

**مرۆڤ عادەتی بەوە گرتووە نێوان دوو مەودای واقیعییەت و خەیاڵ جیاوازی بخا یان قایل بەچەشنێک پەیوەندی دوو لایەنە نێوان ئەوان بێ. ئەورۆکە، یەکەمین داوەری (نرخاندنی) ستروکتورالیسم بریتی بوو لە دۆزینەوە و دیتنەوەی سێیەمین مەودا: مەودای ڕەمز و نیشانە. کەوابوو یەکەمین تایبەتی**

**ستروکتوراليسم (ساختگەری) تێکەڵ نەکردنی مەودای ڕەمز دەگەڵ دوو مەودای خەیاڵ و واقیعییەت بوو. هەڵبەت هەموو شتێک لە زمانەوانییەوە (یان زماناسی)[١٤٨] دەستی پێ کرد: لەودیوی وشەکان و دەنگەکان، لەو دیوی وێناکان و مەفهوومی چەسپاو بەوشەکاندا، زماناس شتێک دەدۆزێتەوە کە سروشتێکی جیاوازی هەیە. لەودیوی مێژووی ئینسان و بیر و بڕواکانی، میشێل فووکۆ بوارێکی زۆر قووڵ و ژێرخانی دەبینێتەوە کە لێکۆڵینەوەی بەوتەی خودی میشێل فووکۆ بەزانستێکی نوێ بەناوی "کۆنینەناسی بیرکردنەوە" دەسپێرێ (ژیل دۆلۆز[١٤٩] – ستروکتوراليسم بەچی دەناسرێتەوە؟[١٥٠]).**

## نیشانەکانی جیهان

بەم جۆرە، لێڤی – سترۆس دەریخست کە لە هەر کۆمەڵگایەک چەشنێک تەکووزی ئوستوورەیی هەیە کە دەگەڵ نیزامی خزمایەتی "نێردیوانی" ئەو کۆمەڵگایە متوربە کراوە. ژاک لاکان نیشانی دا کە لە ناخی نا وشیاردا جۆرێک نەزم بەرچاو دەکەوێ کە لە ڕێختمانی زمان دەچێ. بۆیە، دەروون توێژ دەتوانێ بەلێکدانەوەی ڕستەکانی دروستکراوی زمان هۆی وڕینەکانی ئینسان بدۆزێتەوە. میشێل فووکۆی فیلسۆفیش هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە زانستی ڕۆژاوایی دوای سەدەی شازدەم، بەرهەمی بەکارهێنانی جۆرێک زمانە کە وشە دەخاتە سەر شت یان شت بەوشە دەچەسپێنێ.

دەتوانین بزووتنەوەی ستروکتوراليسم یا ڕێختمان باوەڕی لەم ڕستەیەدا کورت کەینەوە:

ئەوە ئێمە نین کە دەبێژین، بەڵکو وەقسەمان دەخەن! مەیل و ئارەزووەکانمان بەجێی ئێمە قسە دەکەن. زنجیرەی پەیوەندییەکان لە نێو ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، لەباتی ئێمە قسە دەکەن. ئەو زانست و نموونانەی نیشانەی کردەوەکانی ئێمەن بەجێی ئێمە قسە دەکەن. بۆیە، ڕۆلان بارت[١٥١] (١٩١٥–١٩٨٠) ڕەخنەگری ئەدەبی مەزن دەڵێ: جیهان وەک دەزگایەکی زەلام کە بەرهەمهێنەری



نیشانەیە، دەبێ چاولێکرێ. لەبەر ئەوە، مرۆڤ دەبێ لێکدانەوەی ئەو نیشانانە بەزانستێکی نوێ بەنێوی "نیشانەناسی"[١٥٢] بسپێرێ، چونکو هەر شتێک نیشانەیەکە و هەر شتێک مانایەکی هەیە، بگرە پووچی و بێ مانایی کە نیشاندەری هێندێک قەیرانی کۆمەڵایەتی، زمانی و فکرین.

بەوتەی ژیل دۆلۆز (١٩٢٥ – ١٩٩٥)، ستروکتوراليسم ڕەوتێکی زۆر چالاکانەی هەیە و بەتەواوی نوێنەری مۆدێرنیتەیە. هەر لە ئەوەڵ ڕۆژی خویابوونی، ئەو ڕێبازە بەدەرخستنی شێوازی جۆراوجۆری شیکردنەوە کە تا ئەو کاتە نەناسرابوون، هاندەرێکی بێ وێنە بوو بۆ ڕابواردنی ئەندێشەکان. ئەو ڕێبازە هەروەها سەلماندی کە نیشانەکانیش خاوەنی ژیانێکی دەوڵەمەند و بەشکۆن، هەڵبەت بەو مەرجەی تاقە مانایەکیان بەسەردا نەسەپێ یان مافی شیکردنەوەی شتەکانیان لێ نەستێندرێ!

**بەلەبەرچاو گرتنی هێندێک بابەت وەک ئوستوورە، ناخی نا وشیار و، زانست وەک چەشنێک ئامێری زمان کە دەگەڵ هێندێک ئامێری کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی دان، ستروکتوراليسم ڕووناکایی تازەی خستە سەر ئەو سێ چەمکە.**

## هایدگێر و فەرامۆشی "بوون"

بەوتەی هایدگێر، بۆچوونی سوودخوازانە[١٥٣] لەمەڕ جیهان، ئازادی واقیعییەت، ڕامان، ئاخافتن و ئازادی ژیانی ڕاستەقینەی لە بیر ئێمە بردۆتەوە.

### واتەی بوون

هووسێرل (١٨٥٩ – ١٩٣٨) چەمکی "ئامادەیی" کردە بابەتی بنەڕەتی فەلسەفەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی دژایەتی نێوان جیهانی دەرەکی و جیهانی دەروونی مرۆڤ کە لە ڕاستیدا چەشنێک بەرهەڵستکاری نێوان زانست و ئینسانە. پاش هووسێرل، هایدگێر دەستی کرد بەتۆژینەوەی ئەو بابەتە بۆ ئەوەی بەوردی لێی بکۆڵێتەوە. "ئامادەیی" تەنیا بەمانای بوونی ئینسان دەگەڵ خۆی، جیهان یا ئینسانەکانی دیکە نییە. ژیان بۆ خۆی جۆرێک ئامادەیی (یان

حوزوور)ە. ژیان حوزووره لە وجوودی خۆ لە هەموو ساتێکدا و خۆی بۆ تەرخان کردنە. ئەمە لە ڕاستیدا مانای ڕاستەقینەی "بوونە".

بوون واقیعییەتی ئەو شتە دەردەبڕێ کە وجوودی هەیە. هەروەها بوون نیشانەی ئەو هزرەیە کە بەئاشکراکردنی ماکی شتەکان پێناسە دەدا بەهەر شتێک. بوون هەروەها یانی دەرهێنانی (بەئەنجام گەیاندنی) واقیعییەت و بیر. ئەم دەرهێنانە بەچەشنێک خۆبەستن بەجیهان و بەبیر خۆی دەنوێنێ. ئەو بەئەنجام گەیشتنە ڕەوتێکی شاعیرانەیە کە دەخوازێ بۆ خۆبەستن بەواقیعییەت دەبێ هەستیار بێ، بۆ ڕامان دەبێ زیندوو و وشیار بێ، دەبێ لە ناخی جیهانی واقیعییەت و فکر بەتەواوی نیشتەجێ بێ، یانی هەموو لایەنەکانی "بوون" بەم جۆرە بخەیە کایەوە.

هۆی دەرکەوتنی فەلسەفە لە ڕۆژاوا ئەوە بوو کە هێندێک کەس ڕۆژێک هەستیان بەو دۆخە چڕوپڕەی وجوود کرد. ئەوان دەستیان کرد بەبیرکردنەوە چونکو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەستیان بەوە کرد کە دەرگای ژیانیان بۆ کراوەتەوە. ئەو هەستە تێی گەیاندن کە وجوودی ڕاستەقینە تەنیا لەو حاڵەتی بوونەدایە.

**کاتێک وەڕەز دەبین و هەموو شتێک لەبەرچاومان تاریکە، یان کاتێک بەکەیفین و هەموو شتێک لەبەرچاومان لە گەشە و گۆڕیندایە، ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین:**

**"بۆچی بەجێی هیچ، شتێک هەیە. پێم وایە ئەمە پرسیارێکی فەلسەفی زۆر بنەڕەتی و ژیرانەیە چونکو دەبێتە هۆی ئەوە لەسەر مانای گشتی وجوود بیر کەینەوە. جارێک نیچە گوتی: "فیلسۆف ئینسانێکە کە هەمیشە لە حاڵی ژین، دیتن، شککردن، هیوادار بوون و خەیاڵ کردنی شتی سەیر و بێ وێنەدایە". جارێکی دیکەش گوتی: "فەلسەفە یانی ژیانی سەربەست و خۆویست لە نێو بەستەڵەک یان لەسەر کێوێ!" (مارتین هایێگێر – پێشەکی لەسەر میتافیزیک(١٥٤)).**



## کارەساتی بیری تێکنیکی

بەپەیدابوونی بیری سوودخوازانە کە هەوڵی دەدا لە هەموو شتێک بەقازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ، ئاسۆی پەیوەندییێکی ڕاستەقینە دەگەڵ ژیان بەرەو تاریکبوون ڕۆیشت. تێکنیک بەو مانایەی هایدگێر دەیداتێ، هیچ لایەکی بەماشێنەوە نییە (ماشێن وەک ئامێر) بەڵکو بەتایبەت بریتییە لە چەشنێک بیر و بۆچوونی قازانج پەرستانە. ئەم بۆچوونە بڕوای بەژیان (بۆ ژیان) نییە و بەدەست هەڵگرتن لە مانای ڕاستەقینەی ژیان، هەموو شتێک دەخاتە نێو هێندێک قالب و چکۆلەیان دەکاتەوە. ئەم ڕێبازە بەجێی بیرکردنەوە، بەبۆچوونی ڕووناکبیرانە و "مێشکی"، هەموو شت و ڕووداوی عالەم دەخاتە نێو قالبی فکری دابڕاو لە واقیعییەت (تەجریدی). بە بەیەک زانینی تەجرەبەی ژیان و مەشخەڵەکانی ئاسایشی مادی، ئەو ڕێبازە لە ڕاستیدا بەجێی ئەوەی بەدوای تەجرەبەکردنی ژیانێکی ڕاستەقینە بێ، بۆچوونێکی زۆر بازاڕییانە و سووکی سەبارەت بەژیان هەیە. بەکورتی ئەو بۆچوونە لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدا ژیان بکاتە شتێکی پێکهاتووی مرۆ، تەنیا بەچاوی مێشکی دەڕوانێتە ژیان نەک بەچاوی دڵ و بەم جۆرە ژیان بەش دەکا!

ئەو بۆچوونە ئەوڕۆکە هەموو فەرهەنگی ئێمەی داگرتووە. ئەگەر مرۆڤ دەیەوێ مانای ژیانێکی ڕاستەقینە بدۆزێتەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ "بوون". تەنیا گەڕانەوەیەکی هەستیارانە و شاعیرانە بۆ وجوود دەتوانێ مانای ڕاستەقینەی واقیعییەت، فکر و ژیانمان بۆ دەرخا. شیعر کە لە وشەی یۆنانی "پۆیەسیس"(١٥٥) دێ لە ڕیشەدا بەمانای سازکردنی ئامێرێک بەدەست (کاری دەستی!) و هەروەها بەمانای خوڵقاندن لە ڕێی زمان بوو. تەنیا وشەیەک شاعیرانە بوو کە بەکاری ژیان هاتبا، ئامێرێک کە بۆ خۆی ڕوحێکی بوو. ژیانێک کە وتە و کردەی دژ بەیەک دانەدەنا. ئەم چەشنە ژیانە بۆ خۆی بەرهەمێک و ئاسەوارێک بوو. ئەوڕۆکە مانای ئەو بەرهەمە و ئەو ئاسەوارە لە بیر چۆتەوە. ئینسانی مۆدێرن بێ ئاسەوارە! ئەو لە دونیایەکە هیچ مانایەکی

بۆی نییە چونکو ئامێرەکان ئیدی هیچ دەرنابڕن (نیشان نادەن) و دەربڕینەکان بێ ناوەرۆکن و هەستی هاوکاریکردن دەگەڵ ئینسانەکانی دیکە بۆ خولڵقاندنی ئاسەوارێکی هاوبەش کە مانایەک بەژیانی سەر زەوی بدا، لە مرۆڤدا نەماوە. کاتێک هایدگێر دەڵێ ئێمە "بوون"مان لە بیر چۆتەوە، مەبەستی ئەوەیە.

**بەوتەی هایدگێر، گەڕان بەدوای قازانج لە نێو هەموو شتێکدا بۆتە هۆی ئەوە کە بەجێی ئەوەی بچینە جەرگەی ژیانەوە بەقەراغیدا تێپەڕین. لە ژیانی ڕاستەقینەدا، ئامێرەکان خاوەنی هەست و ڕوحن، وشەکان پڕ مانان و ئینسان هەست بەوە دەکا کە ژیانی بەرهەمێک و ئاسەوارێکە.**

## لێڤیناس[١٥٦] و مانای " دیمەن"[١٥٧]

بەبڕوای لێڤیناس، بۆ ئینسانی کردنی وجوود، مرۆڤ دەبێ لە ئاست هاوتاکانی خۆی کەمتەرخەم و بێ تەفاوەت نەبێ. ئەو هەڵوێستە دیمەنێکی تایبەتی دەداتە ئینسان، دیمەنێک کە مرۆڤایەتی ڕاستەقینە نیشان دەدا.

## ئاستی توندی کەمتەرخەمی[١٥٨]

بیرکردنەوە لە قەیرانی فەرهەنگ لە چەرخی بیستەم، هووسێرل و هایدگێری هان دا لەسەر دوو چەمکی "ئامادەیی (حوزوور)" و "بوون" بکۆڵنەوە. ئێمانۆیل لێڤیناس (١٩٠٦-١٩٩٥) دەڵێ: دەبێ لەو دوو قۆناغەش دوورتر بڕۆین، چونکو بزربوونەوەی فەرهەنگ لەو دوو چەمکە، کێشەیەک دەخاتە بەرچاو کە لە ڕاستیدا دەگەڵ کێشەیەکی زۆر قووڵتر بەناوی "بێ تەفاوەتی" یا "کەمتەرخەمی" لە پەیوەندیدایە. کەمتەرخەمبوون یانی بەرێی خۆتدا بڕۆی و نەزانی لە دەوروبەرت چ باسە یان خەمی خەڵکی ترت نەبێ! ئەو ڕەفتارە بەتایبەتی لە لای مرۆڤی خۆپەرست بەرچاو دەکەوێ کە تەنیا هەر لە فکری خۆیاندان. هەروەها لە هێندێک بواری زانست و تێکنیک (فەن) کە بەچاوی عەقڵ دەڕواننە هەموو شتێک و بەنێوی عەقڵ هیچ گرینگێک بە"هەست" و "ئیحساس" نادەن، ئەم کەمتەرخەمییە دەبیندرێ. بۆیە لە هەڵەداین ئەگەر بڕوا



بکەین خۆویستی و زانست دەتوانێ ئەم قەیرانەی فەرهەنگی هاوچەرخ چارەسەر بکا. بەبڕوای لێڤیناس، سەرچاوەی ئەو کێشەیە لە جێیەکی کە دایە: دەبێ ئینسان لە حاڵەتی کەمتەرخەمی بێتە دەرێ. چۆن؟ بەگەڕانەوە بۆ مانای ڕاستەقینەی ئینسان بوون.

## مرۆڤایەتی " دیمەن" [١٥٩]:

بەوتەی لێڤیناس، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیان و لە جەرگەی ئەودا مرۆڤ توانیان خۆیان دەرخەن، بەهۆی ئەوە بوو کە شتێک یان سۆنگەیەک توانی "کەمتەرخەمی (بێ تەفاوەتی)" نەبوون (عەدەم)، مادە و ژیانی بیولۆژیک، کۆمەڵایەتی و دەروونی بشکێنێ بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بەپڕایی بێتە دی. ئەو شتەیان سۆنگەیە نێوی خودایە.

خودا لە فەلسەفەدا مانایەکی تەواو شۆڕشگێڕانە بەخۆیەوە دەگرێ چون ئەگەر ئەو شتەمان قبووڵ بێ کە "هۆ"یەکی دژ بەکەمتەرخەمی بناغەی هەموو شتێک پێک دێنێ، ماناکەی ئەوە دەبێ کە هۆ (پێکهێنەر)یەکی ئەخلاقی و، دینی بەردی بناغەی جیهانی واقیعییەتە. لە ڕاستیدا، ئەخلاق و دین دوو سۆنگەن دژی کەمتەرخەمی، یەکیان لە ئاست مرۆڤ، ئەوی دیکە لە ئاست یەزدان.

**نەشیانی کوشتن تەنیا گوزارەیەکی سەلبی و ڕواڵەتی نییە. پەیوەندی دەگەڵ وجوودێکی بێ سنوور یا بیری ئەو بێ سنوورییە لە ئێمەدا ئەو نەشیانە بەشێوەیەکی ئیجابی لە دەروونمان بەهێز دەکا. بێ سنووری لە چوارچێوەی دیمەن، بریتییە لە خۆڕاگرێکی ئەخلاقی کە دەتوانێ دەستەڵاتی من پەک خا لە بەرامبەر قووڵایی نیگایەک کە بێ گوناحە، هەژارە و ڕووتە! تێگەیشتن لەو هەژارییە و لەو برسێتییە دەبێتە هۆی نێزیکبوونەوە لە "بێگانە" (خەڵکی دیکە، ئەویدی). (لێڤیناس - گشت و بێ سنوور[١٦٠]).**

کەوابوو، ئینسان داهێنەری ئەخلاق و دین نییە بەڵکو دین و ئەخلاقن کە ئینسان دەخولڵقێنن. ئایا تەجرەبەی ژیان ئەو شتەمان بۆ ناسەلمێنێ؟ ئایا هەموو جارێ کە لە کەمتەرخەمی لە ئاست چارەنووسی خۆمان دێینە دەرێ، تراوی

ئینسانییەت لە دەروونمان هەڵناقوڵێ؟ ئایا هەستی ئاواڵەبوون بۆ ڕەمز و ڕازەکانی جیهان نەبۆتە هۆی خولڨاندنی گرینگترین بەرهەمەکان و خۆیابوونی هەستی "ئیلتیزام" لە ئینساندا؟

"کەمتەرخەم نەبوون" حاڵەتێکە کە دەبێتە هۆی ئەوە دونیای بزر و بێ شکڵ دیمەنێک بەخۆ بگرێ. هەڵبەت لێرەدا دەبێ بڵێین دیمەن بەمانای "دەموچاو" نییە، دیمەن بریتییە لە هەڵوێستێکی فکری کە ئامانجی سەرنج دانە بەهەر شتێک کە زیندوو و ئینسانییە. لە "پەرتووکی پیرۆز[١٦١] (سەرجەمی تەورات و چوار ئینجیلەکە)"، خوێنەران دەبێ بەتایبەتی "یاسا"[١٦٢] کە پاژی بنەڕەتی کتێبەکەیە بخوێننەوە. یاسا و دیمەن هەردووکیان یەک مانا دەردەبڕن. خوێندنەوەی یاسا یانی گرتنی ئەو هەڵوێستە (دیمەن) و گرتنی ئەو هەڵوێستە (کەمتەرخەم نەبوون) یانی شیکردنەوەی ئەو یاسایە.

لە سەدەی بیستەمدا، جیهان دیمەنی خۆی لە دەست دا چونکو هێندێک ڕێبازی کوێرانە لە ئاست هەر شتێک دەگەڵیان ناسازگار بایە، ڕەفتارێکی کەمتەرخەمانەیان گرتە بەر. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە "کەمتەرخەم نەبوون" کە بریتییە لە دانی سەرنجێکی بەتین بەژیان، دەبێتە هۆی ئەوە کە جیهانی ئێمە جیهانێکی ئینسانی بمێنێتەوە.

**بەبڕوای لێڤیناس، دیمەن ڕواڵەتێکە کە ژیان دەیگرێ لە ڕێی سەرنج دان بەو شتە یا بەو کەسەی ڕووبەڕووتە!.**

## دونیای جوانی ئێمە:

دونیای نوێ سەرەڕای هەموو دژوارییەکانی، دونیایەکی دەوڵەمەند و پڕ هیوایە. دەبێ بەردەوام هەڵوێستێکی وشیارانە و ڕەخنەگرانەمان بێ لە ئاست جیهان، بەڵام لە هەمان کاتدا، نابێ بەڕەشبینییەوە بڕوانینە داهاتووی دونیا!

## دوو هەڵوێستی چەوت و ناڕاست:

دوو هەڵوێستی ناڕاست لە ئاست مۆدێرنیتە هەیە. هەڵوێستی یەکەم،



مۆدێرنیتە بەشتێکی نەگریس و شەیتانی دەزانێ. هەڵوێستی دووەم، بەهەڵگوتن بەباڵای مۆدێرنیتە تایبەتمەندییەکی پیرۆزی دەداتێ. هەڵوێستی یەکەم، هەڵوێستی ئەو کەسانەیە کە لە ئاست شەڕ و کێشەکانی ئەوڕۆ دڵتەنگی ڕابردوون و بیری دەکەن! بەڵام لە بیریان چۆتەوە کە هەموو شتێکی تازە لە چەشنێک شێواوی و تێکەڵ و پێکەڵی پێک دێ و دوێنێکەش، کێشە و هەرای وای بووە! ئەوانەی بەباڵای مۆدێرنیتە هەڵ دەڵێن ئەوانەن کە لە ئاست پێشکەوتنەکانی ئەوڕۆکە، بۆچوونێکی زۆر خۆشبینانەیان هەیە بەڵام لە بیریان چۆتەوە کە لە ڕابردووشدا، شتی زۆر گرینگ و پێشکەوتوو هەبوون و بێ وان، مرۆڤ قەت نەیدەتوانی بەپێشکەوتی ئەوڕۆکە بگات!

**هەر شتێک لە جیهاندا، زیاتر لەوەی کە پێمان وایە، باری بوونی ئێستێکەی خۆی دەپارێزێ. ئەم هەوڵە دەگەڵ جەوهەری ئێستێکەی ئەو شتە بێگانە نییە. ڕوح هەم بیری ڕوون و هەم بیری ئاڵۆز و شێواوی هەیە و هەوڵ ئەدا لە بوونی خۆیدا بمێنێتەوە و زۆر چاکیش لەو هەوڵەی خۆی ئاگادارە. ئینسانی سەربەست ئازایانە بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە وەک چۆن بیر لە مەرگ دەکاتەوە. بەڵام، ژیرێتی ئەو لەوەدایە کە ڕامانەکەی بەستەی ژیانە نەک مەرگ. (سپینۆزا - ئێتیک یا زانستی ئەخلاق).**

## بیری نوێخوازانە:

مۆدێرنیتە، ئەو شتە نییە کە زۆر کەس بیری لێ دەکەنەوە. هەموو شتێک بەمۆدێرنیتە دەستی پێ نەکردووە کە دەگەڵ ئەو تەواو بێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوە بەمانای گرتنی هەڵوێستێکی تۆتالیتێرە لە بەراوردکردنی حاڵ لە ئاست ڕابردوو یان ڕابردوو لە ئاست ئێستا. ئەم هەڵوێستە یانی تەسلیم بوون لە بەرامبەر وەسوەسەی ڕاگرتنی ژیان لە ڕێی بەندکردنی کاتی ئێستا لە ڕابردوو یا بەپێچەوانە، بەمەبەستی ڕاگرتنی بیرەوەرییەک یان تاسەیەک لەمەودای زەماندا!

ئینسانی ژیر دەزانێ کە بیری مۆدێرنیتە زۆر پێشتر لە چەمکی مۆدێرنیتە

دەستی پێ کردووە، یانی کاتێک مرۆڤ ویستی ژیانی خۆی بەفکر و ئاوەزەوە بەڕێوە بەرێ. لەو ڕوانگەوە، هەوەڵێن نوێخوازانی دونیا لە ڕاستیدا پێشینیانی ئێمەن کە پاسکال لە بارەیانەوە دەڵێ:

پێشینیان لاوێتی بیری مرۆڤن. بەوتەی ئەو فیلسۆفە، ئێمە جەماوەرێکی کورتەبالاین کە لەسەر قەڵاندۆشی هێندێک زەلام ڕاوەستاوین!

هەروەها، دەرکەوتنی شتی تازە لە جیهانی نوێدا، بەمانای خاتیمەی ڕابردوو نییە. ڕابردوو بەهەزار چەشنی جۆراوجۆر لە نێو ژیانی ئێمەدا خۆی نیشان دەدا. هەروەک بێرگسۆن و پرووست گوتوویانە هەر شتێکی خاوەن گەوهەر بەڕابواردنی ژیانێکی تایبەتی کە دایمە لە کاتی ئێستا خۆیا دەبێ، دەتوانێ لە یاد بمێنێتەوە و درێژە بەبوونی بدا. بۆیە حەق بەپاسکال بوو کاتێک دەیگوت مۆدێرنیتە، هەرەتی پێگەیشتن، بگرە پیری ڕابردووە! پێشینیان ئەوڕۆکە لە نێو ئێمەدا دەژین، نەک دوور لە ئێمە و لە جەغزی ڕابردوودا.

**پێشینیان: ئەو وشەیە ئاماژەیە بۆ فیلسۆفانی کۆن کە دەرگای ژیرێتی (حیکمەت) و عەقڵیان لێ کردینەوە. پێشینیان بەمانای یەکەمین فیلسۆفانی دونیایە نەک لە فیلسۆفانێک کە بیریان کۆن بووە!**

زەمان ئەوە نییە کە بیری لێ دەکەینەوە. نە حاڵ ئینکاری ڕابردووە نە ڕابردوو نکوڵی لە حاڵە! پێشینیانی ئێمە زۆریان گەنجێتی کرد تا بەو ئاستە بەرزەی خۆیان گەیشتن و نوێخوازانیش زۆر پێگەیشتوو بوون تا توانیان مۆدێرن بن! بەو مانایە ئێستا و ڕابردوو زۆر بەستەی یەکترن. بێ ڕابردوو مۆدێرنیتە قەت نەیدەتوانی خۆیا بێ و ڕابردووش، بێ حاڵ کە درێژە پێدەری ژیانە، نەیدەتوانی تا ئێستا بخایەنێ. هەموو شتێک، ڕابردوو و ئێستا، لە پەیوەندی دان چونکو لە مەودای بیرکردنەوە، هیچ شتێک نە تەواو دەبێ نە بەڕاستی سەرەتایەکی هەیە. هەموو شتێک لە ئەزەلەوە دەستی پێ کردووە و دووپات دەبێتەوە چونکو هەموو شتێک هەمیشە بەردەوامە. ئەگەر ژیری پێشینیان ئەوە بوو زانیان چۆن دەست پێ بکەن، ژیری نوێخوازانیش ئەوە بوو کە زانیان چۆن لە نوێ دەست پێ



کەنەوە بۆ ئەوەی پەیامێک هەمیشە زیندوو بمێنێتەوە: درێژە دان بەژیان. پیاوی ژیر کەسێکە مەیلی ژین دەدا بەکەسانی تر چونکو ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهۆی بیرێک یا چاوپێکەوتنێک، هێزێکی بێ وێنەی لە ناو شتەکان و ڕووداوەکانی جیهان دۆزیوەتەوە. بۆیە، ئەو نەک ئەم یا ئەو بەشی کات بەڵکو گشت زەمانی خۆش دەوێ. دەگەڵ ڕابردوو نێوانی خۆشە و ڕێزیش لە حاڵ دەگرێ چونکو زەمانی حاڵ دەوڵەمەند و غەنییە. بۆ ئەو کەسەی دەزانێ لە ئێستا کەڵک وەرگرێ، ئەو کاتە فێنکایی بەری بەیانە!

**مۆدێرنیتە کە لە ڕاستیدا چەشنێک پێگەیشتوویی بیری ئینسانە، بۆی دەرکەوتووە کە هەموو شتێک هەمیشە دووپات دەبێتەوە چونکو ژیان لە ڕێی بیرەوە درێژە بەبوونی دەدا.**

## وشـەدانی فـەلسـەفی:

Alienation

لە خۆ بێگانەبوون، بەهۆی نیزامێکی چەوسێنەری ئابووری – کۆمەڵایەتی، یان بەهۆی کێشەیەکی دەروونی چارەسەر نەکراو کە خۆی بەشکڵی ورێنە یان نێڤروز (ڕەوان پەریشی) دەردەخا.

Conscience

ئاگایی، هێزی دەروونی وریابوون، توانای لێککردنەوەی چاکە و خراپە و بەرپرسیاربوون، توانای میتافیزیکی و نەگۆڕ لە هەر ئینسانێک بۆ دەرخستنی هەستی ئازادیخوازی و سروشتی بێ وێنەی کەسایەتی خۆی.

Contrat social

پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەم زاراوەیە یەکەمین جار لە لایەن فیلسۆف و نووسەری مەزنی فەرەنسا ژان ژاک ڕووسۆ بەکار هێنرا. بەستنی پەیمانێک بۆ دەستدرێژی نەکردنە سەر یەکتر و یارمەتی هاوبەش بۆ بەهێزکردنی دەستەڵاتی فەردی لە ڕێی بەهێزکردنی دەستەڵاتی هەمووان. پەیمانی کۆمەڵایەتی، بەداڕشتنی بناغەی حکوومەتێکی ئازاد، مەرجی سەرەکی دیمۆکراسی مۆدێرنە.

Dialectique

دیالێکتیک لە وشەی "دیالۆگ"ەوە دێ و بریتییە لە گەیشتن بەیەک دەنگی و حەقیقەت لە ڕێی وتووێژ. هەر لەم چوارچێوەدا، بەرەوتی مەنتیقی بیردانی ئینسان دەگوترێ بۆ گۆڕانی بۆچوونی گرێدراو و دژ بەیەک و وەجووڵە خستنیان و سازکردنی فکرێکی یەکگرتوو.

Dogmatisme

لە وشەی "دۆگم"ەوە دێ کە بەمانای حەقیقەتی گومان هەڵنەگری "وەحی"یە



کە ئینسانی خاوەن ئیمان قبووڵی دەکا. هەروەها بریتییە لە چەشنێک ڕەوشتی فکری کە هێندێک گوزارە دەردەبڕێ بێ ئەوەی بەشێوەیەکی عەقڵی بیانسەلمێنێ.

هەروەها بەمانای "جەزمییەت باوەڕی" دێ یانی ڕەفتارێکی دیکتاتۆرانە کە کاتی وتووێژ ئیزنی هیچ ڕەخنەیەک نادا.

Duree

درێژایی کات، وشەیەکە کە بێرگسۆن بەکاری دێنێ. بریتییە لە خیسلەتی خولقێنەری زەمان کە دەبێتە هۆی مانەوەی شت. لە فەلسەفەی بێرگسۆن، درێژایی کات بناغەی یادی خولقێنەرە (حافزەی خەللاق).

Empirisme

لە وشەیەکی یۆنانی بەمانای تەجرەبە و ئەزموونەوە دێ، بریتییە لە دامەزرانی ناسین لەسەر بناغەی ئەزموونی دەروونی و هەست پێکراوی دونیا و نەک لەسەر "ڕامانی دابڕاو لە واقیعییەت (تەجرید، ئینتیزاع)". ئەم ڕێبازە دژی هەر چەشنە بۆچوونی گشتییە.

Epistemologie

زانست ناسی، ڕشتەیەکی فەلسەفییە کە بەلێکۆڵینەوە لە مێژوو و شکڵەکانی جۆراوجۆری زانست، لە چۆنیەتی پێکهاتنی ناسینی زانستی دەدوێ.

Etat

حکومەت، دەوڵەت. دەربڕینی ویستی گشتی لە نێو کۆمەڵگایەک کە دەیەوێ لە ڕێی هێندێک ڕێکخراو یان کەس نوێنەرایەتی بکرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بڕیار بدا و بەرەو پێش بچێ.

Etat de nature

باری مرۆڤایەتی پێش پێکهاتنی دەوڵەت. بارێکی ئەوتۆ دەکرێ ئارام یا بەپێچەوانە دڕندانە بێ.

Etre

بوون. ئەو وشەیە وجوودی هەست پێکراو و هەروەها بیرێک نیشان دەدا کە لە سایەی ئەودا دەتوانین شت لێک کەینەوە، ماکی بناسین و، هەروەها چۆنیەتی گونجانیان لە مێشکمان و لە دونیادا بزانین.

Existence

وجوود، هەستی. لە خۆ هاتنەدەر، لە خۆ تێپەڕین بۆ ڕابواردنی ژیانێکی ڕاستەقینەی دابڕاو لە تەجرید، یان بۆ ژیانێکی بەرزەفڕانەی سەربەخۆ.

Idealisme

ئیدە ئالیسم، بۆچوونێکی فکرییە کە ئیدە دەکاتە بناغەی هەموو شتێک. ئیدە تەجرید نییە، بەڵکو ڕواڵەت یان شکڵی شتەکانە. لە ڕوانگەی ئیدە ئالیسم، ڕامان بەبڕیارێکی شەخسی بۆ بیرکردنەوە دەست پێ دەکا (ئیدە ئالیسمی دەروونی). لقێکی ئەم بۆچوونە دەڵێ ئیدەکان جیهان بەڕێوە دەبەن (ئیدە ئالیسمی موتڵەق یان فەرزین).

Inconscient

ناخی نا وشیار. سەرجەمی مەیلە سەرکوتکراوەکانی مرۆڤ. ئەوڕۆکە، لە ڕێبازی ڕێختمان باوەڕیدا (ساختگەری یان ستروکتورالیسم)، ناخی نا وشیار بەرهەمی قوولایی نییە، بەڵکو بەرهەمی پەیوەندی نێوان ژیانی کۆمەلایەتی و ژیانی دەروونی ئینسانە.



Lumieres

ڕۆشنگەری، بزووتنەوەی فەلسەفی سەدەی هەژدەم کە باوەڕی بەپێشکەوتنی ئینسان و بڕوای بەعەقڵ بوو و بەرامبەر دین و نەریت بۆچوونێکی گومان ڕەشانەی بوو. زانست نامەی (دایرەتولمەعاریف یان ئەنسیکلۆپیدی) "دیدێرۆ"[١٦٣] و "دالامبێر"[١٦٤] ئاسەواری ئەم ڕێبازە فەلسەفییەن.

Metaphysique

زانستێک کە تێدەکۆشێ لە بناغەکانی واقیعییەت بکۆڵێتەوە، ماوەرا تەبیعە، لە بۆچوونی ئەرەستوودا، میتافیزیک زانستیی بوونە. میتافیزیک لە ڕوانگەی وشەناسی فەلسەفیدا بەمانای تێپەڕبوون لە واقیعییەتە. لە بۆچوونێکی کەدا، میتافیزیک بریتییە لە تەجرەبەی عیرفانی وجوود و عالەم.

Monade

یە کان، تاق، مۆناد، جیاوازی. لە بۆچوونی لایبنیتس، مۆناد یانی فەردییەت، تاکە کەسی. لایبنیتس دەڵێ: لە گێتیدا، هەموو شتێک جیاواز و تاکە، بەڵام دەکرێ چەند بۆچوون دەگەڵ یەک ڕێک کەون بێ ئەوەی "کەسایەتی" خۆیان لە دەست بدەن. کەوا بوو، هەر مۆنادێک بۆچوونێکە.

Mystique

عیرفان، لە وشەی "میستێریۆن"[١٦٥] دێ کە لە زمانی یۆنانی بەمانای "بێ دەنگی". عارف کەسێکە لە ڕێی نوێژ، پاڕانەوە و ڕوانینی سروشت، یەزدان بەشێوەیەکی دەروونی و شەخسی تەجرەبە دەکا.

Nihilisme

پووچ باوەڕی، هیچ باوەڕی. ئەم بۆچوونە دەڵێ: هیچ شتێکی موتڵەق وجوودی نییە. نیهیلیسم لە وشەی "نیهیل" دێ کە بەمانای "هیچ"ە.

Obstacle epistemologique

لەمپەری زانستی، کۆسپی ئێپیستێمیک. ئێپیستێمۆلۆژی زانستێکە کە لە زانست دەکۆڵێتەوە یا باشترە بڵێین مێژووی زانستە. لەمپەری زانستی یا ئێپیستێمیک بریتییە لە جۆرێک ڕەفتاری فکری کە دەگەڕێتەوە سەر هێندێک پێش داوەری یا حوکمی نائازموودە. ئەم ڕەفتارە کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی پەرەسەندنی زانست، چونکو هەر زانستێک تەنیا لە ڕێی "مەفهووم سازی" و بیرکردنەوە دەچێتە پێش لە حاڵەتێکدا پێش داوەری کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی ئەو کارە.

Phenomenologie

فینۆمێنۆلۆژی، دیاردەناسی. لە وشەی "فێنۆمێن" دێ کە بەمانای دیاردەیە، هەر شتێک کە خۆی دەردەخا، ئاشکرا دەبێ. دیاردە دەگەڵ تەجرەبەی ژیان، ڕامان و بەگشتی دەگەڵ مانایەک لە پەیوەندیدایە کە ژیانی تەجرەبەکراوی مرۆڤ و بیری ئەو دەربدەبڕێ.

Presence

ئامادەیی، حوزوور. ئەم وشەیە لە دیاردەناسی (هووسێرل و هایدگێر)دا زۆر بنەڕەتییە. نیشاندەری هەر شتێکە کە لە جەرگەی ناسین هەڵکەوێ و خاڵی سەرەکی بێ، چونکو ئامادەیی یانی ژیان بەهەستێکی بەهێز و هەروەها بەمانای حازربوونە لەو نێو ئەو شتەی هەیە.

Rupture epistemique

دابڕانی زانستی، یانی دابڕان و تێپەڕبوون لە کۆسپی ئێپیستێمیک کە پێش ناسینی زانست دەگرێ. ئاشکرابوونی مەفهووم لە ئاست وێنا دابڕانی زانستی دەخولقێنێ.



Scepticisme

شک باوەڕی، شەکاکییەت، فیلسۆفی شک باوەڕ بەپەسەند نەکردنی بۆچوونی گشتی و تەجریدی، پێی وایە حوکمی فەلسەفی دەرنەبڕێ باشترە تا ئەوەی شتێک بڵێ کە لەسەر زانستێکی ناتەواو دامەزرا بێ.

Scolastique

ڕێبازی قوتابخانەیی یا مەدرەسەیی، بزووتنەوەی فەلسەفی سەدەکانی ناوەڕاست کە لەودا زۆرتر وانەکان و ئامۆژگارییەکانی ئەرەستوو و "سەن تۆما داکەن"[١٦٦] دەکوتراوە.

هەروەها بریتییە لە هەر جۆرە ڕەفتاری فەلسەفی بێ سوود کە خۆی لە نێو دەمەقاڵە و باسی بێهوودە دەکا.

Structuralisme

ساختگەری، ستروکتورالیسم، لە وشەی "ستروکتور" بەمانای ڕێختمانەوە دێ کە لە زمانەوانیدا سیستەمێکی پەیوەندی نیشان دەدا. بەگشتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان شتەکان بەچەشنێک کە نە تەنیا مانایەک بەو شتانە ببەخشێ بەڵکو لە هەمان کاتدا مانایەکی چەند لایەنە بخوڵقێنێ.

Visage

ئەم وشەیە لە زمانی فەرەنسادا زۆرتر بەمانای "ڕوخسار" و "تەرح و دیدار"ە. لە فەلسەفەی لێڤیناس، ئەم وشەیە لە بەرامبەر (دژی) "کەمتەرخەمی" و "بێ تەفاوەتی" دادەندرێ. بریتییە لە هەر شتێک ڕوخسار دەدا بەشتی بێ تەرح و شکڵ، بەتایبەتی لە نێو مرۆڤایەتیدا. ئەم بۆچوونەی لێڤیناس بۆچوونێکی ئەخلاقییە بۆ ژیانی مەبەستی ئەو، ژیانێک کە لەودا پەیوەندی و نێزیکبوون لەیەک یارمەتی مرۆڤ دەدا بەسەر دڕندەیی و توندڕەویدا زاڵ بێ.

## پەراوێزەکان

1- Bertrand Vergely
2- Modernitê
3- Style
4- Descartes
5- Scolastique
6- Hegel
7- Esthêtique
8- Mode
9- A la mode
10- Charles Baudelaire
11- Les Fleurs du Mal
12- Paul Valêry
13- Cosmos
14- Renaissance
15- Protestantisme
16- Luther
17- Platon
18- Anaxagore
19- Kant
20- Relativitê
21- Christophe Colomb
22- Essais
23- Montaigne
24- Théologie
25- Pascal
26- Pensées
27- Galilée
28- Jansen
29- Perspective



30- Alberti
31- Trompe -l'œil
32- Anamorphose
33- Automate
34- Cogito
35- Méditations métaphysiques
36- Conscience
37- Scolastique
38- Aristote
39- Conscience
40- Spinoza
41- L'Ethique
42- Le Point Fixe
43- Leibniz
44- Point de vue
45- Monade
46- Baroque
47- Relatif
48- Relation
49- Condition
50- Néant
51- Contradiction
52- Machiavel
53- Florence
54- Le Prince
55- Saint - Augustin
56- La Cité terrestre
57- La Cité céleste
58- Savonarole
59- Thomas de Toquemada
60- Inquisition
61- Efficacité
62- Hobbes
63- Monarchie absolue

64- Léviathan
65- Rousseau
66- Absolu
67- Contrat social
68- Jean Starobinski
69- Lumiéres
70- Newton
71- Le Mal
72- Triangle isocêle
73- Thalés
74- Critique de la Raison Pure
75- Pratique
76- Fondements de la métaphysique des mœurs
77- Fichte
78- Principes de la philosophie du droit
79- Immédiateté
80- Phénoménologie de L'esprit
81- Existence
82- Soupçon
83- Eugénie Grandet
84- Nathalie Sarraute
85- L'Ere du soupçon
86- Schopenhauer
87- Freud
88- Phénoméne
89- Phainestai
90- Nouménes
91- Le monde comme volonté et comme représentation
92- Kierkegaard
93- Passion
94- L'Individu
95- Don Juan
96- Don Juan
97- Marx



98- Nietzsche
99- Adam Smith
100- L'économie politique
101- Les Manuscrits de 1844
102- Libéralisme
103- Paradoxe
104- Ainsi parlait Zarathoustra
105- Amor Fati
106- Le Gai Savoir
107- Moi
108- Vienne
109- Puritain
110- Narcissisme
111- Essais de psychanalyse appliquée
112- Humanisme
113- Hannah Arendt
114- Antoine Artaud
115- Le Théâtre et son double
116- Husserl
117- Connaissance
118- La Crise des Sciences européennes et la phénoménologie transcendantale
119- Présence
120- Wittgenstein
121- Ambiguité
122- Tractatus logico - philosophicus
123- ´Etre
124- Bergson
125- Durée
126- Les deux sources de la morale et de la religion
127- Marcel Proust
128- Intuition
129- Mémoire
130- A la recherche du temps perdu
131- Durée
132- Bachelard
133- Image

134- Le Nouvel Esprit scientifique
135- Epistémologie
136- Lumiére
137- Dépaysé, Dépaysement
138- Einstein
139- Structuralisme
140- Wilhelm von Humboldt
141- Structure
142- Ferdinand Saussure
143- Signe
144- Claude Lévi - Strauss
145- Ethnologue
146- Jacques Lacan
147- Michel Foucault
148- Linguistique
149- Gilles Deleuze
150- A quoi reconnaît - on le structuralisme?
151- Roland Barthes
152- Sémiologie
153- utilitaire
154- Introduction á la Métaphysique
155- poiesis
156- Levinas
157- Visage
158- L'Indifférence
159- Visage
160- Totalité et Infini
161- La Bible
162- La Loi
163- Diderot
164- D'Alambert
165- mysterion
166- Saint Thomas d'Aquin

# ناوەرۆک


فیلسوفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر ..... 5
نوێخوازبوون ..... 6
کێشەی پێناسە ..... 6
هەستێکی ئازایانە لە بیرکردنەوە ..... 6
جوانناسێک بۆ خولقاندن ..... 7
ئاوالەی بزووتنەوە بوون ..... 8
سێ تەوەرەی مۆدێرنیتە ..... 9
سێ ڕووداوی مۆدێرنیتە ..... 9
مرۆڤ ..... 9
عەقڵ ..... 10
ئازادی ..... 10
لە دونیای داخراو تا گێتی بێ سنوور ..... 11
کۆبوونی دونیاکان ..... 13
پێرسپێکتیو لە نەققاشی دا ..... 13
دێکارت و کۆژیتۆ (من بیر دەکەمەوە، کەوابوو هەم) ..... 14
کێشەی گیرسانەوە ..... 14
زەینی وشیار: کۆڵەکەی ژووری ..... 15
یەزدان، کۆڵەکەی دەرێ ..... 16
سپینۆزا و ئێتیک ..... 17
نوختەی گیرسان ..... 17
دژی دەسەڵاتی مرۆڤ ..... 17
لە بێ دەسەڵاتی تا توانایی ..... 19
ئاکارناسی ..... 19
لایبنیتس و مەفهوومی بۆچوون ..... 20
بیرمەندێکی ئاشتیخواز ..... 20





مۆناد ..... 20
لە شێوازی بارۆک هەتا نوێخوازی ..... 21
پاسکال و بارودۆخی مرۆڤ ..... 22
کارەساتی ژیانی مرۆڤ ..... 22
لە نیستی هەتا خودا ..... 24
ماکیاڤێلی و ڕامیاریی نوێ ..... 25
پیاوێکی ناهومێد لە ئەخلاق ..... 25
ڕامیاری جیا لە ئەخلاق ..... 26
لە کاریگەری تا مێژوو ..... 27
هابێز و حکوومەت ..... 27
پارێزەری نیزامی پادشایەتی موتڵەق ..... 28
بارودۆخی سروشت ..... 28
بیری نوێ و کاروباری ڕامیاری ..... 29
ڕووسۆ و پەیمانی کۆمەڵایەتی ..... 30
بۆچوونێکی نوێ لە سروشت ..... 30
لە دەسەڵاتداری میر تا دەسەڵاتداری گەل ..... 31
کانت و شۆڕش ..... 33
ئینسان خودا نییە ..... 33
فەلسەفەیەکی کرداری ..... 35
هیگڵ و هێزی شتەکان ..... 35
وانەی کانت ..... 35
دێوی (ڕاستەوخۆیی) ..... 37
لە وجوود هەتا دڕدۆنگی ..... 38
بیرکردنەوە دوای هیگڵ ..... 38
هەموو شتێک مانایەکی هەیە ..... 39
شۆپێنهاوێر و ویستی ژیان ..... 41

بیرکردنەوە دوای کانت ........ 41
شۆپێنهاوێر، ڕەخنەگری کانت ........ 42
هزرڤانی ناخی نا وشیار ........ 42
کیەر کێگار و هەستی (وجوود) ........ 43
ڕێزگرتنی دووبارە لە وجوود ........ 43
لە دۆن ژوان هەتا مەسیح ........ 45
مارکس و ڕەخنەی سەرمایە ........ 46
لە بارەی گرینگی وریابوون ........ 46
ئەزموونی بارودۆخی چینی کرێکار ........ 47
نیچە و ئەخلاق ........ 49
پارادۆکسی ئەخلاق ........ 49
دوو جۆر ئەخلاق ........ 49
فروێد و "من" ........ 51
حەکیمێک لەسەر باڵینی فەرهەنگ ........ 51
نەخۆشی "من" ........ 52
ڕۆشنگەری لەژێر پرسیار ........ 54
ئامانجی بەرزی ڕۆشنگەری ........ 54
ڕۆشنگەری لە ئاست مێژوودا ........ 55
هووسێرل و قەیرانی زانستە ئەورووپاییەکان ........ 57
هۆیەکانی قەیران ........ 57
مانای ئامادەیی (حوزوور) ........ 58
ویتگنشتاین و "چەند بێژی" وشەکان ........ 59
وشەکان و شتەکان ........ 59
چەند بێژی وشەی "بوون" ........ 60
بێرگسۆن و ماوە (درێژایی کات) ........ 62
فەن و فەزا ........ 62



خولڤاندن و زەمان (کات) ........ 63
باشلار و بیری زانستی نوێ ........ 64
وینا کۆسپێک لەسەر ڕێی زانست ........ 65
بیری نوێی زانستی ........ 67
ستروکتورالیسم ........ 67
زمان، سەرچاوەی هەموو شتێک ........ 68
نیشانەکانی جیهان ........ 69
هایدگێر و فەرامۆشی "بوون" ........ 70
واتەی بوون ........ 70
کارەساتی بیری تێکنیکی ........ 72
لێڤیناس و مانای "دیمەن" ........ 73
ئاستی توندی کەمتەرخەمی ........ 73
مرۆڤایەتی "دیمەن" ........ 74
دونیای جوانی ئێمە ........ 75
دوو هەڵوێستی چەوت و ناڕاست ........ 75
بیری نوێخوازانە ........ 76
وشەدانی فەلسەفی ........ 79
پەراوێزەکان ........ 85